**خەزعەل ماجیدی**

# ئایین و باوەڕەکانی

# پێش مێژوو

**وەرگێڕانی**

**محەمەد سلێمان عەباس**

هەولێر-٢٠٢٣

## پێشەکی

شاعیری فرنسی (سان جۆن بیرس ) لە دیوانی (گالیسکە تەنگەکان)دا، دەڵێ: (هیچ مێژوویەک نییە، جگە لە مێژووی ڕۆح)، ئەمە گوتە یا گوزارشتێکی سەر پێی و بێ مانا نییە یا دارشتن وڕستەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە زێدەگۆیی (شەتەحات)ی سۆفیەکان، کە لە ناخیدا رووناکی و بروسکەیەکی مەعریفی لەخۆگرتووە. لە ڕاستیدا (مێژووی ڕۆح)، بریتییە لە مێژووی عەقڵ، هزر، فەلسەفە و ئاین و هونەر و شیعر، یا هەر وەک (هیگڵ) دەڵێ: دوا قوناغە لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی رۆحی ڕەها، کە لە جەستە و کلێشە، جەدەلیەکەیدا (هونەر، ئاین، فەلسەفە) لەخۆدەگرێت.

من لە سەردەمێکی زوو شەیدای زانین و بەدواداچوونی ڕەوتی هزر و ڕۆحی مرۆڤایەتیم، هەر لە کۆن و سەرەتاوە تاکو دەگاتە چاخی ئێستا، ئەگەر پێشتر شیعر ڕیگایەکی دڵخواز بووبێت بۆ گوزارشتکردن لە (مێژووی ڕۆح)، ئەوا من لە میانی کاروکۆشش کردن لەم رێگایەدا، بە ڕامان و زانین و نووسین و تویژینەوە، وا هەستدەکەم، شارەزایی و توانایی ئەوەم هەیە –بەدەستهێناوە– بۆ نووسینی ئەو مێژووە و ڕیزکردنی قۆناغەکان و شیکردنەوەی تەون و ئاڵۆزییەکانی، لە هەمان کاتدا بابەتەکە بخەمە بەردەست خوێنەری زرنگ و چالاک و توێژەرەکان.

لە وێستگە وقوناغی یەکەمی ئەم پرۆژە گەورەیەدا، ئایینم هەڵبژارد و باسی دەکەم، ئەویش لە بەر چەندین هۆکار، لەوانە، چونکە ئایین ئەو گەنجینە گەورەیەیە، کەوا مێژووی ڕۆحی تێدایە، لەلایەن هەموو خەڵکەوە، تایبەت و گشتیان پەیڕەوکراوە، هەروەها گەنجینەی ئاین، مەزنترین و پڕ بەهاترین گەوهەر و مرواری ڕۆحی مرۆڤایەتی تێکەوتوە و لەخۆدەگرێت، کە نە هونەر، نە شیعر، یا هزر، پێکەوە یان بەجیا ناگەنە ئاستی ئەو .

مێژووی ئایین و باوەڕ و ڕێبازە ڕوحییەکان، کە مرۆڤ پەیڕەوی کردوە، بوار و مەیدانێکی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پەرۆشیەوە ویستم بچمە نێو دارستانە چڕو ئاڵۆزەکەی ئەو

بوواره، هەوڵمدا و کۆششم کرد بۆ دۆزینەوەی بەدواییەکداهاتنی هێڵە نهێنیەکەی ئاین، کە بەشەکانی بە یەکتر دەبەستێتەوە، بێگومان یەکەم هەنگاوی ئەو پڕۆژەیە تایبەتە بە ئایین و باوەڕ و پەرستشی پێش مێژوو، واتە ئەو ماوە و سەردەمەی لە نێوان نیو ملیۆن ساڵ دەست پێدەکات تا سێ هەزارساڵ پێش زایین، وەک دیارە ئەو ماوەیە 99%ی ژیانی هۆشیاری مرۆڤ پێکدێنێت و ئەو پێنج هەزار ساڵەی کە دوای ئەو دێت، ماوەیەکی کەمە، کەچی ئەو ماوە کەمە چڕو پڕە بە بیرو باوەڕەکان، ئەگەرچی ڕەگ و سەرچاوەی باوەڕەکان دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕ و ئاینەکانی پێش میژوو، ئەم کتێبە هەوڵ دەدات ئەو باوەڕانە ڕوونبکاتەوە و بە شێوەیەکی ساکار بیانخاتە ڕوو.

ئەم کتێبە باس لە باوەڕ و ئاینەکانی چاخە بەرئاینەکان بەگشت قوناغەکانیەوە (دێرین، کون، ناوەڕاست، نوێ، کانزایی) دەکات، ئەو کتێبە هەوڵدەدات بەدوای ئەو سەرە داوە بگەڕێت، کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەم ئەرک و کارەش ڕێ هەموار دەکات بۆ تیشک خستنە سەر تۆڕی ڕۆحی و گیانەکی، کەوا هەر لەگەڵ سەرەتای چاخە مێژووەییەکانەوە دەستپێدەکات، کە بە ئاینی سۆمەر و میسریەکان و دواتر ئاینەکانی رۆژهەلاتی  دوور و نزیک، دەستپێدەکات، تا دەگاتە یۆنان و رۆمان و ئاینەکانی دانیشتوە کۆنەکانی ئەمریکا و پاشانیش ئاینە یەکتاپەرستیەکان-هەمەکیەکان(جوولەکە، مەسحیەت، ئیسلام) و ئایین و ئاینە بەراییە هاوچەرخەکان، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ (دواندنی)ی پاشماوە و شوێنەوارە مادی و هونەرییەکانی مرۆڤی پێش مێژوو، بۆ ئەوەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکی ئاینییان بۆ بکەین، کتێبەکە بەگویرەی ئەو مادە و کەرستانەی لەبەردەستدان، زیاتر بایەخ بە شیکردنەوە و ئاکامەکان دەدات.

پاشماوەکان بەردین، بابەتێکی شوێنەواری و شێوەکاری داتاشینن، بەلام لە نووسیندا لاڵە، هەرچەندە پرە لە بارگەیەکی گەورەی گرژی و نائارامی ڕۆحی و ئایینی.

زۆربەی ئەو کتێبانەی لە سەر ئەم بابەتە هەن و نووسراون، دوو ڕێچکەی باو و نەریتی(تقلید)ییان، پەیڕەو کردووە، یان ئەوەیە گوزەرێکی خێرا و سەرپێیی بەو قوناغە ترسناکەی ژیانی مرۆڤدا ڕەتدەبێت، یان لە ڕوانگەیەکی تایبەتمەندی تەسکەوە - بۆ نموونە ڕوانگەیەکی ئەرکۆلۆجی سنوردار – لە بابەتەکە دەڕوانێت و بایەخ و گرنگی بە ڕەهەندە ڕۆحی و ئاینییەکان نادات.

ئەم کتێبە تیشکێکی پانورامی دەخاتە سەر لایەنی ڕۆحی و ئاینی مرۆڤ، هەر لەوکاتەی قیت و ڕێک وەستاوە و لە دارستانەکان هاتوتە دەرەوە تا دەگاتە دۆزینەوەی نووسین، بە ئارامی و ئەسپایی لە نێو جەنگەڵ و تاریکایی ئەو گەردونەدا بە شوێن پێی مرۆڤی کۆن گوزەر دەکەین، ئەگەرچی تیشک یان ڕووناکیەکە لە سەرەتادا، کز و بێهێز بووە، وەک ئەو ئاگرەی بەر لە نێو ملیون ساڵ(کاتێک دۆزیەوە)، بەڵام هەرچەند مرۆڤەکە لە چاخە مێژووییەکان نزیک بوویەوە تیشک و ڕووناکیەکە زیاتر دەگەشایەوە، تا وای لیهات تەواوی زەوی ڕووناککردەوە.

خەزعەل ماجدی

دکتورا لە مێژووی کۆن/کەلەپوری هزری

شوباتی 1997

# دەرووی یەکەم

**(پێشەکیەکی مێژوویی)**

**زەمەن و چاخە جیۆلۆجی و بایۆلۆجی و بەستەڵەک و بەردینەکان**

**بەشی یەکەم:**

## زەمەنی جیۆلۆجی و زەمەنی بایۆلۆجی

زانایان مێژووی زەوی و ژیان دابەشدەکەن بۆ چەند چاخێکی مەزن و هەر زەمەن و چاخێک، دەیان ملیون ساڵ دەخایەنێت، بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە، بەشێوەکی گشتی، زەمەنەکە دەکەینە پێنج چاخ، کە بریتیین لە:

### 1-چاخی پێش کەمبری (زەمەنی ژیانی بەرایی)

پێش چوار بلیۆن و 500 ملیون ساڵ، زەوی پێکهاتبوو لە بەردی تواوە، بە تێپەرینی کات وردە وردە سارد بویەوە و دواتر تویکڵی زەوی و زەریاکان و بەرگە هەوا پێکهات و ئینجا ژیان لەناو ئاو پەیدابوو، خانە بەراییەکانی ژیان لە شێوەی تەنۆچکەی وردی دەڵەمە و جەلاتینی بوو و هەر سێ مەملەکەت و کۆمەڵەی رووەکی و ئاژەڵی و زیندەوەرە ورد و میکروسکوپی لیکەوتەوە، واتە خانە بەراییەکە سەرچاوەی ئەوسێ کۆمەڵەیە.

دواتر جۆرەکانی هەر کۆمەڵێک گەشەیانکردو پەرەیانسەند، ئەمە بوو قەوزەکان و بەکتریا و ڕووەکی دەریایی و کرمۆلە پانەکان و بونەوەرە قەپێلکدارەکان پەیدابوون.

## 2-چاخی پالیۆزیک (زەمەنی ژیانی کۆن) (paleozoic Age):

ئەو چاخ و زەمەنە نزیکەی (300) ملیۆن ساڵی خایاندووە و کەش و هەوایەکی مامناوەندی هەبوو، دەریاکان لە نێوان کیشوەرەکان بوون و قوڵ نەبوون، ئەم چاخە لە رووی جیۆلۆجی و بە گوێرەی پێکهاتەی چیاکان دەکرێتە شەش چاخ و لە ڕووی بایۆلۆجیەوە بەگوێرەی پەیدابوونی بێ بربرەدارەکان و ماسی و وشکئاوییەکان، بۆ سێ چاخ دابەشدەکرێت.

1-چاخی بێ بڕبڕەدارەکان(اللافقاريات):- لەو زەمەندا کە دوو سەردەمی جیۆلۆجی لەخۆدەگرێت، زیندەوەرە بێ بربرەدارەکان و رووەکە بێ گەڵاکان پەیدابوون.

أ-سەردەمی کەمبەری (Cambrian): دیارترین سیما و شەقڵی ئەو سەردەمە، پەیدابوونی بەشە ڕەقەکەی جەستەی ئاژەڵ و بەراییەکان و دەرکەوتنی سەدەف(هێلکە شەیتانوکە) و پلێتەکانن، زەوی قاقرو وشکبوو، تەنیاسەوزاییەکی تەنک، کە بریتی بوو لەو قەوزەویە بە تاوێرەکانی کەنار دەریاوە نوسابوون.

ب-سەردەمی ئوردوفیشی (Oedovician): لەو سەردەمەدا کەش و هەوای زەوی فێنک و مامناوەند بوو و بەشیکی زۆری وشکانی بە ئاو داپۆشرابوو، زیندەوەرە بێ بڕبڕەدارەکان لەناو ئاوە گەرمەکاندا زۆربوون، زیندەوەرە گوێچکە ماسی و سەدەفیەکان و ڕووەکە بێ گەڵاکان دەرکەوتن.

2-چاخی ماسییەکان: لەم چاخەدا هەموو جۆرەکانی ماسی دەرکەوتن، کە پەرەیانسەندبوو بۆ ماسیە بڕبڕەدارەکان و دواتر گەیشتنە کەناردەریاکان و گەشەیانکرد بۆ وشکئاوییەکان .

أ-سەردەمی سیلوری (Silurian): کە تیایدا ماسیە بێ شەویلاکەکان دەرکەوتن، هەروەها زیندەوەری گەشەسەندوی بێ بڕبڕەدارەکان دەرکەوتن

ب-سەردەمی دیڤۆنی (Devonian): لەم سەردەمەدا هەموو جۆرە پلەکانی ماسیەکان پەیدابوون و دەرکەوتن، دواتریش دووپشک و جاڵجالۆکە و زیندەوەرە سەرەتایەکان و ماسییە پەڕدارەکان و وشکئاوییەکان دەرکەوتن، لە گۆم و زۆنگەکانیشدا ڕووەک سەوزبوو.

**3-چاخی وشکاوییەکان**: لەم چاخەدا وشکئاوییەکان لەسەر زەوی پیشکەوتن و فراژووبوون و رووەکە کاژەکان(سنۆبەریەکان) دەرکەوتن، هەروەها چیا و بیابانەکان پەیدابوون، کەشوهەوای ئەم چاخە هەمە جۆربوو.

أ-سەردەمی کاربۆنی (Carbonan): بۆیە بەو ناوە ناونراوە، چونکە بەشێکی زەوی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقیا لەچینێکی ئەستوری ڕەژووی بەردین(کاربۆنی) پیکهاتبوو، وشکئاویەکان لەو سەردەمەدا گەشەیانکرد و چەند جۆرێکیان لێ پەیدابوو، هەروەها ڕووەکی سەرخەسی پەیدابوو و کەش و هەوا مەیلەو گەرمبوو و لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا گەرمتر بوو .

ب-سەردەمی پەرمی(Permian): تیادا چیاکان دەرکەوتن و ئاوە ناوخۆییەکان داکشان و گۆمەکان وشکبوون، رووەکە کاژەکان جێگەی رووەکە سەرخەسیەکانی گرتەوە، وشکئاوییەکان لەگەڵ باردۆخە نوێیەکەدا خۆیان گونجاند و گۆڕان و هەندێکیان بوونە خشۆک و مێیەکانیش وا ڕاهاتن، کە هێلکە لەسەر وشکایی بکەن .

### 3-زەمەنی میزۆری(زەمەنی ژیانی ناوەند)(Meszohc Age):

ئەو زەمەنە بە پلەیەک بە زەمەنی خشۆکەکان دادەنرێت، زەوی لەم زەمەنەدا تا ڕادەیەک بڵندبوو و بەرە بەرە دەریا ناوەکییەکان فراوانبوون، کە ئەمە بووە هۆی ڕوودانی لافاوێکی گەورە، هەروەها کەشکاری و ڕامالێن بەسەر تاوێرە ئاگرینەکاندا هات و کرداری نیشتن و جێگیربوونی ماددەکان لە نزمایی و حەوزە قوڵەکان روویدا، لە ئاکامدا نیشتەنییەکان بەرزبوویەوە. ئەو زەمەنە (130) ملیۆن ساڵی خایاند، ئەو زەمەنە دەکرێتە سێ چاخی جیولۆجی :

أ-چاخی ترياسی (Triassic): چاخی خشۆکەکان بوو، ئینجا دواتر شیردەرەکان دەرکەوتن، لەم چاخەدا ڕووەکە کاژەکان وخنشارییەکان و سەرخەسیەکان هەبوون .

ب-چاخی جۆراسی (Jurassic): کەش و هەوای ئەو چاخە مامناوەند بوو و شیردەرە بەراییەکان زیاتر گەشەیانکردبوو، هەروەها باڵندە بەراییەکان دەرکەوتن، لەم چاخەدا چەندیین جۆرە دیناسۆری وەک: کالاکتیوسۆر و برۆنتمۆسور و شەمشە کوێرەی دیناسۆر(ترۆداکتیل) و باڵندەی دداندار کە بە (ئەکیتورنس)ناوبراوە، دەرکەوتن.

ج-چاخی کریتیاس (Cretaceouse): لەم چاخەدا دارستانەکان و دارە ڕەق و پتەوەکان پەیدا بوون، ڕووەکی گوڵدار پەیدابوو، هەروەها بالادەستی خشۆکەکان بەردەوام بوو و شیردەرە تورەگدارەکان سەروەری و یەکەمین شیردەری راستەقینە (ڕەحمدارەکان) پەیدابوون، لە کۆتایی ئەم چاخەشدا هەندێک جووڵەی توند روویدا و بەهۆیەوە گۆڕانکاری و بەرز و نزمی لەسەر رووی زەوی پەیدابوون و بەدەرکەوتنی ڕووەکە گوڵدارەکان و لەناوچونی رووەکە سەرخەسیەکانیش، خۆراکی دیناسورە گیاخۆرەکان و دواتر دیناسورە گۆشتخۆرەکان، کەمیکرد و ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونیان.

4- زەمەنی سینۆزۆی (زەمەنی ژیانی سێیەم) Cenozoic Age (Tertiary): ئەو زەمەنە بە پلەیەک زەمەنی شیردەرەکانە، هەندیک جۆری نوێی شیردەر دەرکەوتن و شوێنی جۆرە کۆنە بەراییەکان و خشۆکەکانیان گرتەوە، ئەو زەمەنە بەوە دەناسرێت کە پلەی گەرما بە بەردەوامی لە نزمبوونەوەدا بوو و دروستبوونی چیاکان بەردەوامی هەبوو، هەروەها دەشتە سەوزەکان پەیدابوون، لە کۆتایی ئەم زەمەنەشدا ئەو مەیمونانە پەیدابوون، کە لە مرۆڤ دەچوون، ئەو زەمەنە ( 65) ملیون ساڵ بەردەوامبوو، زەمەنەکە دەکرێتە پێنج چاخی جیۆلۆجی:-

أ-چاخی پالیۆسین (Paleocene): تیایدا یەکەمین گیاندارە سەرەکیەکان و یەکەمین گیاندارە قرتێنەرەکان پەیدابوون.

ب-چاخی ئایوسین (Eocene): لەم چاخەدا شیردەرە نوێیەکانی وەک لیمور و تارسیا دەرکەوتن، دواتر شیردەرە سمدارە تاک پەنجەو و جووت پەنجە پەیدابوون، هەروەها شیردەرە گۆشتخۆرەکانیش دەرکەوتن.

ج-چاخی ئۆلیجۆسین (Oligocene): هەندی جۆرو چەشنە شیردەرە نوێیەکان پەیدابوون و شوێنی چەشنە شیردەرە کۆنەکانیان گرتەوە، لە نێوانیاندا ئەو ئاژەڵانەی لە مرۆڤ دەچون، وەک مەیمون و نەسناس.

د- چاخی میوسین (Miocene): لەم چاخەدا مەیمەنەکان گەشەیانسەند و مەیمونی لە مرۆڤ چوو پەیدابوو، وەک (درایۆشیکس).

ه- چاخی پالیوسین (Pliocene): لەم چاخەدا شوێنگەلێ پەیدابوون لە رووی پلەی گەرماوە جیاواز بوون، بارودۆخی گۆی زەوی وایلێهات نزیک بوو لە ڕەوشی ئیستای زەوی، لەبەرئەوی کیشوەری ئەفریقیا بە تەواوی دەرکەوت و ئۆسترالیاش لە ئاسیا جیابۆوە، ئەوە ئەودەمە روویاندا، کە هیشتا گیاندارە باڵاکان سەریانهەڵنەدابوو و دەرنەکەوتبوون ئەوە بووە

هۆکاری ئەوەی، کە گیانداری نامۆ لە ئۆستراليا هەبن،  لە شوێنەکانی دیکەدا نەبن، هەروەها ئەمریکای باشوور و باکوور لە ئەوروپا جیابۆوە، دواتر ئینگلتەرا لە ئەوروپا جیابۆوە.لەو چاخەدا جۆری پێشکەوتوی مرۆڤی لە مەیمون چوو پەیدابوو.

## 5- زەمەنی چوارەم (Quaternary Age)

ئەو زەمەنە، بە پلەیەک زەمەنی مرۆڤە، بەفر بەشێکی فراوانی باکوری گۆی زەوی داپۆشیبوو، وەک بڵێی مرۆڤ بەفرەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، ئەو زەمەنە دەکرێتە چوار چاخی بەستەڵەک، لە نێوان هەرچاخێک و چاخێکی دیکە، ماوەیەک کەش و هەوایەکی مامناوەند هەبووە، ئەو زەمەنە نزیکەی ملیۆنێک ساڵی خەیاندوە و زاناکان بۆ دوو چاخ دابەشی دەکەن.

ا-چاخی پلایستوسین (Plestocene): ئەو چاخە بەشێکی گەورەی ملیۆن ساڵەکەی زەمەنی چوارەمی پێکهێناوە و بەردەوامبووە تاکو هەشتا هەزار ساڵ پ.ز، واتە تا ئەو کاتەی مرۆڤ کشتوکاڵی دۆزیەوە، هەر لەم چاخەدا هەر چوار سەردەمە بەستەڵەک و سەهۆڵبەندانەکە تیایدا ڕوویداوە، هەروەها جۆرە سەرەکیەکانی مرۆڤ،  وەک(مەیموونی، باڵا ڕێک، نیاندەرتال، مرۆڤی ژیر) پەیدابوون، وردە وردە کولتووری مرۆڤی بەرایی لە ئەفریقیا و ئەوروپا دەستیپێکرد و پەیدابوو پاشان گەیشتە رۆژهەلاتی نزیک.

ب-چاخی هۆلۆسین (Holocene): ئەم چاخە لە هەزارەی دوازدەمی پێش زایین دەستپێدەکات، واتە لە چاخی بەردینی ناوەند و نوێدا، مرۆڤ ئاژەڵیماڵیکرد و کشتوکاڵی دۆزیەوە و کانزای بەکارهێنا، مرۆڤی ئەم چاخە، دامەزرێنەری شارستانی و ژیارە ناسراوەکانە.

لێرەدا وای بە پێویست دەزانین، کە ڕەچەڵەکی بایۆلۆژی مرۆڤ تۆمارکەین بەوەی کە سەر بە سەرەکیەکانە ( primates) و سێ خێزان لەخۆ دەگرێت:-

أ-خێزانی مەیمونی بەرایی (Prosimi)

ب-خێزانی مەیمونە باڵاکان (لە مرۆڤ چوو)Simiidae

ج-خێزانی مرۆیی (Homonide): تیایدا مرۆڤ پەرەیسەند و بەچەند قوناغێکدا تێپەڕی.

1-مرۆڤی مەیمونی (ئۆسترالۆبتیکس): ئەو مرۆڤە دەگرێتەوە، کە  پێش (1.5) ملیون ساڵ ژیاوە و گرنگترین جۆرەکانی بریتین لە (مرۆڤی ئەفریقی، مرۆڤی هاوتەریبی مرۆڤ، مرۆڤی کارامە).

2-مرۆڤی باڵا ڕێک (Homo Hrectus): مەبەست لەو مرۆڤەیە کە لە نێوان(700،000-350،000)ساڵ ژیاوە، گرنگترین جۆرەکانیشی بریتیین لە (مرۆڤی جاوە، مرۆڤی پەکین، مرۆڤی هایدلبێرگ).

3-مرۆڤی نیاندەرتال: ئەو جۆرە مرۆڤە دوو گروپن، گرووپی یەکەم لە نێوان هەردوو چاخی بەستەڵەک (رس و فرم)دا، ژیاوە، گرووپی دووەم پێشکەوتوتربوو و نزیکەی (50) هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، جۆرەکانی بریتین لە (مرۆڤی شانەدەر لە عێراق –کوردستان- و ئەوروپا، مرۆڤی ئەفریقی، مرۆڤی فەلەستین).

4- مرۆڤی ژیر (Homo Sapienis): ئەم جۆرە مرۆڤی دواقوناغە لە پرۆسەی پەرەسەندنی مرۆڤدا، ڕەنگە جۆرەکانی زوو پەیدابووبن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە چاخی بەردینی کۆندا سەری هەڵداوە و هەبووە، واتە چل(40.000)ساڵ پ.ز پەیدابووە، کرۆمانیون، گرنگترین جۆرەکانیەتی.

| یولۆجی وبایۆلۆجیەکان | زیندەوەرەکان | یۆلۆجی | ی دەستپێکردنی (بە ملیۆنا | چاخەکە ( بەملیۆنان ساڵ) |
|---|---|---|---|---|
| ژیانی بەرایی | ە بەرایيە میکرۆسکۆبیەکان | ەمبەری | 15 | 9 |
| یەکەم (کۆن) | ربرە دارەکان | | 5 | |
| | | ێیشی | 4 | |
| | ییەکان | ی | 3 | |
| | | | 3 | |
| | وییەکان | ی | 2 | |
| | | | 2 | |
| دووەم (ناوەند) | خشۆکەکان | | 2 | |
| | | ی | 1 | |
| | | ری | 1 | |
| | | | | |
| سێیەم (نوێ) | شیردەرەکان | ن | | |
| | | | | |
| | | ین | | |
| | | ن | | |
| | | ین | | |
| | | | | |
| | | | | |
| چوارەم (ئێستا) | مرۆڤ | سین- هۆلۆسین | | |

خشتەی(1)زەمەنی جیولۆجی و بایولوجی پەیدابوونی زیندەوەرەکان.

**بەشی دووەم**

**چاخەکانی بەستەڵەک و چاخەکانی بەردین**

لە دەستپێکی زەمەنی بایۆلۆجی چوارەمدا، کە مەبەست چاخی بالیۆستۆسینە و تیایدا مرۆڤ پەیدابوو، چوار چاخی بەستەڵەک یا سەهۆڵبەندان ڕوویدا، کە لەنێوان هەرچاخ و چاخێکی دیکە، ماوەیەک کەش و هەوا مامناوەند و مەیلەو

گەرم بوو (واتە سێ سەردەمی گەرما ئەم چوارجار بەستەڵەکەی لەیەک جیاکردۆتەوە)، زانایان ناوی ئەم چوار چاخەیان بەم شێوەیە تۆمارکردووە(کنز، مندل، رس، فرم)، ئەم ناوانە ناوی چوار ڕووباڕن لەناوچەی بایرن لە ئەڵمانیا، کە زانایان تێبینی ئەوەیان کرد، کە درز و قلیشان و تیکشکانیان تیادا بەدی دەکرێت، هاوشێوەی شوێنە بەستەڵەکەکانی ئێستا، بەڵگەن لەسەر زەمەنە دێرینە دوای بەیەکداهاتووەکان.

یەکەم شت کە جێگای سەرنجە، کەشوهەوای گشت زەمەن جیۆلۆجیەکان، تا ڕادەیەک مامناوەند بووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی زەمەنی سێیەمدا پلەی گەرما وردە وردە نزمبۆوە، کەچی لە زەمەنی چوارەمدا، بە دیارکراوی لە سەرەتای پالیۆستۆسیندا بە توندی پلەی گەرما نزمبۆوە و دابەزی، زانایان وا مەزەندە دەکەن، کە پلەی گەرما (5-10)، پلەی سەدی بووە، بۆیە گۆڕانکاری بەسەر کەشوهەوا و ژینگەدا هات، لە ئەنجامدا سەردەمێکی نوی دەستپێیکرد، ئیدی ئەوە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ،، کە بونەوەرێکی نوێ بوو و تازە گەشەیسەندبوو و رووبەرووی تەحەدییکی نوێ ببێتەوە و ئەم تەحەدیانەش بێگومان هۆکارێک بوون بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ کە لە ئاکامدا بۆ قۆناغێکی نوێ گوازرایەوە، زانایان چەندان هۆکار دەخەنەڕوو لەبارەی دابەزینی پلەکانی گەرما لەوانە:

1-ئەو تەقینەوانەی لە سەرخۆر ڕوویاندا، بوونە هۆی بەرزبونەوەی گەرمی خۆر بڕێکی زۆر هەڵم و گاز لە شوێنی تەقینەوەکان کۆببێتەوە، بەوەش بەری خۆر گیرا و تیشکەکەی نەدەگەیشتە سەر زەوی، لە ئاکامدا چاخەکانی سەهۆڵبەندان روویدا.

2- تەوەرەی زەوی لاری تێکەوت و جوولا، لە ئاکامدا تیشکی خۆر بەرامبەر بە خولگەی قرژاڵ نەبوو، راستەوخۆ تیشکەکەی نەدەگەیشتە خولگەکە، بەڵکو تیشکەکە بەر بازنەیەکی خوار خولگەکە دەکەوت، ئەوەش وایکرد کە تیشکی گەرمای هاوین لە ئەوروپا نەتوانێت بەفر و سەهۆڵەکانی کە لە وەرزی زستاندا باریبوون بتوێنێتەوە.

3- زۆربوونی ڕێژەی ڕووەک لەسەر زەوی، کە بڕێکی زۆر دووەم ئۆکسیدی کاربوونی هەڵدەمژی، ئەوەش هۆکاریک بوو بۆ نزمبوونەوەی کەمی گەرمی خۆر.

4-جیابوونەوە هەردوو کیشوەری ئەمریکای باکوور و باشوور، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە ئەو تەوژمە هەوایە گەرمانەی کە لە هێڵی کەمەرەییەوە بەرەو ئەوروپا و ئەمریکای باشوور دەهات، تەوژمەکە پەرت ببێت و نەگاتە ئەوروپا و ئەمریکا باکوور، بۆیە پلەی گەرمی لە ئەوروپا و ئەمریکا باکوور نێزیکەی(5-10) پلەی سەدی نزمبویەوە و دابەزی.

5- پەیدابوونی تۆز و خۆڵێکی گەردوونی بووە بەربەست لە نێوان خۆر و زەویدا و ڕێگربووە لە گەیشتنی بەشێک لە تیشکی خۆر بۆ سەر زەوی و نزمبونەوەی پلەی گەرما.

6- هەندێک هۆکاری جیۆلۆجیش، بوونە هۆی ئەوەی کیشوەری ئەوروپا لە ئاست رووی دەریادا بەرزببێتەوە، لە ئاکامدا پلەی گەرما نزمبویەوە.

7- لە گەردووندا هەندێک شوێنی گەرم و شوێنی سارد دەردەکەوتن، هەموو هەسارەکان لە جوڵەیەکی هەمیشەییدا بوون، جا لەبەر ئەوە کۆمەڵەی خۆر کە زەوی سەر بەو کۆمەڵەیە، دەکەوێتە شوێنی سارد، ئەوا پلەی گەرما بە شێوەکی بەرچاو نزمبۆتەوە.

8- نزیکبوونەوە کلکدارێکی مەزن لە زەوی، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەیەکی مەزنی پلەی گەرما، بۆیە لە ناوەوەی ئەوروپا و باکووری ئەمریکا ئاوە خۆجێییەکان بەهەڵمبوون و بۆماوەیەکی کەم پلەی گەرما لەو ناوچانە بەرزبووتەوە، کاتیک کلکدارەکە لە زەوی دوورکەوتەوە دووبارە پلەی گەرما لەو ناوچانە نزمبویەوە.

ئەگەر ئەو هۆکارانە چ تاکە هۆکاریک یان گشتیان، هەندیکیان یان هەموویان، هۆکاربن لە نزمبوونەوەی پلەی گەرمای باکووری زەوی و ئەوروپا بە تایبەت، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو گەرما و تیشکی خۆرەی لە وەرزی هاویندا بەر ئەوروپا دەکەوێت ناتوانێت ئەو بەفرە بتوێنێتەوە، کە لە زستاندا لە سەر چیاکانی ئەوروپا دەبارێت، بەم شێوەیە بەفری چیاکان

کەڵەکەی کرد و زیادبوو و بەرەو دۆڵەکان کشاوە و بوەتە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی زۆر بە بەفر داپۆشرا، ئەوروپا بە بەراورد لەگەڵ رۆژهەڵاتی نزیکدا بووە، ناوچەی پاڵەپەستۆی بەرز، رۆژهەڵاتی نزیک بووە ناوچەی پاڵەپەستۆی نزم، بۆیە بای سارد (کە شێی لەگەڵدابوو)، لە ناوچەی پاڵەپەستۆی بەرز بەرەو ناوچەی پاڵپەستۆی نزم هەڵیکرد، ئەوەش بووە هۆی باران بارین بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک، پاشان بەکۆتاییهاتنی چاخی بەستەڵەک لە ئەوروپادا، جیاوازی پەستان لە نێوان ئەوروپا و رۆژهەڵاتی نزیکدا، نەما و ڕێژەی باران بارین لە رۆژهەڵاتی نزیکدا کەمیکرد، ئینجا باران بارین بووە وەرزی، هەروەک ئیستا.

پەیوەندی نێوان چاخەکانی سەهۆڵبەندان و چاخەکانی بەردیین لە خشتەی(2)دا بۆمان دەردەکەوێت، کە تیایدا ئاماژە بەوەکراوە، کە سەرەتای یەکەم چاخی سەهۆڵبەندان پێش (600.000)ساڵ بووە، هۆکاری راستەوخۆ بوو بۆ دەستپێکی چاخی بەردینی کۆن، کە بەوە دەناسرێت مرۆڤ داس و تەوری بەردینی دۆزیەوە و بەکارهێنا، کۆتاییهاتنی دوایین چاخی بەستەڵەکی ناسراو بە (فرم)، هۆکاری راستەخۆبوو بۆ دۆزینەوەی کشتوکاڵ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیکدا، کە ئەو دۆزینەوەیە شۆرش وە چەرخانێک بوو لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ لە رووی ئابووری و کەلتوریەوە، هەروەها هۆکارێک بووە بۆ سەرهەڵدانی شارستانی مرۆیی.

| جیولۆجی | ەستەلەک | ەرئایینو سەرەتاکانی (پێش | چەرخی بەرئاین | بەرئای ئامرازەکانی نی | ۆرە مرۆڤانەی ه |
|---|---|---|---|---|---|
| سینی | ستەلەک-کینز ماوەی گەرم | (ئایۆلیت) | | | نی |
| | نابەستەڵەکی بەرایی | | | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ینی ناوەند | بەستەڵەکی مندل | نزم 500 | رنی | ە بەرد | ێک |
| | گەرمایی دووەم | | ی ی | | |
| | بەستەلەکی رس | ناوەند | یری | تیژ | رتاڵ |
| | گەرمایی سییەم | 100 | | | |
| ینی بەرز | بەستەلەکی فرم 1 | | | | |
| | بەستەلەکی فرم 2 بەستەلەکی | بەرز 40 | | ران | ژیر |
| سین | گەرمایی چوار | (ناوەند) | | اری لە ئامرازی ب | |
| | | (نوێ) 8 | | کاڵ | |
| | | یت 5 | | اری | |

خشتەی (2) پەیوەندی چاخەکانی بەستەڵەک بە چاخە بەرینەکانەوە و ئامرازە بەرئاینەکانی بەکارهاتوون و جۆری مرۆڤەکان کە لەو سەردەمەدا باوبوون.

## چاخەکانی پێش مێژوو (چاخەکانی بەردین)

چاخەکانی بەردین بە چاخەکانی پێش مێژوو ناودەبرێت و بە دۆزینەوەی نووسینیش چاخە مێژووییەکان دەستپێدەکات، واتە دۆزینەوەی نووسین جیاکەرەوەیە لە نێوان دوو چاخ، لە

چاخە مێژوویەکاندا شارستانی و ژیاری مرۆیی پەیدابوو، چاخەکانی بەردین بەشی هەرە زۆری ژیانی مرۆڤ لە سەر زەوی پێکدێنێت، مرۆڤ لەم چاخانەدا بەردی وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی، مۆڵگە و ئەشکەوت و گۆڕوگۆرستان و خانوو و گوند و شارەکانی ئەم چاخانە، هەروەها ئامرازی و کەرەستە و وێنە و پەیکەرەکانیش، وەک پاشماوە شوێنەوارەکانی مرۆڤی چاخی بەردین، بەڵگەی بە سوودن بۆ زانینی کەلتوری مرۆڤی کۆن، مرۆڤی چاخەکانی پێش مێژوو.

چاخەکانی بەردین بۆ چەند چاخیک دابەشدەکرێت وەک (دێرین، کۆن، ناوەراست، نوێ، کانزای)، گرنگترین تایبەتییە سەرەکییەکانی ئەم چاخانە، بریتین لە:

### 1-چاخی بەردینی دێرین(ئیولیت) Eolithic:

سەرەتای ئەو چاخە دیار نییە و پەیوەستە بە دەرکەوتنی ئەو مرۆڤەی بە مرۆڤی مەیمون ناوبراوە، کە هیشتا ژیانی بە ئاژەڵ و دارستانەوە بەندبوو، ئەو مرۆڤە هیچ دەستکەوتی نەبووە و سادەبوو، ڕەنگە لە کۆتایی چاخەکەدا توانیبێتی ئامڕاز لە ئێسقان و چەوو بەردەکان (Pebble Tools) دروست بکات و بەکاری بهێنێت، ئامڕازەکان لە زۆر شوێنی جیاجیا لە باکووری ئەفریقا(لیبیا، مەغریب، جەزائیر)دا دۆزرانەوە، ئەو مرۆڤەی ئەو ئامرازانەی بەرکارهێناوە، بە مرۆڤی کارامە (homo hablils)ناوبراوە.

### 2-چاخی بەردینی کۆن(پالیولیت) Palcolithic: (12.000-500.000) ساڵ پ.ز.

هەرچوار چاخی بەستەڵەک و هەرچوارچاخی نیمچەگەرمایی لەم چاخەدا بوون و ڕوویانداوە، ئەم چاخە نزیکەی نیو ملیون ساڵ پێش ئیستا دەستیپێکردووە و سێ جۆری مرۆڤ (باڵاڕێک، نیاندەرتال، ژیر)، لەم چاخەدا دەرکەوتن، زانایان ئەم چاخە بۆ سێ سەردەم (نزم، ناوەند، بەرز) دابەش دەکەن، مرۆڤی ئەم چاخە ئامێر و ئامرازەکانی لە بەرد دروستکردوە و بەکارهێناوە، وەک (داس، کێرد، تەور، نووکەڕم)، پێشکەوتنی مرۆڤ لەم چاخەدا هێدی هێدی بوو، چونکە بە هۆی بوونی بەفر و سەرماوە، زۆربەی کات و ژیانی خۆی لەناو ئەشکەوتەکاندا بەسەر بردووە، هەورەها بچووکی قەبارەی مێشکی و سنووورداری بیرکردنەوەی هۆکارێکی دیکەی پێشنەکەوتنی ئەو مرۆڤە بوو.

### 3-چاخی بەردینی ناوەند(میزۆلیت): (12.000—8.000)پ.ز.

دوای کۆتایهاتنی چاخی بەستەڵەکی فرم لە ئەوروپا و سەردەمی گەرمی چوارەم دەستی پێکردووە، باران بارین لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەو قوناغ و ماوەیەدا وەرزی بوو، هەروەها ئەم چاخە بە چاخی ئامیری ورد(مایکرولیت) Microlithic ناودەبرێت، کە لەم چاخەدا هەبوو و باوبووە، ئەم چاخە، چاخی پێگوزارەیە لە نێوان چاخی بەردینی کۆن و نوێدا. کەلتوری میزۆلیت لە ئەوروپا دەکرێتە دوو بەش، یەکەمیان پاشماوەی کەلتوری و ئامێرەکانی کارە، کە هاوشێوەی کەلتوری پالیۆلیتە، کە ئامێر و دروستکراوی شارستانیەتی(ئەزیلی و تاردینویسیە)، دەگرێتەوە و سەرچاوەی ژیانیان ڕاوکردنی ئاسکی ڕەنە بووە، بەشی دووەمی هاوشێوەی کەلتوری نیۆلیت بووە، کە لەچەند دەسکەوتێکی شارستانیەتی (ماگیلموسی و ئیرتبولی و دەستگیری)، ماونەتەوە، وەک تەوری دەستی و نێزە و سەدەف.

کەچی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، ئەم چاخە بە چەند ناوێکی دیکە ناوبراوە، وەک کەباری و نتوفی لە فەلەستین، زەرزی لە عێراق – پاشماوەی ئەشکەوتی زەرزی لە کوردستان – ، دیارترین تایبەتمەندی ئەو چاخە بریتیە لەماڵیکردنی ئاژەڵ.

## 4- چاخی بەردینی نوێ(نیۆلیت)Neolithic 8000- 5000 پ. ز.

لەم چاخەدا مرۆڤ کشتوکاڵی دۆزیەوە و بەخێوکردنی ئاژەڵ شێوەی فراوانی وەرگرتووە و گوندی کشتوکاڵی پەیدابوو، گڵێنەسازی گەشەیکرد لەگەڵ دروستکردنی پارچە داتاشراوی تیژکراو، ئەم چاخە(3000)ساڵی خەیاندووە، ئاگەر چاخی پالیۆلیت سیمایەکی ئەوروپای پێوە دیاربێت و چاخی میزولیت سیمایەکی سوریایی هەبێت، ئەوا چاخی نیولیت شەقڵی میزۆپۆتامیای پێوە دیارە، بە دوایەکهاتنی کەلتورەکان لەم ناوچەیەدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو وڕێک و پێک، گەواهی و بەڵگەن لەسەر ئەوشتە.

| ە نیولیتەکە | خایاندن | ەکەی بە نزیکراوەیی |
|---|---|---|
| پێش گۆزەگەری | | 6200 پ.ز – |
| چەرموو | | 6000 پ.ز – |
| سەوان | | 5800 پ.ز – |
| حەسسونە | | 5100 پ.ز – |
| سامەڕا | | 4900 پ.ز – |

خشتەی (3) کەلتورەکانی نیولیت

## 5-چاخی بەردینی کانزای (کالکولیت= calcolithic) 3.000—5.000 پ.ز.

ئەو چاخەیە، کە مرۆڤ تیایدا کانزای دۆزیەوە و بۆ پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەکاریهێناوە، هەروەها هەر لەم چاخەدا شار و پەرستگاکان سەریانهەڵداو پەیدابوون، ئەو چاخەی نزیکەی(2000)ساڵی خایاند، ئەم چاخە بەوە جیادەکرێتەوە و دەناسرێتەوە، کە لە ڕووی پەیدابوون و گەشەکردنەوە زیاتر پەیوەستە بە باشووری میزۆپوتامیا، پەیوەستبوون و بەدوایەکهاتنی کەلتوورەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو، بەڵگەی ئەو شتەن.

| ەکانی کالکولیتی | خایاندن | ەکەی بە نزیکراوەیی |
| --- | --- | --- |
| حەلەف | | -4300 پ.ز |
| ئەریدۆ | | -4000 پ.ز |
| عووبێد | | -3500 پ.ز |
| ئۆرۆکی یەکەم | | -3100 پ.ز |

خشتەی (4) کەلتورەکانی کالکولیت

## 6-چاخی نیمچە مێژوویی (نوسینی وێنەیی)-پروتولتریت(3100—2900) پ.ز.

ئەو چاخە جیاکەرەوەیە، لە نێوان چاخەکانی پێش مێژوو و چاخە مێژووییەکاندا، لەم چاخەدا ژیار و شارستانیە دیارەکانی وەک: سۆمەری و میسری پەیدابوون، سۆمەریەکان کە لە باشووری عێراقدا ژیاون، نووسینی وێنەییان دۆزیەوە و بەکاریانهێنا، ئەم چاخە دەکرێتە دوو سەردەم (سەردەمی ئۆرۆک دوو، جمدەت نەسر).

سەرچاوە و پەراوێزەکانی دەرووی یەکەم

سەرچاوە عەرەبیەکان:

1-الدباغ، د.تقى: تطور بنيات البشريات، مجلة بين النهرين، سنة العاشرة العددان37-38 ، 1983

2-الدباغ، د.تقى والجادر، د. وليد: عصور قبل التاريخ، مطبعة جامعة بغداد 1983

3-جواد، د.عبدالجليل: متى و كيف ظهرالانسان العاقل؟ سومر مجلد 28، (1972)صص 33-35

4-الجوهرى،د. يسرى عبدالرزاق: الانسان و سلالته، منشاة المعارف بالاسكندرية 1974

5-شوشار، بل: دماغ الانسان، ترجمة خليل سابق، سلسلة ماذا اعرف، منشورات العربية، بيروت.

6-ليرمان، روبرت ل: الطريق الطويل الى الانسان، ترجمة د. ثابت جرجيس قصبجى، الموسسه الوطنيه للطباعة و النشر، بيروت و مؤسسه فرانكلين للطباعه و النشر، نيويورک، 1963.

سەرچاوە بیانیەکان:

E.hobcl: Man in the primive world New york 1958،1-Adamsin

Nyw york 1974،A: physical Anthropology،2-Kelso

3-Oakley.k: Fire as a Paleolithic tool and weapan proceeding of the p.36-48،No. 21.1955،prehisioric society

1971،jahn E:The Emetgence of man. New yoek،4-Pfeifft

An Introduction to Mans place in ، E:peimate Evolution،5−Simans
1972،Natre. New york

1968.،s; Introduction to Geology New jersey، W and Judson،6−Stokes

**دەرووی دووەم**

## ئاینی پالیولیت (ئایینی قۆناغی ڕاوشکاری)

جیابوونەوە و دەرچوونی مرۆڤ لە تەمتومانی کۆمەڵەی ئاژەڵان و ڕێکردن بەرەو کۆمەڵەی مرۆڤ، پرسێکە بە چەندان نهێنی بایۆلۆجی و ئیکۆلۆجی(ژینگە)یی دەوردراوە، واتە ئەو پرسە بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵکو تا ئێستەش ئاڵۆز و پەنهان و نادیارە، ناتوانین قسە و بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لە بارەیەوە بدەین.

دەشێ بڵێین، ئەفریقیا یەکەم لانکە بووە، کە مرۆڤ تیایدا گەشەیکرد و پەرەیسەند، لە مرۆڤی کورتەباڵاوە بۆ مرۆڤی ئاسایی، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا کورتەباڵا (پلیسی ئەنترۆپۆس= Plesinth ropus) بۆ مرۆڤی(پارائەنتروپوس = Parathropus )، دواتر بەرەو ئاسیا و ئەوروپا کۆچیان کرد، لە ئەوروپادا دەستکەوتنی مادی و ڕۆحی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن، بەردەستن و ماونەتەوە، ئەگەرچی دەستکەوتەکان گرنگ بوو، بەڵام پێشکەوتوو نەبوو- پێشکەوتنەکە سست و هێدی بوو- کەچی تێبینی ئەوەکراوە، لە چاخی بەردینی ناوەڕاست(میزۆلیت)دا، پاشماوەی کەلتوری لە ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک گواسترایەوە، ئەوە بوو کەلتوری میزۆلیتی لە ناوچەی میزۆپۆتامیا و باکووری سوریادا، دەرکەوت دواتر ئەو پاشماوەی کەلتوریە لە چاخی بەردینی نوێ(نیولیت)دا، فراوانبوو و زیاتر گەشەیکرد و پێشکەوت، باکووری میزۆپۆتامیا – کوردستان – ناوەند و بنکەی کەلتوورەکە بوو، دواتر فراونبوونەکە لە شێوەی کەوانەدا (لە ئیرانەوە تاکو میسر)بوو، پاشان پاشماوەی کەلتووری کالکولیتی لە باشووری میزوبۆتامیادا پەیدابوو، ئەم کەلتورەش وەک کەلتووری پێشتر، فراوانبونەکەی شێوەی کەوانەیی (لە ئیرانەوە بۆ میسر)بوو.

بێگومان ناتوانین بە درێژی وردەکاریەکانی دەستکەوتە مادییەکانی چاخی پالیۆلیت بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئیمە زیاتر ئاماژە بەدەستکەوتی رۆحی ئەو چاخە دەکەین(کە بابەتی تویژنەوەکەمانە). سەرەتا دەتوانین لەرووی پرنسیپەوە خشتەیەکی کورت بۆ

قۆناغەکانی بالیولیت و جۆری مرۆڤی باو و دەستکەوتە مادی و رۆحییەکانی دا تۆمار بکەین

| بەرئاین | مرۆڤ | وتەکانی | ی مایەکی و رۆحی دەسکەوتەکە |
|---|---|---|---|
| ت (دێرین) | ر | | ی لە ئێسک و چەوو درووستکراو |
| نی نزم | ک | | ی بەرئاین، دۆزینەوەی ئاگر |
| ناوەند | تالّ | | کردنی ئاژەلاّن، گۆڕەکان |
| بەرز | | | نێو ئەشکەوتەکان و کۆتەڵی مێیینە |

و بنووسین:

خشتەی (5)چاخە بەرئاینەکانی ئەپۆلیت و پالیۆلیت و پاشماوە کەلتوورەکانیان

**ئایۆلیت: گزنگی بەرد.....گزنگی هۆشیاری**

بە تەواوی ناتوانین سەرەتای چاخی ئایۆلیت دیار و دەستنیشان بکەین، بەلاّم دەتوانین کۆتایی ئەم چاخە دیار بکەین، کە نزیکەی (نیوملیۆن)، ساڵ پێش ئێستابووە، هەندیک زانا پێیان وایە ئەو چاخە نزیکەی (200.000—100.000)ساڵی خەیاندوە(1).

مرۆڤ، بەستەڵەک، بەرد، هۆشیاری..... ئەم چوارە لە گزنگی مرۆڤایەتیدا پەیوەستی یەکتربوون. وەک باوە سەرەتای چاخەکانی بەردین هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای چاخەکانی بەستەڵەک، هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤ لە دەرەوەی دارستانەکان، کە تازە لە کۆمەڵەی ئاژەلاّن جیاببۆوە.

چاخی بەردینی دێرین (ئایولیت)دا، وەک جومگەیەکە  مرۆڤی باشوور(مرۆڤی مەیمون)، لە مرۆڤی یەکەم جیادەکاتەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی ئەو کات بەسەر شێوەی مرۆڤدا هات، بۆ نموونە ئەو گۆڕانەی بەسەر پەنجە گەورەدا هات و لە پەنجەکانی دیکە جیابۆوە، کە بەم شێوەیە لە بارو گونجاوبوو بۆ گرتنی شتەکان و بەکارهێنانیان، هەروەها شوێنی چاوەکان

گۆڕا، بەم شێوەی ئێستا توانای بینینی رونتر و باشترە و تەرکیزی زیاترە، هەروەها گۆڕانکاری بەسەر مێشکدا هات، مێشک گەورەتر بوو و شەویلاکی کەمێک بۆ دواوە گەڕایەوە، ئەمانە هاوکات بوون لەگەڵ دەرچوون و هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لە دارستانەکان و ڕۆیشتن بەشێوەیەکی قیت و ڕێک لە سەر زەوی، ئەمانە هەمووی ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی ئاگایی و هۆشیاری مرۆڤ، بە جیهان و پێکهێنانی هۆشیاری و هەستکردن وئامادەبوون بۆ بەریەککەوتن، کە جیاواز بوو لەگەڵ هەستە ڕەمەکیەکانی پێشتر هەیبوو(ڕەمەکی ئاژەڵی)، لەو چاخە (ئیولیت)دا، مرۆڤ دوو جۆرە ئامیری بەکاردەهێنا ئەوانەش بریتین لە:

1- ئامیری لە ئێسک دروستکراو (Bone tools): وەک، مەلاشوو وشەویلاکی گای کێوی، کە دەکرایە دوو پارچە و دەیانکردە چەقۆ، هەروەها قۆچ و شاخی ئاسکیان پاش گوڕینی بە کارهێناوە، بۆ پارچە پارچە کردن و هەڵکەندن (2).

2- ئامێری وردە بەرد و چەو (Pebble tools): ئەمە چەندیین ئامرازی قەبارە جیاواز لە خۆدەگرێت و بە تیژکردنی چەو، ئامێریان دەستدەکەوت.

ئەو مرۆڤەی ئەو ئامرازانەی بە شێوازێکی تایبەتی درووستکردووە، بە مرۆڤی دروستکەر یا پیشەوەر (Homo Fager) ناوبراوە. ئەو دەستکەوتانەی دەلالەت لە پەیوەندیەکی ئەرێنی مرۆڤەکە دەکەن بە سروشتەوە، وەک یەکەمین کارێک کە مرۆڤ ئەنجامی دابێت، بەڵام بە پلەیەک ئەو کارەی دەلالەت لە دەستپێک و پەیدابوونی هۆشیارییە لای مرۆڤ و ڕامان و سەرنجدانی دەوروبەر، واتە ئەوە یەکەم هەنگاوی هۆشیارییە، کە پێشتر نەیبوو، بێگومان ئێمە دەرک بە رۆڵ و کاریگەری ئەو دەستکەوتە مادییە ناکەین، لە پێکهێنانی لایەنی روحی و دەروونی مرۆڤ، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی بە (گزنگی هۆشیاری) ناومان بردووە، کە بەهۆی بەکارهێنانی بەرد و چەو توانی دەروازە و کونێک لە شەوە تاریک و درێژەکەیدا

بکاتەوە، ڕەنگە زمان یەکەمین دەسکەوت و بەری ئەو گزنگە بێت، چونکە زمان پەیوەست و هاومانای هۆشیاریە.

## باوەڕی پالیۆلیتی نزم

### ئاینی مرۆڤی باڵا ڕێک ( ئاگر: دەرکەوتنی پیرۆز)

درووستکردنی ئامرازی لە بەرد دروستکراو و دۆزینەوەی ئاگر و بەکارهێنانیان، گرنگترین دەستکەوتنی چاخی بەردینی کۆنی نزمە، لە ئاست یا لە ڕووی مادی و ڕۆحیەوە، ڕەنگدانەوەیان هەبووە لە سەر پەرەسەندنی هۆشیاری و ئاگایی مرۆڤ، هەروەها تواناکانی مرۆڤیان چالاک کرد.

دەرکەوتنی ئامرازی بەردین( تەلەزم و تەوری دەستی و ئامیری تاشین)، درێژە پێدانێکی جۆرییە لە بواری درووستکردنی ئامرازەکانی چەو و بەرد و ئێسک، بە شێوەیەکی باش ئەم بوارە فراوان بوو و گەشەی کرد، ئەم فراوانبوونەش پەیوەستە بە فراوانبوونی کارە دەستیەکانی مرۆڤ، کە سوودی لە بەکارهێنانی ئامرازە بەردینەکانی وەرگرت، بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیان، چ بۆ کۆکردنەوەی قووت یان ڕاوشکاری.

بەڵام دۆزینەوە و بەکارهێنانی ئاگر، کاریگەری گەورەی لە سەر لایەنی کرداری و رۆحی ژیانی مرۆڤ هەبووە، جا لە بەرئەوەی ئاگر هێزێکی سەیر و نامۆی تیادایە وا لە مرۆڤ دەکات لە شێوە و سیفاتی ڕابمێنێت، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەبووە لە سەرهێز و لایەنی ڕۆحی مرۆڤ، مرۆڤی ئامادەکرد بۆ قۆناغێکی دیکە، هەندێک زانا پێیان وایە، کە ڕەنگە مرۆڤی کۆن رەژوێکی گەش یا لقە داریکی بەکارهێناوە، ئەمە بۆتە هۆی هەڵگیرسانی ئاگر. ئاگر، مرۆڤی ناو ئەشکەوتەکانی لە سەرمای سەخت و ئاژەڵی دڕندە پاراست و بەکارهێناوە بۆ گۆشت برژاندن، هەروەها هەر بەهۆی ئاگرەوە، مرۆڤ توانی ئەوشتانەی گونجاو نەبوون

بۆ خواردن، بیانکاتە شیاوی خواردن، هەر بەهۆی ئاگرەوە مرۆڤ وزە و هێزی بە دەستهێنا و ڕۆڵیکی گرنگی هەبووە لەو پەرەسندنەی بەسەر مرۆڤدا هات(3).

بە گوێرەی پاشماوە و دۆزراوەکان، مرۆڤی ئەشکەوتی (چوکوتین) لە وڵاتی چین، ئاگری بەکارهێناوە، بە بڕوای من دۆزینەوەی ئاگر هۆکارێکی جۆری بوو کە هێز و هەستی ئایینی لەو سەردەمەدا، لە مرۆڤدا بزواند ....

بیرۆکەی ئایین، کە جەوهەری ئایین تەنیا بریتیە لە( بوونی پیرۆز)، ڕەنگە پەیوەست بێت بە ئاگر، یا لە ئاگرەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە ئاگر شێوازێکی تایبەتی هەیە، جیاوازە لەگەڵ ئەوشتانەی لە دەوروبەری مرۆڤدا هەن، ئاگر یەکەمین پیرۆز بووە، کە مرۆڤ ئاشنای بووە، بەڵام مۆقەدەسێکە، کۆنی و ڕەهەندەکەی مایەی سەرسامیە، هەروەها پیرۆزێکە داوای جیاکردنەوەی نێوان دوو جیهان ناکات، نێوان دیار و نادیار، مرۆیی و خواوەندی، بەڵکو ئاگر یەکەمین ئاماژە بوو بۆ ترس و تۆقین و(سەرسامی) و جوانی و سوود، ئاگر شتێکی دوورە دەستنەبوو، مرۆڤ لە دوورەوە ببینێ یا ئاماژەی بۆ بکا وەک (خۆر، مانگ)، بەڵکو شتێکی بەردەستبوو و بەکاری دەهێنا، سەخت بوو سروشت لەو زەمەن و کاتەدا شتێکی دیکەی وەک ئاگر ببەخشێت، ڕەنگە مرۆڤێکی بەهێز کە توانای هەڵگیرساندنی ئاگر و بەکارهێنانی و کۆنترۆڵکردنی هەبێت، وەک پرۆمسیۆس بوو، کە ئەفسانەی یۆنانی ئاماژە بەوە دەکات، کە دەرکەوتنی پرۆمسیۆس پەیوەست بووە بە دەرکەوتنی مرۆڤی یەکەم (4).

## باوەڕەکانی پالیۆلیتی ناوەڕاست

### ئایینی مرۆڤ نیاندەرتاڵ (ئاژەڵ: ڕاوکردنی پیرۆز):

چاخی پالیولیتی ناوەڕاست (60)هەزار ساڵی خەیاندوە، واتە لە(40.000—100.000) پێش ئێستا، مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە بەشێکی زۆری ئەم چاخەدا ژیاوە، ئەم چاخە گرنگیەکی گەورە و دیاری هەبووە لە پەیدابوونی یەکەم ئایینی مرۆیی، دوای ئەوەی ئاگر وەک (پیرۆزی یەکەم)، هەست و مەیلی ئایینی لە مرۆڤەکاندا بزواند، هەست و هزری ئایینی لە مرۆڤدا گەشەیکردو و کرایەوە بەرەو پێکهینانی ئایینێکی باڵاتر.

ئایین لە سەرەتادا باوەڕێکی ساکاربوو ( بریتیی بوو لە کۆمەڵێک سرووت و ئەفسانەی تایبەت بە گروپێکی دیاریکراو – خێڵ یا هۆز یا توێژێکی کۆمەڵگە – ئەو جۆرە شێوە سنورداری ژیانی ئایینی، بە پەرستن(cult) ناودەبرێت، لە ڕوانگەی گروپ یا کۆمەڵگەی بچوک، چەمکی ئایین یەکسانە بە چەمکی پەرستن، ئەگەر لەلای گەڵ یا میللەتێک چەند پەرستنێکی نزیک بەیەک هەبوو، کە هەر پەرستنێک تایبەت بێت بە گروپێک لە گروپەکانی گەلەکە، ئەوا شێوەی ژیانی ئاینی لێرەدا بە ئاین ناودەبرێت، شێوەکانی دیکە شێوەی لق و گروپەکان، بە پەرستن ناودەبرێت(5).

دەشێ بڵێین، لە پالیولیتی ناوەراستدا پەرستن یا چەندین پەرستنێک یا باوەڕی ئاینی هەبووە و باوبووە، سرووتێکی دیارێکراویان هەبووە.

## -پیرۆزکردنی ئاژەڵ

لە چاخی پالیولیتی نزم (الاسفل)دا، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵاندا، تەنیابینین و سەیرکردنی ئاژەڵان نەبووە، بەڵکو ڕاویدەکردوە و گۆشتەکی خواردوە، یان لە ترسانا دەیکوشت نەوەک پەلاماری بدات ....بەڵام پەرەسەندنی مرۆڤ و گەشەکردنی خو و بەهرەی ڕۆحی و دەروونی وای لە مرۆڤ کرد بەچاوی ڕێز و ترس و پیرۆزییەوە لە ئاژەڵان بڕوانێت، جۆراوجۆری ئاژەڵان وهەمیشە دەرکەوتنیان لەگەڵ مرۆڤدا لەو جیهانە گەورە و بێسنورەدا، هەروەها ململانێی ئاژەڵان لەگەڵ مرۆڤدا، لە پێناو بەدەستهێنانی خۆراک و دڕندەیی و هێزی ئاژەڵان، مرۆڤی شاگەشکە و سەرسام کردبوو و بە سەرچاوەی وزە و هێزی تیا بەدیدەکرد.

جا ئەگەر ئاژەڵان نزیک یا دووربان لە مرۆڤ، ئەوا بەگوێرەی دڕندەیی و هەندێک جاریش گەورەی ئاژەڵان، ئەوا بەدوور دادەنران، وەلێ ئەگەر توانیبای ڕاویبکات، ئەوا بە نزیکی دادەنا، جا لە میانەی ئەو جەدەل و دیالیکتیکی دوور و نزیکیەدا، هەستیکی نوێی ئاینی بەرامبەر بە ئاژەڵ سەریهەڵدا، پێشتر مرۆڤ خۆی لە پیرۆزی یەکەم ( ئاگر)، نزیک کردەوە و دەستەمۆی کرد و ئاشنابوونی مرۆڤ بە ئاگر، وایکرد بیپەرستی، واتە ڕێگە خۆشکەربوو بۆ پەرستنی ئاگر، لەم چاخەدا مرۆڤ ئاژەڵیماڵی نەکردبوو، بەڵام توانی لی نزیکبێتەوە ڕاوی بکات.

توێژەران زاراوەی سەروەری ئاژەڵان (Animal Master) و سەروەری ورچەکان ( Bear Master)یان بەکارهێناوە، بە مەبەستی ئاماژەکردن بە پەرستنەی ئاژەڵان کە لەلای مرۆڤی نیاندەرتاڵ هەبووە، لە ناو ئەشکەوتەکانی چیای ئەلپ لە ئەوروپادا، ژمارەیەک ئێسکی ورچ دۆزرایەوە، کە بەشێوازێکی تایبەت ریزکرابوون لە تەک هەندێک لە ئێسکەکان بەردی ورد

داندرابوو، هەروەها پێنج کەلەسەر لەگەڵ ئێسکی باسکی ورچ پارێزرابوون و لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە داندرابوون(6).

بابەتەکە تەنیا بە ورچ پەیوەست نییە، بەڵکو بە گا، گامێش، ماموس و ئاژەڵی دیکەش، وچەندان پاشماوە و شوینەوار ماونەتەوە، پەیوەستە کە دەلالەت لە پەرستنی ئەو ئاژەڵانە دەکەن، کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ هێزی پیرۆزی لەواندا دەبینیەوە و بەرجەستە دەکرد و ببونە مایەی ترس و ڕێزگرتن لە لایەن مرۆڤەوە.

ڕاوکردنی ئاژەڵ و خواردنی گۆشتەکەی ئارەستەمان دەکات بەرەو بیرۆکەیەکی گرنگ، کە بریتییە لەوەی دوای ئەوەی مرۆڤ وا هەستی دەکرد، کە (پیرۆز) دوورە لێی، وەلێ ئێستا بووە بەشێک لە جەستەی، بە تایبەتی ئەگەر لە میانی سرووتیکی خواردندا، بارگاوی بە چاودێریکردن و تێراماندا، ئاژەڵەکە پەیوەست کرابێت بە ئاگر. ئەوەش ئاینی تۆتەمگەریمان بۆ ڕوون و شیدەکاتەوە، چونکە لە ڕوانگەی تۆتەمگەریەوە، ئاژەڵی پیرۆز بنەمایەکە بۆ یەکگرتن وکۆکردنەی هۆزەکە و خواردنی گۆشتی ئاژەڵەکە لە میانی سرووتێکی ئاینیدا، واتە دابەشکردنی ئەو پیرۆزە، بەسەر ئەندامانی هۆزەکە، کۆیاندەکاتەوە و یەکگرتوو و بەهێزیان دەکات (7).

## گۆڕو گۆڕستان

بە تێپەڕبوونی کات و رۆژ لە دوای رۆژ بەڵگەی زیاتر دەردەکەوێت، کە مرۆڤی نیاندەرتاڵ گۆڕو گۆڕستانی داهێناوە، ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئەو مرۆڤە ئاینی داهێناوە، هەرچەندە هەندێک توێژەر بابەتی گۆڕ، دەگەڕێننەوە بۆ هۆشیاری کۆمەڵایەتی، نەک لایەنی ئاینی، لەم بارەیەوە (ئارنوڵد تۆینبی) پێوایە، مرۆڤی نیاندەرتاڵ جەستەی مردووەکانیان بە پیس دانەناوە، بەڵکو لە میانی ناشتن و لە گۆڕنانی مردواندا سرووتیان ئەنجامداوە، ئەمە

ئەوە دەردەخات ڕێزیان لە مرۆڤ گرتووە، واتە لاشەی مردوویان بە پیس و نەگریس دانەناوە (8).

گۆڕی نیاندەرتاڵەکان، یەکێکە لە گرنگترین نیشانەکانی پەرەسەندنی ئاین، هەستی ئاینی پیشاندەدەن ئەگەرلە ڕوانگەی ئێمەوە ئاین پێکهاتبێت لە( باوەڕ و سرووت و ئەفسانە)، ئەوا بێگومان سرووتی ناشتن و لە گۆڕنان، بە سەرەتای پەیدابوونی ئەو سرووتانە دادەنرێت کە هاوەڵی باوەڕی ئایینین، شێوەی ژیانی ئەو کەسانە پێشان دەدات، و درێژکراوە یا شیکردنەوەی باوەڕەکانیەتی، ئەو مرۆڤەی کە سەروەری ئاژەڵ (پیرۆز)ی خۆی ناشتووە، پێیوابووە جەستەی خۆی شتێک یا بەشێکی لەو پیرۆزە تیادایە، بۆیە نابێت دوای مردن فرێبدرێتە سەر زەوی، بەڵکو دەبێ لە گۆڕبنرێ، هەروەها وا باشترە لە ناشتندا، مرۆڤ و ئاژەڵ و ئاگر بکەنە تەک یەک و پێکەوەبن.

بەم شێوەیە مرۆڤ هەرسێ پیرۆزەکانی گواستەوە بۆ جیهانی دوای مردن، ئەوەش بۆ ئەوەی شکۆی خۆی لە بێهودەیی و فەنابوون ڕزگاربکات، ڕەنگە ئەنجامدانی ئەم کارە، ڕەگ و ڕیشەی پەیدابوونی باوەڕەکانی دوای مردن بێت، هەروەها باوەڕبوون بە بوونی ژیانی دوای مردن بێت. پەیدابوونی گۆڕستان و سروشتی پێکهاتەکانی، ئاسۆیەکی فراوان دەکاتەوە لە بەردەم بابەتی باوەڕەکانی دوای مردن لە لای مرۆڤی نیاندەرتاڵ، بە تایبەتی کە گۆڕی نیاندەرتاڵەکان دەلالەتی گرنگ دەدەن بەدەستەوە، جۆری ناشتنی مرۆڤی نیاندەرتاڵ وابووە، کە مردووەکە لە شێوەی چەمانەوە و چۆکداهاتن دادەنرا و هەندێک تلیشە بەردیان دادەنا بۆ پاراستنی کەلەسەری، یان دەستی ڕاستی دەخرایە بن سەری و تەلەزمە بەردیان لە ژێر سەری دادەنا، یا سەری مردووەکەیان ڕووەو خۆرهەڵات دادەنا، ئەمە جگە لەوەی هەندێک ئێسکی ئاژەڵ لە گۆڕەکانیاندا دۆزراوەتەوە، لە گۆڕنانی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتەکانی باشووری فەرەنسا بەم شێوەیە بووە.

لە میانەی شاردنەوەی مردوو، پیرۆزەکەشی لە گەڵی دەناشترا، بۆ ئەوەی دوای مردنیش مرۆڤە مردووەکە بپارێزێت، هەروەها لەتەکی بێت بۆ ئەوەی دڵنەوایی بداتەوە و کاریگەری مردن و لەناوچوون لەسەری کەمبکاتەوە، لە هەندێک گۆڕدا چاڵی بچووک هەبوون، خۆڵەمێشی تیادابوو، ئەمە دەلالەت لەوە دەکات، کە لەکاتی شاردنەوەی مردووەکەدا، پشکۆی ئاگریان لەگەڵدا ناشتووە، لە هەندێک گۆڕیشدا لە تەنیشت دەستی مردووەکە، تەورێکی بەردیین داندراوە.

ئەو شتانەی کە لەگەڵ مردوەکەدا لە گۆڕدەندران، وەک(ئاگر، ئاژەڵ، تەور)، ئەوە دەردەخەن، کە مرۆڤی ئەو کات باوەڕیان بە بەردەوامبونی ژیان لە دوای مردن هەبووە، هەروەها بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوشتە پیرۆزانە پارێزگاری لە پلە و پایەی خۆی بکات و دەستبەری بکات.

هەندێک توێژەر بڕوایان وایە، مرۆڤی نیاندەرتاڵ باوەڕی بە ڕۆح هەبووە، ئەمەش لە شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ مردوواندا دەردەکەوێت و دیارە، لە ئەشکەوتی(کرابینا) لە وڵاتی کرواتیادا، پاشماوەی ئێسکی دە کەلە سەری مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە، هەندێکیان سوتابوون، هەروەها هەندێک ئێسکی ئاژەڵی دڕندە لەگەڵ ئێسکی مرۆڤەکان دانرابوو، لە ناوچەی(مونت جۆرجیو)، لە ئیتالیاش، کەلە سەرێکی شکاوی مرۆڤی نیاندەرتاڵ دۆزرایەوە، بۆیە هەندێک توێژەر پێیان وایە، ئەوە دەلالەت لە خواردنی مێشکی مردووان دەکات، کە ئەو نەریتە لەلایەن مرۆڤی (پکین)یش پەیڕەو کراوە، دۆزینەوەکانی ئەشکەوتی(جوکوتیان) ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە (9).

بە دیدی مرۆڤی نیاندەرتاڵ، سەر بنکە و بارەگای هێز و ڕۆحی مرۆڤە، بۆیە ئەگەر مرۆڤێک مێشکی کەسێک بخوات، ئەوا هێز و رۆحی کەسەکە بۆ مرۆڤەکە دەگوازرێتەوە.

لەلای ئەوان مردن ڕەهەندێکی هەمەکی و میتافیزیکی نەبووە،(( بۆیە شتێکی ئاساییە، بەگوێرەی عەقل و هزرە سنوردارەکەیان، بڕوایان وابووە، کە مردن لە ئاکامی هێرشی هێزێکی نادیارو نەبینراو ڕوودەدات، بۆیە لەو قۆناغەی پەرەسەندنی فکری مرۆڤی

نیاندەرتاڵدا، هزر و بیری لە مردنی کەسێکی دیاریکراو کردۆتەوە، نەک لەخودی هۆکاری مردنەکە))(10).

مرۆڤی نیاندەرتاڵی رۆژهەلاتی، پەرەسەندوتربوو و زیاتر بایەخی بە مردن داوە، بۆ نموونە لە ئەشکەوتی (شانەدەر) لە کوردستان گوڵ و ناوک و تۆوی ڕووەکەکان لەگەڵ مردوودا، لە گۆڕنراون، لە دیدی زانایان ئەوە تۆوی هەشت ڕووەکی جیایە، کە بریتین لە (ئەفیلیا، بەیبون، قەندرین یان سماق وبەڵەک و دارمێوی دەریا، تۆڵەکەییەکان، و دوو جۆری دیکە، کە تاکو ئێستا نەناسراون) (11).

جگە لەوەی ناشتنی مردوو، لە گۆڕێکی پڕگوڵ دیمەنێکی سرووت ئامێزی هەیە، وا دیارە دانانی ئەم گوڵانە وەک دەرمان بۆ مەبەستی چارەسەرکردن بووە، یان ڕەنگە گوڵەکان وەک چارەسەرێکی سوودبەخش بۆ قوناغی دوای مردن لە ناو گۆڕ دانرابێت، بەتایبەتی، وەک دەرکەوتووە مرۆڤی نیاندەرتاڵی شانەدەر، پەککەوتە و نەخۆش بووە.

دەرکەوتنی هەندێک توخمی تازەی پەیوەست، بە باوەڕی ئاینی لە ناو گۆڕوگۆڕستانی نیاندەرتاڵەکاندا، بۆ نموونە لە کاتی ناشتنی مردوودا، ڕووی مردووەکەیان لە ڕۆژهەلات کردووە، کە ڕەنگە ئەوە پەیوەندی بە خۆرهەلاتن و جوولەی خۆرەوە هەبێت، هەروەها لە ناو گۆڕەکانی باکووری میزۆپۆتامیادا، هەندێ بەردی هێلکەیی دۆزرایەوە، کە دوازدە درز یا هێڵی لە سەرکراوبوو، دوور نییە ئەوە جۆرێک بێت لە ڕۆژمێر، ئەمە جگە لە دانانی گوڵیش، ئەم هۆکارە نوێیانە ئەوە دەردەخەن، کە هەستی ئاییني مرۆڤ، فراوانبوو وکرانەوەی بەخۆوە بینی بەرەو هێنانەدی و پێکهینانی ڕۆح و ئاینێکی تازە.

## باوەڕەکانی پالیولیتی بەرز

## ئایینی مرۆڤی ژێر (تابلۆ و بوکەڵە: پێکهێنانی پیرۆز):

هیگڵ لە بیناسازییە فەلسەفەیەکەیدا، هونەر و ئایین لە دوا قۆناغ لە قۆناغەکانی دەرکەوتنی روحی ڕەها، دادەنێت، دەرکپێکردنی ڕەها لە لای هیگڵ، بە سێ ڕێگە ئەنجام دەدرێت و سێ قوناغ بۆ ڕۆحی ڕەها دیاریدەکات، کە بریتین لە(هونەر، ئاین، فەلسەفە)، هەرچەندە بە گوێرەی ریزکردنەکەی هیگل، هونەر پێش ئاین دەکەوێت، کەچی ئەم ریزکردەش لەگەڵ دەرکەوتنی ئاین نەسازە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم ڕیزکردنە پەیوەستە بە تێگەیشتنی هیگڵ بۆ ئاین.

لە چاخی پالیۆلیتی بەرزدا، دووجۆر هونەر دەرکەوتن، ئەوانیش هونەری شێوەکاری (نیگارکیشان)، لەسەردیواری ئەشکەوتەکاندا دەریاندەبڕی، هەروەها هونەری پەیکەرتاشی، کە بە پەیکەرەکانی ڤینۆس ناسراون. لەم چاخەدا دەرکەوتنی هونەر لە پێناو هونەر نەبوو، بەڵکو تەواوکەر و بەشێک بووە لە پێکهێنانی ئاین، کە لە چاخی پالیولیتدا پەیدا ببوو، ئەگەر بگەرێنەوە بۆ هیگڵ، لە ڕوانگەی ئەودا هەر لە سەرەتاوە، پەیوەندی هونەر لەگەڵ ئایندا لە میانەی یەکەمین ئاستەکانی ئایندا بووە، کە سیحر نمایندەی دەکرد، هونەر پەیوەندی لەگەڵ ئایندا هەبووە. سیحر کە لە چاخی پالیولیتی ناوەراستدا لەگەڵ ئایندا دەرکەوت، کەچی لە چاخی پالیولیتی بەرزدا جیاکاری هەبووە لە نێوان ئاین و هونەردا.

## وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان

لەو ناوچانەی کەوتونەتە نێوان باشوری فەرەنسا و باکووری ئیسپانیا، زانا و توێژەران نزیکەی سەد ئەشکەوتیان دۆزیەوە (بڕوانە شێوەکانی ٤،٣،٢،١)، کە وێنە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشرابوون، ئەوەش سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشا، وای لە زانایان کرد چەندان گریمانە و ڕای جیاواز سەبارەت بەو وێنانە بخەنەڕوو، ڕەنگە کۆنترین تیۆر یا گریمانە سەبارەت بەو وێنانە ئەوەیە دەڵێ: تەنیابە مەبەستی جوانی کێشراون و هیچ لێکدانەوەیەکی ئاینی هەڵناگرن، لە ڕوانگەی تیۆری دووەمیشدا، مرۆڤ وێنەکانی وەک ئامرازێکی سیحری بەکارهێناوە بۆ مسۆگەرکردنی ڕاوکردن و دەست بە سەرداگرتنی ئاژەڵان، ئەوەی لەسەر ئەو بنەما سیحرییە دارشتبوو، گوایە هۆکارە لە یەکچووەکان بەرئەنجامی لیکچوویان لێدەکەوێتەوە. بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم تیۆرییە بۆ وێنەکان باوبوو و مایەی قبوڵکردن بوو.

کەچی لە دیدی تیۆری سێیەمدا، وێنەکان نمایندەی ئەو دیالیکتیکە دەکات، کە لە نێوان توخمی نێر و توخمی مێدا هەیە، بە گوێرەی دیالیکتیکەکە چەق یا ناوەند نمایندەی مێ دەکات و دەوروبەریش نمایندەی نێر.

توێژەر(لوروا کورهان) توێژینەوەیەکی لە سەر دوو هەزار وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانی کانتەربریی کرد، لە ئاکامدا بە شێوەیەکی سەرژمێرانە بۆی دەرکەوت کە:

1–ناوچەی چەق هەمیشە سێ جۆرە ئاژەڵ دەگرێتە خۆ کە بریتین لە (گا، بیسون، ئەسپ)، ناوچەی دەوروبەر و ناوچە ناوەندییەکانیش جۆرە ئاژەڵەکانی تر داگیری دەکەن.


2–گا و بیسون بەهایەکی رەمزی مێینەیان هەیە، کەچی ئەسپ رەمزی و هێمایەکی نێرینەی هەیە، لە رووی ژمارەوە بەهای مێینە یەکسانە بە بەهای نێرینە.

3–زامەکان بەهایەکی سیمبولیانەی مێینەیان هەیە، بەڵام تیر و نێز، هێمای نێرانەیان هەیە.

4– هەمیشە هێمای مێینە لە ناوەندایە، کەچی هێمای نێرینە بە شێوەیەکی یەکسان بەدەوری سەنتەر و بەسەر ناوچەی دوور و نزیکەکانی دەوروبەردا دابەش دەبێت.


دوا ئاکامەی کە(لوروا کورهان)، پێیگەیشتووە، بریتیە لە وەی ئەنجامەکانی دەلالەت لەوە دەکەن کە (هزر و ئایدۆلۆژیای ئاینی لەلای مرۆڤی ژیر لە پالیولیتی بەرزدا، پشتدەبەستێ بە دیالیکتیکی هەردوو بنەمای نێرینە و مێینە، لە رووی وەکیەکی و دژەیەکی نێوانیان).

کەچی تیۆری چوارەم، کە لە تیۆرەکانی دیکە بەهێزترە، لە دیدی توێژەری بواری میتۆلۆژیا(جۆزیف کامبل)دا، ئەو ئەشکەوتانە پەرستگە یان کڵێسای مرۆڤی پالیولیتن، بە هەستیکی رۆحی و هۆشیاری و بایەخ پێدانەوە وێنەکان کێشراون و سیفەتی پیرۆزی بە ئاژەڵەکان بەخشراون. بیرمەند (فیراس سەواح)یش، بیرۆکەی(کامبل)ی پەرەپێداوە و پێوایە کە: ((مرۆڤی پالیولیتی بەرز، لەو ناوچە دوور و تاریک (ئەشکەوت)-ەدا، بە دوای پەیوەندی کردن بە جیهانێکی دیکە(جیهانی لاهوت)دا دەگەڕا، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم کاروکردەوەیە، کە ئاماژەیە بۆ پەیوەستکردنی هەردوو جیهان بەیەکەوە. هەروەک پێشتر مرۆڤی پالیولیتی ناوەند، ئەم کارەی کردبوو، بۆیە مرۆڤی پالیولیتی بەرزیش هێمای پیرۆزەکەی خۆی لەناو جیهانی ئاژەڵاندا دەستنیشانکرد، نەک بۆ ئەوەی بیپەرستێ، بەڵکو بۆ ئەوەی لە میانی ئەو(وێنە)دا، هێزی جیهانی بەرامبەر و هاوشانی خۆی بانگ بکات و ئامادەبێت، ئەشکەوتە ئاساییەکانی، کە بنکەی پیرۆزی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوو، بوونە کلێسایەک کە سروشت لە قوڵایی و سنوری هەرێمە تاریکەکاندا هەڵیکەندبوو، مرۆڤی ژیر لەوێدا خاڵی پەیوەندی خۆی تێدا لەگەڵ بوارەکانی تردا دامەزراندبوو، ئەویش بەڕێگەی وێنە و نیگاری ئاژەڵان، بە شێوەیەکی سەرەکی بەرجەستە بووبوو لە گا و بیسون(جۆرە گایەکە= گای ئەمریکایی) و ئەسپ))(14). بوونی چەندان داتا ئەو شتە دەسەلمێنن، یەکێک لە داتایەکان ئەوەیە کە شوێنەوارناسان، هیچ گۆڕ یان ئاگردانیان لە ناو ئەو ئەشکەوتانەدا نەدۆزیەوە، بەڵکو هەندێک ئامرازی وێنەکێشان و چرای زەیتیان تیایدا دۆزیەوە، کە سەر دیوارەکان نەخشێنرابوون بە وێنەی ئەو ئاژەڵانەی ئەوکات هەبوون، لە لایەکی دیکەوە ئەو وێنانە ئاماژە بە بەردەوامبوونی پیرۆزکردنی ئاژەڵان دەکات لە ئاینی مرۆڤی نیاندەرتاڵدا.






وێنەی(1)و(2) چەند بەشێک لەوێنەی سەردیواری ئەشکەوتی لاسکۆ، وێنەی ئەسپ_پالیولیت/فرنسا.



وێنەی(3) وێنەی ئەسپ و پەنجە و دەستی مرۆڤ و ئاسک و هیلکاریەک بۆ ئاژەڵی بیسون_پالیولیت، ئەشکەوتی ئەلتامیرا/ئیسپانیا.



وێنەی(4) وێنەی بیسون ،پالیولیت_ئەشکەوتی ئەلتامیرا/ئیسپانیا.

**کۆتەڵی مێینە**

کۆتەڵەکانی عەشتار، یا مێینەکان، یا هەروەک توێژەرە ئەوروپاییەکان بە(ڤینۆس) ناوی دەبەن، کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی پالیولیتی بەرز، چەندان پرسیار دەوروژێنن، گرنگترینیان: چۆن ئەو کۆتەڵانە پەیدابوون، کەچی ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە ئینجا کشتوکاڵ دۆزرایەوە؟ بنەمای ئەو پرسیارەش لەو هزرە سەرچاوە دەگری، کە دواتر ژمارەیەکی زۆر لەو کۆتەڵانە دەردەکەون، چونکە ئەوانە دەلالەت لە کشتوکاڵ و بەپیتی زەوی دەکەن، تەنانەت لە چەندان شوێن لە رۆژهەڵاتی نزیکدا، ئەو کوتەڵانە دۆزرانەوە. ڕەنگە لە وەڵامی پرسیاری بۆچی ژمارەی کوتەڵەکان کەم و سنوورداربوون، بڵێین، کەمی و بڵاونەبوونەوەی ئەو دیاردەیە(کۆتەڵی مێینە)، ئەوە دەرەخات کە ئەو دیاردەیە پەیوەست نەبووە، بە گۆڕانی ژینگەیی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یا ئاینی، دەرکەوتنی ئەو کۆتەڵانە لە چاخی بەرزدا، دەلالەت لە بەردەوامبوونی دەرکەوتنی پیرۆز دەکات لە شێوەی مێینە و دایکایەتیدا، کە ئەم جارەیان لە شێوازی ئاژەڵیی نزیکە. لە میانی توێژنەوەکەماندا لەسەر کۆتەڵەکانی مێینە،

بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە شێوەی گشت کۆتەڵەکان نزیکن لە شێوەی ئاژەڵ، مرۆڤی ژێر پیرۆزەکەی خۆی لەودا_ لە ئاژەڵ_دا بەرجەستەکردبوو، واتە ئەو کۆتەڵانە، شێوە یان وێنەیەکن لە وێنەکانی دەرکەوتنی پیرۆز، ئەو پیرۆزەی هەردوو جیهانی مرۆیی و خودایی لێکجیادەکاتەوە، هەروەها ئەو دەرکەوتنەی پیرۆز درێژکراوەی باوەڕە کۆنەکانە.


کۆتەڵە مێینەکان ئەمانەن:

1-مێخواوەند لاوسیل (The gadess of  Laussel): لە ناوچەی(لاوسیل) لە باشوری فرنسا پەیکەری مێخواوەند لاوسیل دۆزرایەوە شێوەی(5) کە بەدەستە ڕاستی قۆچی گای بیسونی بەرزکردۆتەوە و دەستی چەپیشی لە سەر سکی پڕی داناوە هەردوو مەمک و سک و سمت پێکەوە قەوارەیەکی تێکسمڕاو پێکدەهێنن، دوو مەمکەکە، بریتین لە دوو قەوارەی زلی خڕ، سکێکی گەورە وەک ئاماژەدانێک بە سکپڕییەکی هەڵئاوساو، ڕانی گەورە، دوو سمتی قەبە، هەردووباڵ لەڕولاوازن..... سیمای بریتیە لە تۆپەڵێکی ڕووالەت نادیار، پارچەیەک بۆیاغی سور لەسەر کۆتەڵەکە هەیە، کە ماوەی سێ هەزار ساڵە لەسەری ماوەتەوە، دوو کۆتەڵی دیکە لەو ئەشکەوتەدا دۆزرانەوە، کە شتێکیان بەرزکردۆتەوە و کۆتەڵەیەکی دیکەش، کە لە باری منداڵبووندایە، هەر لە ئەشکەوتەکەدا پەیکەری پیاوێک کە ڕمێک دەهاوێژێ و ئێسکی کەمتیار و ئەسپ و دەپی بەردین دۆزرایەوە، هەروەها هەندێ تابلۆی بەردین، کە شێوەی ئەندامی زاوزێی مێینەی لەسەر کێشراوە.




شێوەی(5) مێخواوەندی لاوسیل، کە شاخی بیسونی بەدەست گرتوە ، بەرزایی پەیکەرەکە(15)سم، موزەی لبهومیە/پاریس.

2- مێخواوەندی لیسبوگ The goddess of Lespugue: ئەم کۆتەڵەش هەرلە فرنسا دۆزراوەتەوە، کۆتەڵەکە لە شێوەی تەشی دایە، باڵەکانی کۆتەڵەکە تەنک و باریک و ناوەراستەکەی هەڵئاوساوە و ڕوخسارێکی نادیاری هەیە، سەرەکەی لە شێوەی سەری مارە، هەروەها هەردوو باڵی زۆر لاوازن، بەسەر سینگ و مەمکیدا شۆربووەتەوە، ئەم کۆتەڵە شێوەیەکی سەیر و نامۆی هەیە و هەرگیز لە شێوەی ئافرەتێکی راستەقینە ناچێت (6).



شێوەی(6)مێخواوەندی لیسبوگ.

3-مێخواوەندی ویلندروف (The gales of  Willendorf): کۆتەڵی ئەم مێخواوەندە لە باشووری نەمسا دۆزرایەوە، درێژیەکەی(4.5) ئینجە و سەرکێکی گەورەی هەیە و قژێکی لوولی شانەکراوی هەیە، دەست و باڵە باریکەکانی لە سەر مەمکە گەورەکەیدا داناوە، سک و سمتێکی زل و گەورەی هەیە و لای خوارەوە پێیەکانی باریکن، شێوەی ئەم کوتەڵەش سەیر و نامۆیە (7).



شێوەی(7) مێخواوەند ویلندروف.

ئەو سێ نموونەیە، بیرۆکەیەکی نوێمان دەداتی، لە بارەی پێزانین و وریایی ئاینی، پەیوەست بە پیتی و زاوزێ و منداڵبوون و پەیوەندی ئەوە بە ئەندامە سێکسیەکانی ئافرەتەوە، کە ئەو ئەندامانە سەرچاوەی ژیان و جۆری مرۆییە، بەڵام ئەو پێزانین و وریاییە لە ناوچە ساردەکاندا، کە هێشتا کشتوکاڵ تیایدا نەدۆزرابوەیەوە، بە شێوەیەکی پێویست نەبوو و گەشەی نەکردبوو، هەروەها چەمکی راستەقینەی پیت و بەرەکەتی و بە پیتی گەردوونی دەرنەکەوتبوو، ئەوەبوو دوای بیست هەزار ساڵ، ئینجا ئەم چەمکە لە ڕۆژهەلاتی نزیکدا پەیدابوو ((ئامانجی هونەری کۆتەڵی عەشتارەکان بریتی بووە لەوەی پیرۆز بانگ بکات و بیهێنێتە بەرچاوی بینەر_مرۆڤ_، واتە هەمان ویست و ئامانجی، هونەری ئەشکەوت بووە، کاتێک کە وێنەی ئاژەڵیان کێشاوە، ئەم کۆتەلانە هەست و هێز وخواست و سۆزی مرۆڤی پالیولیت، واتە هەستی مرۆیی(ناسوت)، دەگوازێتەوە بەرەو جیهانی لاهوت، لێرەدا شێوەی مرۆیی جێگەی شێوەی ئاژەڵی گرتۆتەوە، دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە شێوەی مرۆیی هەمان مەبەستی شێوەی ئاژەڵی دێنێتەدی، ئەو کۆتەڵ و رەمزە مێینەیە، کەسایەتیەکی نادیار و بێ روخسارە، دەلالەت لە کەسێکی دیاریکراو، خواوەندێک یان بونەوەرێکی ڕۆحانی و میتافیزیکی ناکات، بەڵکو تەنیاهێما و ئاماژە کردنە، بە گوزارشتێکی دیکە، ئێمە بەرامبەر بە دەربڕینی یەزدانین نەژ بەرامبەر بە وێنەی خوایەک))(15).

ریتمی مێینە/ ئاژەڵی لە پالیولیتی بەرزدا، بە گوڕو بەهێز مایەوە و ئینجا بۆ چاخی میزولیت، گوازرایەوە و ئەوەی جێگای سەرنجە لە چاخی نیولیت لە رۆژهەلاتی نزیکدا، ریتمەکە بەهیزترو گشتگیرتربوو.

نەریت و باوەڕەکانی پەیوەست بە دوای(مردن)یش لە پالیولیتی بەرزدا، پەرەسەندوتربوو لە چاو پالیولیتی ناوەندا، باوەڕی مرۆڤ بە ژیانی دوای مردن، بە ڕوونی دیارە و هەست پێدەکرێت، هەروەها گەشتکردن بۆ جیهانی ئەودیو، بە ئەنجامدانی لەگۆڕنان(ناشتن)ێکی، بارگاوی بە سرووتی ئاینی، وەلێ نەریت و ترادسیۆن(تقلید)ی ناشتنی مردوو لە چاخی

پالیولیتی ناوەراستدا بەردەوامی هەبوو، کە بریتی بوو لە ناشتن و لە گۆڕنانی مردوان لە شوێنی نیشتەجێ بوون لەناو ئەشەکەوتەکاندا، لە چەندان شوێن لە باشووری روسیا و لە دەشتی مورفان، ئەو جۆرە گۆڕانە دۆزراونەتەوە(16)، واتە تا ئەو کات، مرۆڤ شێوازی شاردنەوە و ناشتنی مردوانی لە گۆڕستانی تایبەتدا نە دەزانی.

پەرەسەندن لە بواری شاردنەوە و ناشتنی سرووت ئامێزدا، بە دوو ڕێگە و شێوازی نوێ روویدا:-

1- نوشتەی گوێچکە ماسی: لە ناو گۆڕی نێو ئەشکەوتەکاندا چەندان پارچە گوێچکە ماسی دۆزرایەوە، کە باوەڕ وایە ئەوە جۆرە نوشتە یا جادوویەک بێت، لە یەکێک لە مۆڵگە بەردینەکان، لە ناوچەی(لی ئیزیس Les Eyzies) لە فەرەنسا سێسەد پارچە گوێچکە ماسی کونکراو، دۆزرایەوە، ڕەنگە لە بنەڕەتدا لە شێوەی ملوانکە دروست کرابێت، هەروەها لە(لاکروت دی کافیلان)دا، ئێسکی مرۆڤێک دۆزرایەوە، کە بە شێوازی هەڵ تروشکان- چیچکان- ناشترابوو و نزیکەی دووسەد گوێچکە ماسی لە چواردەوری سەری ریزکرابوو (17).

2- بۆیەی سوور(مەغەرە): چەند ئێسک بەندێک دۆزرایەوە کە بە ڕەنگی سوور( هێمایە بۆ خوێن)، بۆیەکرابوو، ئەمە ئەوە دەردەخات کە باوەڕکردن بە زیندوبونەوەی دوای مردن هەبووە، یان ڕەنگە بۆیەکردنی جەستەی مردووەکە یان ئێسک بەندی مردووەکە، بە ڕەنگی سوور، هەوڵێکە بۆ بارگاویکردنی مردووەکەیە بە هێزی ژیان، چونکە بە دیدی مرۆڤی پالیولیتی، هێزی ژیان لە خوێندایە، یان لەو بۆیە سوورەدایە، کە هێمایە بۆ خوێن، بۆ ئەوەی مردووەکە دوای مردن زیندوبێتەوە، یان دووبارە لەدایکببێتەوە، لە زۆربەی ئەو گۆڕانەی لە(کریمالدی و بافیلاند و کلاموران و برۆنۆ)ی دۆزراونەتەوە، ئەم سروتە پەیرەوکراوە(18).

## دیاردەکانی ئایینی پالیولیتی و شیکردنەوەیان

### 1-شامانیزم:

لە لاپەڕەکانی پێشودا لە گشت قۆناغەکانیدا بنەما سەرەکییە کرۆکییەکانی ئاینی پالیولیتمان، خستەڕوو، کە (پیرۆز)تیایدا دەردەکەوت، سەرەتا لە ئاگر دەرکەوت ئینجا لە ئاژەڵدا و پاشان گوازرایەوە بۆ سرووتەکانی ناشتن و سروت وێنەی ئەشکەوتەکان و کۆتەڵەکانی مێینە، واتە پیرۆزی یەک لە دوای یەک لەوانە دەرکەوتووە، ئەگەرچی (پیرۆزی پالیولیتی)، لە سەرەتادا، لە ئاگری دارستان و گڕکانەکاندا، دەرکەوتووە ونمایندەکراوە، بەڵام وردە وردە پیرۆزیەکە لە مرۆڤ نزیک بوویەوە، مرۆڤ توانی لە ئاگری ئەشکەوت و ئاگری سەرۆک خێڵ یان شاماندا، هەست بە بوونی پیرۆزی بکات، لای ئەوان شامان سیحرباز و پێشگۆ و پەیامبەر و پزیشک بوو، چونکە بەهرەی هەڵگیرساندنی ئاگر و توانای بە دەست هێنانی ئاگری هەبوو، پاشان کاتێک پیرۆز لە ئاژەڵدا دەرکەوت، مرۆڤ توانی ئاژەڵ ڕاو بکات و لە میانی ئەنجامدانی سرووتێکدا گۆشتی ئاژەڵەکەیان دەخوارد،(کە ئەمە یەکەم سرووتی تۆتەمگەری بووە)، بەم جۆرە مرۆڤ لە پیرۆز نزیکبویەوە.

لە قۆناغەکانی دواتردا، مرۆڤ دەرکی بەوە کرد کە دەتوانی بە دەستەکانی خۆی پیرۆز دروستبکات و پێکبهێنێت و دووبارە لە ڕێگەی وێنەی و پەیکەردا، دروستی بکاتەوە، بەم شێوەیە پیرۆز لەلایەن مرۆڤەوە بەرهەم هات و دروستکرا، کە دەلالەتی لە باوەڕی ناخ و دەروونی مرۆڤ کردوە، نەک دەلالەت لە بوونێکی دەرەکی بارگاویکراو بکات، هەروەک پێشتر لە ئاگر یا ئاژەڵی نێردا دەرکەوتبوو.

وەلێ شکۆ و پیرۆزێکی بارگاوی بە هێز، لە وێنەو پەیکەرەکانیدا، مایەوە و بەردەوام بوو، ڕەگ و ڕیشەی ئاژەڵی هەمیشە بەدوای مرۆڤەوە بوو، بۆیە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە

وێنەی سەردیواری ئەشکەوتەکان و پەیکەرەکانیش، شکۆ و سۆزی پیرۆزییان لە خۆگرتووە و بارگاوین بە وزەی ئاژەڵی.

پرسی نوێ لێرەدا بریتیە: هەرچەندە مرۆڤ بۆ گوزراشتکردن لە هزر و باوەڕێکی رۆحی و ناوەکی، پشتی بە شێوەیەکی دەرەکی بەست، وەلێ بنەما ناوەکیەکەی خۆی فەرامۆش نەکرد.....

بیرۆکەی خودان و سەروەری ئاژەڵان، لە کاتێک لە کاتەکاندا بیرۆکەیەکە لە بارەی ئەو پەیوەندییە پیرۆزەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، بە ئێمە بەخشی، پەیوەندییەکە خوداوەندێتی، یان پەرستن نییە، بەڵکو پەیوەندیەکە پەیوەندییەکی سیحریە، ئاژەڵی ماستەر یان گەورە کە جۆرێکی دیاریکراوە، مرۆڤ بەچاوی رێز و ترس و هەیبەتەوە تێیدەڕوانی، ئاماژە بە جۆری ئاژەڵ دەکات بەگشتی و بە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ یەک نموونەی جۆرەکە، هەستی بەستنی پەیوەندی بە گشت جۆرەکە، لە مرۆڤدا دروستدەکات، ئەوەش بنەمایەکی سیحرییە و یەکیک لە بنەمایەکانی سیحر بریتیە لە هۆکارە لە یەکچووەکان، بەرئەنجامی لێکچوویان لێ دەکەوێتەوە، واتە سیحربازەکە دەتوانێت بە ڕێگەی لاسایکردنەوە ویست و ئامانجەکانی بێنێتە دی، بێگومان شێوە سەرەتاییەکەی ئەو یاسا و بنەمایە بریتیی بووە لە وەی: کاتێک مرۆڤ زاڵ دەبێت بەسەر جۆرە ئاژەڵێک، ئەوە مانای ئەوەیە بەسەر گشت جۆرە ئاژەڵەکەدا زاڵبووە، هەندێک توێژەر بیرۆکەی سەروەری ئاژەڵانیان لەسەر بنەمایەکی (ئەفلاتوونی)یا (یونگی) لێکداوەتەوە(19). وەلێ بە دیدی من لێکدانەوەی سیحری، گونجاوتر و دروسترە، چونکە دەکری سەرەتایەکانی دەرکەوتنی سیحر، بگەڕێنینەوە بۆ ئەو چاخە، وە بە یەکەم ژانی لە دایکبوونی ئاینی دابنێین.

بێگومان دەرکەوتنی شامان لەو چاخەدا، دیاردەیەکی یەکلاکەرەوە بوو لە ڕەوت و باوەڕی ئاینیدا، پەیوەندی بە چەندان سرووت و ئەفسانە هەبووە، هەروەها ڕەنگە خودی شامان ڕابەرایەتی پرۆسەی شاردنەوە و ناشتنی سرووت ئامێزی کردبێت، ئیجا وسروشکاری و

ئاماژەکردنی گەشتکردن بۆ جیهانەکەی دیکە کردبێ، کەسی شامان ئەو چالاکیانەی بەهۆی بەرجەستەبوونی جادوویی لە زاتی خۆیدا ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەهۆی ئەو هێزە پاراسایکۆلۆجییە، کە وەک بەهرەیەک هەندێک پیاو هەیانبوو، کە رێخۆشکەربوو ببنە(شامان)ی سەردەمی خۆیان، بۆیە بە دووری نازانین، ئەو جۆرە پیاوانە نمایندەی هێزێکی دەرەکیان دەکرد و هێزەکەیان بەدوو ئاراستەی جیاواز(سودبەخش، زیانبەخش) بەکاردەهێنا، بۆیە لەو قوناغە بەرایانەدا، ناتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان سیحر و پاراسایکۆلۆجیادا، چونکە هەردووکیان لە یەک بنچینە، سەرچاوە دەگرن و دەرچوون، دەکری بڵێین سیحرباز، کەسێکی درۆزن و تەڵەکە باز نەبوو، بەڵکو خاوەن بەهرەو و توانایەکی کاریگەربوو، کە بەهۆیەوە ویست و ئامانجەکانی بەدەست هێناوە(20).

شامان ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە(سرووت و رێورەسمەکانی تێپەڕین و گواستنەوە)، کاتێک ئەو هەرزەکارانەی دەگەنە تەمەنی گەنجی، بەو پرۆسەیەدا تێدەپەڕن کە رێورەسمێکی سەختە و دەبێت هەموو هەرزەکارێک ئەنجامی بدات، بە مەبەستی گواستنەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی تەمەن، شامانەکان سەرپەرشتی پرۆسەکەیان دەکرد، بێگومان لە پالیولیتی بەرزدا (سەمای دەمامکدار)، هاتە کایەوە، کە لە سەمایەکەدا شامان بە بەژداربوونی هەندێک شامانی پلە نزم، رۆڵی(سەروەری ئاژەڵان)ی بەرجەستە دەکرد و پێست یان کەلەسەری ئاژەڵەکەی لەسەر دەکرد و هەندێک جوولە و رەفتاری ئاژەڵەکەی ئەنجامدەدا.

**شامانیزم (Shamanism):** باوەڕێکی سرووتی و سیحرییە، لە زۆربەی شێوەی ئاینیە سیحریەکان(فیتشی، رۆحانیزم، تەوتەمگەری)دا بەدی دەکرێت، تیایدا کەسایەتی شامان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لە چاخی پالیولیتی نزمدا و دواتر، شامانیزم پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کاتێک کە شامان ڕۆڵی پرۆمسیۆسی دەبینی، ئەو رۆڵە بەندو پەیوەستە بە دۆزینەوەی ئاگر، هەروەها ڕۆڵی بینین و پێشبینیکردنی هەبوو، دواتر ڕۆڵی شامان پەرەی

سەند لە لاسایکردنەوەی (سەروەری ئاژەڵان)، لە چاخی پالیولیتی ناوەراستدا، لە وێنەی سەردیواری ئەشکەوتەکانیشدا، شامان لە شێوەی ڕاوچی یان ڕاوکردنی گەورەدا، دەرکەوتووە، کە وێنەی هەندێک پیاو کێشراووە، سەما دەکەن یان تیر لە ئاژەڵان دەگرن، بێگومان ئەو پیاوانە کاهین و پیاوی ئاینی پالیولیتی بوون و چەندان ئەرکیان پێ سپێردرابوو.

## 2-مێخواوەندی دایک یان خودانی ماموس

ئەگەر سەروەری ئاژەڵان و شامان کە نمایندەی ئەو دەکات بەشی هەر زۆری چاخی پالیولیتیان پێکهێنابێت، ئەوا مێخواوەندی دایک یان خودانی ماموس، کە لە کۆتەڵەکانی (لیسبوگ و لیندروف)دا، نمایندە کراوە، دوا بەشی چاخەکە پێکدێنێت، شتێکی ئاساییە، کە دەبینین لە کۆتایی پالیولیتدا، کەسایەتی مێینە ئامادەگی هەیە، چونکە بنکە و لایەنی رۆحی مرۆڤ فراوانتربوو و بە چاوی پڕبایەخەوە لە بە پیتی و زاوزی و منداڵبوونی دەڕوانی، لەبەرئەوەی بەها و بایەخی کەمترنەبوو لە توخمی خۆراک و ئاگر، بۆیە ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر باوەڕی ئایینی هەبوو، هەروەها ئەرکی کۆکردنەوەی میوەهات و خۆراک و ڕاوکردن، کە تایبەتبوو بە پیاوان، ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر کەسایەتی(شامان) و (سەروەری ئاژەڵان)، هەروەها لەسەر دەرکەوتنی پیرۆز لە ئاگر و ئاژەڵ و پەرستگای ئەشکەوتەکاندا. لە پەرستگای ئەشکەوتی پالیولیتیدا، تێبینی ئەوە دەکرێت، هێمای توخمی مێینە لە چەق و ناوەراست دادەنرێت و هێمای نێرینەش لە دەوروبەری چەق دادەنرێت، ئەوەش دەلالەت لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی باوەڕی ئاینی دەکات، لە هەمان کاتدا پەیدابوونی مێخواوەندی دایک، کە لە ماموس دەچی، بەدوای خۆیدا هێنا.

ئەو دوو توخمەی مێینە، بووە هۆی ڕوشان و درزتێکەوتنی باڵادەستی ڕەهای نێرینە لە پالیولیتیدا و چاخێکی تازە دەستپێکرد و مێینە بووە ناوەند، ئیتر مێینە بووە سەرکردەو و

سەروەری ڕەها لە نیولیتدا، بەڵام باڵادەستی مێیینە زۆری نەخایاند و لە چاخی کالکولیتدا، دووبارە دەسەڵات بۆ نێرینە گەڕایەوە، ئەو جێگورکێی رۆڵە، ئاماژەیە بۆ دیالکتیکی بە پیتی ژیان و گەشەکردنی بەرەو کرانەوەیەکی ژیاری فراوانتر.

### 3-ئیسکاتولۆجیای پالیولیت:

ئیسکاتولۆجیا (Eschatology): بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە نەریت و باوەڕەکانی مردن، واتە دید و هزرەکانی مرۆڤ لە بارەی مردن، باوەڕەکان و سرووت و ئەفسانەی پێش مردن، کاتی مردن و دوای مردن لە خۆدەگرێت، ئیسکاتولۆجیا بنەمایەکە لە بنەمایەکانی هەر ئاینێک، جاچ ئاینەکانی قۆناغەکانی پێش مێژوو بێت، یا لە شارستانیەتە مێژوویەکانیدا.

ئیسکاتولۆجیا پێش میتۆلۆجیا پەیدابووە، لە شێوەی باوەڕ و سرووت و رێوڕەسمی پەیوەست بە مردن، دەرکەوتووە. لە چاخی پالیولیتی ناوەندا پەیدابوو، لە نەریتی ناشتنی پیرۆز، کە ئاماژەیە بۆ ناشتنی (مرۆڤ، ئاژەڵ، ئاگر، تەور)، پەرەیسەند، لە پێناو پاراستنی گیانی مردوو بوو، ئەو سرووتانە بوونە ڕەگ و تۆوی یەکەم باوەڕی دوای مردن و نەمری.

بەڵام ئیسکاتۆلۆجیای پالیولیتی بەرز، زیاتر پەرەی سەند و هەندێک خەسڵەتی نوێ هاتنەکایەوە و پەیدابوون، وەک نوشتەی گوێچەکە ماسی و بۆیەکردنی جەستەی مردوو بە ڕەنگی سوور، کە دەلالەت لە ویست و ئارەزووی مانەوەیەکی چاکتر بۆ مرۆڤ دەکات، هەروها پاراستنی لایەنی ڕۆحی و مادی جەستەی مردوو بە شێوەیەکی باشتر.

## 4-جیهانی منداڵدان و ڕەگەزە بەراییەکانی ئاین

ئەگەر لە توخمەکانی ئایین، لە سەرەتای پالیۆلیتەوە تا کۆتاییەکەی، ڕابمێنین ئەوا بە شێوەیەکی گشتی تێبینی ئەوە دەکەین، کە کۆمەڵێک ڕەگەزی بەرایی و بنەڕەتی وەک بەشێک لە پێکهاتەی ئاین، پەیدابوون و سەریانهەڵدا، دەکری بڵێین:(ئاگر، ئاژەڵ، گۆڕستان، ئەشکەوت، پەرستگەی ئەشکەوت، نوشتەی گوێچکەماسی، بۆیەی سوور، وێنەکان، کۆتەڵی مێینە)، گرنگترین رەگەزەکانن، ئەگەر بە باشی لەم ڕەگەزانە بڕوانیین، دەبینین ئەم ڕەگەزانە تا ڕادەیەک جیهانی منداڵدان(رەحم)  لای ژنان پێکدێنێت، بۆ نموونە ئاگر دەلالەت لە گەرمی منداڵدان و نەگۆڕی گەرمییەکە دەکات، ئاژەڵیش دەلالەت لە پێکهاتەی کۆرپەلە دەکات، کۆرپەلەی گشت ئاژەڵە خاوەن منداڵدانەکان، لە یەکدەچن، هەروەها نزیکە لە شێوەی ئاژەڵە بەراییەکان.

گۆڕ و ئەشکەوت و پەرستگای نێو ئەشکەوتەکانیش، (کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە)، و پەرستنی تیادا کردووە، هەر لە منداڵدان دەچن یان هەرخودی منداڵدانن، کەواتە ئەشکەوت هێمایە بۆ منداڵدان، کە جەستەی تیایدا حەشاردراوە و نهێنیەکانی ژیان و لە دایکبوونی تیایدا شاردراوەتەوە، هەروەها دیواری ئەشکەوتەکانیش کە نیگار و وێنە یەکەمەکانی مرۆڤی لە سەرکێشراوە، وێنەکانی هیۆل(مادەی یەکەم)و شێوە ناکۆک و تەجریدیەکانی تیایدا بەرجەستە ببوو، هەندێک جار گوزارشتیان کردووە لە تارماییە بەرایەکانی جیهانی رەحم و منداڵدان، کە پڕە لە توخمەکانی ژیان و نهێنیەکانی.

نوشتەی گوێچکە ماسیش، گوزارشت لە ژیانی بەرایی ناو ئاو و مایە و شلەمەنیەکانی منداڵدان دەکات، بۆیەی سووریش، هێما و ئاماژەیە بۆ خوێن، کە هێزی ژیان و خۆراک و سیمای جیهانی منداڵدانە.

دوا ڕەگەزیش کە لە پێکهاتەکانی منداڵدان دەچی، بریتیە لە کۆتەڵەی مێینە، کۆتەڵەکە گوزارشت لە بەردەوامی ژیان دەکات، لە بەرئەوەی مێینە دایەن و سەرچاوەی ژیانە،

هەروەها ئەم دیمەنە منداڵدانە، دەمانباتەوە بۆ بیرۆکە یان وێنەی فیردەوس، ئەگەرچی چاخی پالیولیت فیردەوسی مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکو وێستگەی ڕەنج و کۆششیکی مەزن بوو، وەلێ ڕوانینێکی گشتی بۆ ڕەگەزەکانی ژیان و کارنەکردن و تەمبەڵی و ژیان گوزەراندن و کات بەسەربردن لە باوەشی سروشتدا، ئاماژە و هەستکردن بە فیردەوس دروست دەکات....مرۆڤی ئەوکات لە نێو باخێکدا ژیاوە، میوەهات و بەری دارەکانی خواردەوە و دەستکەوتووە، بە بێ ئەوەی رەنج بدات و رۆڵی هەبێت لە بەرهەمهینانیدا، بەڵکو بە ئاسانی دەست دەکەوت، بێگومان ئەو دیمەنە (منداڵدانە/ فیردەوس)-یە، لە نیولیتشیدا بەردەوامی هەبووە، دوای ئەوەی مرۆڤ ناچار بوو زەوی بەکاربێنێ و کاروکۆششێکی مەزن ئەنجامبدات لە چاندن و ئاودان و رێکخستن بەکارهێنانی زەوییەکە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکانی دەرووی دووەم:**


1 بڕوانە، لیرمان، روبرت ل: الطریق الطویل الى الانسان، ترجمة د. ثابت جرجیس قصبجی، الموسسة الوطنیه للطباعه و النشر بیروت، مؤسسه فرانكلین للطباعة و النشر، نیویورک، 1963

Joseph; the masks of god; primitive mythlogy. Viking ،2-Campbell 1959.p.359، new york،press


هەندێک توێژەر ئاماژە بەو ئامرازانە ناکەن کە لە ئێسک دروستکراوە، بەڵکو تەنیا ئاماژە بەو ئامرازانە دەکەن کە لە چاخی ئایۆلیتدا لە چەوو دروستکراوە.

3–عدة مصادر سوفيتية: الميثولوجيا و نشوء العبادات القديمة. ترجمه د. حسان اسحاق. دمشق، الابجدية للنشر، 1993، ص 35

4–ئەفسانەکانی یۆنان وا دەگێڕنەوە، کە پرۆمسیۆس خواوەندێک بوو یاخی بوو لە خواوەندان و ئاگری دزی و دای بە مرۆڤی یەکەم و فێری کرد چۆن بەکاریبێنێت، جۆزێف کامبڵ لە کتێبی (دەمامکەکانی خودا)دا، دەڵێ، مرۆڤی یەکەم وەک پرۆمسیۆسە، بەهۆی ئەوەی توانیویەتی ئاگر بەدەستبێنێ و بەکاربێنێ.

5–بڕوانە، السواح، فراس: دین الانسان(بحث فی ماهیه الدین و منشا الدافع الدینی)، منشورات علاءالدین، دمشق 1994، ص88

Joseph:The masks of god:primitive mythology.p.339.،6–Campbell

6– بڕوانە، فروید، سیجموند: الطوطم و الحرام، ترجمة جورج طرابیشی، منشورات دار الطلیعه، 1983. مرۆڤناس "رێنیە گیرار" بڕوای وایە، سرووتی قوربانیدان ئامرازێک بووە بۆ رێگەگرتن لە توندوتیژی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ سەرچاوە و بابەتی توندوتیژییە، بۆیە قوربانیدان دەبێتە رێگر لە بەردەم کەسێک کە دەیەوێت توندو تیژی بەرامبەر کەسێکی دیکە بکات، بەم جۆرە ئاراستەی توند وتیژیەکە بەرەو ئاژەڵ دەگۆرێت، سەبارەت بەم بابەتە بڕوانە کتێبی(القداسة والعنف)، ی رێنیە گیرار.

8– بڕوانە توینبی، ارنولد: تاریخ البشریة ج1، ترجمة، نقولا زیاده. الاهلیه للنشر و التوزیع، بیروت، 1981، ص 39

9– بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

1965، landon، Graham and stuart Piggott: prehistoric،Clark

landon 1960،Graham:wolld prehistory،Clark

jacquetta and sir leondotd woolley:the bcgining of civilization،Hawkes، 1963،1. London

10- حنون نائل: عقائد  مابعد الموت ط2 دائرة الشوون الثقافيه العامة بغداد، 1986، ص32

11- كورهان، ارليت لوروا: انسان نياندرتال فی كهف شانيدر، ترجمة جميل حمودی، مجلة سومر المجلد 25، 1969 ص ص 274- 275

بڕوانه الماجدی خزعل: الطب و علاقته بالسحر والاسطوره والدين فی تراث وادی الرافيدين، رسالة دكتوراه، بغداد 1996

12-  دوو ياسا له بواری سيحردا هه‌يه، يه‌كه‌ميان بريتيه له ياسای له‌يه‌كچوون، به گوێره‌ی ئه‌م ياسايه هۆكاره له‌يه‌كچووه‌كان به‌رئه‌نجامی لێكچوويان لێده‌كه‌وێته‌وه،سيحرباز ده‌توانێت له رێگه‌ی لاساييكردنه‌وه، ئامانجه‌ی بێنێته دی، ياسای دووه‌ميش بريتيه له ياسای په‌يوه‌ندی.

13- بڕوانه، السواح، فراس: دين الانسان ص 145، بڕوانه، Leroi ،Gourhan 1971، paris. Mazonod،A;Prehisloite de an occidental

14-السواح، فراس: دين الانسان ص 150

15-المرجع السابق ص 156

London 1969، Grahan and stuart piggatt; prehistoric socirties،16-Clark

London ، Edwin o: myth and Ritual in ancient Near East،17-James p.33،1958

London 1935.،18- Levy. Gertulrude r: the gate of horn

19-كما فعل ذالک جوزيف كامبل فی اقنعة الله و فراس السواح فی دين الانسان.

20- الماجدى خزعل: الطب و علاقته بالسحر والاسطوره والدين فى تراث وادى الرافيدين، رسالة دكتوراه، بغداد، 1996، لەو کتێبەدا بوارەکانی سیحر بۆ چەند بە شێک دابەش دەکات، بواری پاراسایکۆلۆجیا، بواری سۆزداری، بواری درۆ.

## دەرووی سێیەم:

## ئایینی میزۆڵیتی(ئایینی شوانەکان)

### ئایینی میزۆڵیتی(ئایینی شوانەکان):

بەستەڵەکی فرم لە ئەوروپا توایەوە و دوا چاخی بەستەڵەک(چاخی بەستەڵەکی چوارەم)، کە مرۆڤ تیایدا ژیاوە، کۆتایی هات، ئینجا چاخێکی نیمچە گەرم لە ئەوروپا و باراناوی لە رۆژهەڵاتی نزیکدا دەستیپێکرد... لە نیشانەکانی ئەو چاخە نوێیە(کە ئێمە هێشتا تیایدا دەژین)دا، بریتیە لە کۆچکردن و داهێنان. چاخی میزۆلیت دوو مێژووی هەیە، یەکەمیان ئەوروپاییە، کە دریژکراوەی نەریت(ترادسیۆن) و کەلتووری پالیۆلیتی بەرزە، دووەمیان رۆژهەڵاتیە، کە گۆڕانکارییەکی جۆری روویدا و رێخۆشکەربوو بۆ چوون و ڕەوتکردن بەرەو چاخی بەردینی نوێ (نیولیت).

له هەردوو مێژوودا پیشە و درووستکردنی ئامێری ووردی، بەردین(مایکرۆلیت= Microlith)، بڵاوبوەوە، بەوە جیادەکرێتەوە کە زۆر بە ورد و کارامە دروست دەکران.

لەم چاخەدا بۆ یەکەم جار مرۆڤ هەوڵیدا ئاژەڵ ماڵی بکات و دانەوێڵە و بەری دارەکان هەڵگرێت و خەزنی بکات. وردە وردە ئاژەڵە مەزنەکان کە ڕاوچیەکان بە گروپ و هاوکاری و پێکەوە ڕاویان دەکرد، لە زۆربەی ناوچەکان نەمان و لەناوچوون و ئەو ئاژەڵانەی ئێستا هەن جێگای ئەوانیان گرتەوە، بە کورتی واتە سەردەمی ڕاوکردن بەرتەسک بویەوە و کزبوو، سەردەمی شوان و شوانکاری سەریهەڵدا.

هەروەها لە سەر ڕووبار و کەناراوەکان و ئاو ڕێژگە و کانی و سەرچاوەکان و پێدەشتەکاندا، ناوچەی نوێی نیشتەجێبوون پەیدابوون، پێویستیان بە ئەشکەوت و مۆڵگە بەردینەکان و دارستان نەما.

وادیارە لەوچاخەدا هەوڵ و کۆششی زۆر کراوە، بۆ چاندنی ڕووەک و دانەوێلە، بەڵام کشتوکاڵ بە مانا ڕاستەقینەکەی لە سەرەتای هەزارەی نۆیەم پ.ز هاتە کایەوە و یەکەم ئاژەڵی ماڵیکراویش بریتی بوون لە بزن و مەڕ و بەرازی کێوی(1).

**کەلتووری میزۆلیتی رۆژئاوایی و رۆژهەڵات**

**1-میزۆلیت رۆژئاوایی(2)**

**أ-کەلتوورەکانی هاوتای چاخی بەردینی کۆن.**

1-کەلتووری ئازیلی (Azilian): ئەم کەلتوورە لە فرنسا هەبووە، ئەوانە کۆکەرەوەی میوەهات بوون و تەنیا سەگیان ماڵیکردبوو، ئامرازەکانی خۆیان لە بەردی(سوان)

دروستکردبوو کە ئامرازی بچووکبوون، هەروەها شاخ و ئێسکی ئاژەڵیان بەکارهێناوە و قولاپی ماسییان دروستکردوە هەروەها بەردی کوارتزی نەخشێنراو و بۆیەکراو بە ڕەنگی سووریان بەکارهێناوە.

2-کەلتوری ئەستوریا (Asturian): ئەم کەلتوورە لە ئیسپانیا هەبووە، ژیان و گوزەرانیان بەندبوو بە هێلکە شەیتانۆکە و ئامرازە بەردینیەکانیان لە چەو وبەردی بچووک درووستدەکرد.

3-کەلتوری تاردینوس (Tardenosin): ئەم کەلتوورە بەشیکی زۆری ئەوروپا دەگرێتەوە و ڕەنگە گەیشتبێتە باکووری ئەفریقاش، تایبەتمەندی ئەم کەلتورە لەوە دایە کە ئامرازی بچووکی شێوەی ئەندازەیی وەک سیگۆشە و کەوانەیان بەکارهێناوە.

4-کەلتوری راوچییەکانی ئاسکی ڕەنە: ئەوانە پاشماوەی ئۆرکناسی مەجدەلینین، دوای خۆشبوون و گەرمبوونی ئاوهەوا، ئاسکی ڕەنە بەرەو باکوور کۆچیی کرد، ئەوانیش دوای ئاسکەکان کەوتن  بۆ باکوور رۆیشتن، لەناو دارستانەکاندا ژیان، تیرکەوان و قولاپی ماسیان درووستکرد.

**ب-ئەو کەلتورانەی نزیکن لە چاخی بەردینی نوێ**

1-کەلتوری ماگلمۆسی (Maglemosean): ئەوانە لە دارستانی زۆنگاوەکاندا دەژیان، هەر لە دورگەکانی بەریتانیاوە بگرە  تاکو فینلەندە و دانیمارک و ئەڵمانیا و باشووری سوید، گرنگترین پیشەی ئەوانە بریتی بوو لە: ڕاوکردنی ماسی و ئاژەڵی دیکە و ماڵیکردنی سەگ.

2-کەلتوری ئیرتبولی (Ertbolle): ئەوانە لە کەناراوەکانی وڵاتی دانیمارک دەژیان و ئامرازیان لە هێلکە شەیتانۆکە و گوێچکە ماسی و ئێسک دروستدەکرد، لە نێو دارستانەکەی ئەوانەدا، ئاسکی سوور، بەرازی کێوی و ریوی کێوی هەبوو، کێرد(چەقوو) و دەفر و ئامان

و لولەک و گۆزەیان دروستدەکرد، گۆزەکانیان جیاواز بوو و بە ڕەنگی تۆخ و بۆیەیان کردوە.

3-کەلتوری قوڵف یا دەسک (Tanged – Point): ئەوانە لە ناوچەی بەڵتیکدا دەژیان، بۆیە بەو ناوە ناوبراون، چونکە ئەوانە ئامرازە بەردییە سوانیەکانیان بە دەسکی ڕمەکانیانەوە دەکرد، ئەو کەلتورە لە رۆژئاوای روسیا و کەناراوەکان دەریای ڕەشدا بڵاوببونەوە.

| تی ڕۆژئاوایی | تی ڕۆژهەڵاتی |
|---|---|
| ورەکانی نزیک لە پالیۆلیت: | کەلتورەکانی باکوری میزۆپۆتامیا |
| ئازیلی | زەرزی |
| ئەستوریا | زاویێ- چەمێ |
| تاردینۆسی | کەریم – شار |
| کەلتوری ڕاوچەیکانی ئاسکی ڕەنە | مەلفەعات و گرد چای |
| لتوورەکانی نزیک لە نیۆلیت: | تورەکانی سوریا: |
| ماگلیمۆسی | کەباری |
| ئیربتۆلی | نتوفی |
| کەلتووری دەسک | وری میسری (حەلوان) |
| | ووی ئێرانی (ئەشکەوتی حەزام). |

**خشتەی (6) کەلتورەکانی میزولیتی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی دیار و دەستنیشان دەکات.**

## 2-میزۆلیتی ڕۆژهەڵاتی

أ-کلتوورەکانی باکوری میزۆپۆتامیا

1-کلتوری زەرزی: ئەم ناوە لە ناوی ئەشکەوتی زەرزی (لە پارێزگای سلیمانی) وەرگیراوە، هەندێک ئامرازی بەردین، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چاخە لە چەندان ناوچە لە باکووری عیراق-کوردستان- دۆزراوەتەوە، هەندێک لە ناوچەکانی وەک: ئەشکەوت و مۆڵگە ناوچیاکان و لەگەڵ هەندێک گوند و جێنشینگە، هەروەها ئەشکەوتی(زەرزی و پاڵە گەورە و شانەدەر B)، لەم کەلتورەدا یەکەم ئەزمون و دەست پێشخەری کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵ، سەریهەڵداوە. واتە پلە بە پلە دانیشتوانی زەرزی لە کۆکردنەوەی میوەهات گوازرانەوە بەرەو ژیانی کشتوکاڵی.

2-کلتووری زاوی- چەمێ: یەکەم گوند لە جیهاندا لێرەدا پەیدابوو، زاوی- چەمێ لە سەر زێی گەورەیە، نزیک ئەشکەوتی شانەدەر، پاشماوەی کوخەکانی بریتین لە دیواری قوڕینی نارێک، کە بناغەکەی لەسەر بەردی چەوبین داندرابوو، هەروەها پاشماوەی هەندێک کوخی بازنەیی دۆزرایەوە، لە مێژوودا یەکەم ئاماژەیە بۆ بوونی خانوی نیشتەجێبوون، لە کوخەکەدا چەند ئامرازێکی ناوماڵ دۆزرایەوە، وەک: بەردی کوتین و هاون و بەردی دەستاڕ. لەم کەلتورەدا مەڕماڵیکرا، زەمەنی کەلتوری زاوی چەمێ هاوکاتە لەگەڵ ئەو زەمەنی بۆ سەردەمی نتوفی مەزەندە کراوە.

3-کەلتووری کەیم-شایەر: ئەم شوینەوارە لە نزیک چەمچەماڵە، لەوی هەندێک ئامرازی پەیوەست بە کشتوکاڵ دۆزرایەوە، وەک: داسی دروستکراو لە نوکە ڕم و تەوری بەردین بۆ کێڵان و بەردە دەستاڕ.

4-کەلتوری مەلفەعات- گرد چای: رۆژ بە رۆژ گرنگی و بایەخی مەلفەعات زیاتردەبێت و وا مەزەندە دەکرێت، کە ئەم شوێنەوارە پێش چەرموو بێت، شوێنی شۆرشەکەی چاخی نیولیت

بێت، لەم شوێنەوارەدا گوندێک دۆزرایەوە، کە خانووەکانی لەناو زەویدا هەڵکەنداربوو و دیوارەکانییان بازنەیی بوون و بە بەرد بونیادنرابوو و ناڕێک بوو و ناوەوەی ژورەکان وردە بەرد و چەو بوو.

**ب-کەلتوری سوریایی**

1-**کەلتوری کەباری:** ناوەکەی لە ناوی ئەشکەوتی(کەبارا)، وەرگیراوە، کە دەکەوێتە باشووری چیاکانی فەلەستین، لە وڵاتی ئوردنیش، دۆڵی حەمە(الحمه) و دۆڵی حەسا و حەسمای باکوورو دۆڵی مودەمخ(المدمخ)و خەزانە و دۆڵی جیلات، نوێنەرایەتی ئەو کەلتورە دەکەن، ئەو کەلتورە بەوە جیادەکرێتەوە، کە ئامێرەکانیان لە بەردی سەوان(الصوان)، کە بەردێکی سەختە، دروستدەکرد و هەروەها بەردی تیژوهی کڕاندن و نوک تیژیان بەکارهێناوە، لەو کەلتوورەدا ئاسک و بەراز کەروێشک و ڕێوی و بالندە، ماڵیکران.

2-**کەلتوری نتوفی:** ئەو ناوەش لە ناوی دۆڵی نتوف وەرگیراوە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاری قودس، کەلتوری نتوفی ترۆپک و باڵاترین کەلتووری چاخی میزۆلیتی دەنوێنێت، مرۆڤەکانی ئەو کەلتورە کشتوکاڵیان کردوە و توانیان ئاژەڵ ماڵیبکەن و گڵێنە و گۆزە بە شێوەیەکی ساکار دروستبکەن، هەروەها ئاینی نتوفی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد.

**ج-کەلتوری میسری- جەخت لەناوچەی حەلەوان کراوەتەوە.**

**د-کەلتوری ئێرانی:** پاشماوەی ئەو کەلتوری لە ئەشکەوتی حەزام( الحزام) بەدی دەکرێت، کە دەکەوێتە کاناراوەکانی باشووری دەریای قەزوین، بە گشتی پاشماوەی ئەو کەلتورە هاوشێوەی پاشماوەکانی کەلتوری عیراق و فەلەستینە.

**دیاردەکانی ئاینی میزۆلیتی**

ئایە دەکرێ ناوی ئاینێکی جیاواز، لە باوەڕەکانی چاخی میزۆلیتی، بنێین، کە ئەو چاخە چوارهەزار ساڵی خەیاندوە و کەوتۆتە نێوان هەردوو ئاینی پالیولیت و نیۆلیتدا؟

ئەگەر لێکۆڵینەوە لە بارەی سروشتی کەلتوری میزۆلیتی بکەین و شارەزای ئەو بابەت و خاڵانە ببین، کە جیای دەکاتەوە لە کەلتوری پێش و دوای خۆی، ئینجا دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. لە وەڵامێکی وردی ئەم پرسیارەدا دەڵێین پێکهاتەی هەردوو چاخەکەی تیادایە، بەڵام پێکهاتەیەکی جۆرییە، چونکە هەندێک توخمی تیادایە، وردە وردە لە ناو کەلتوری نیولیتدا نامێنێت، لە ڕووی بنەماوە دەتوانین دیاردەکانی ئاینی میزۆلیتی، بەم شێوەیە لێی بکۆڵینەوە: چالاکی باوەڕە جادوییەکان و دەرکەوتنی رۆڵی ئافرەت تیایدا: بێگومان زۆربەی ئایین و باوەڕە جادووییەکان لە پالیولیتدا دەرکەوتن، وەلی چەندی بەرەو نیولیت بڕۆیین ئەوا مومارەسەکردن و ئەنجامدانی چالاکیە جادووییەکان زیاتر دەبوو، لە سەردەمی میزولیتدا چالاکییە جادووییەکان زۆرفراوانبوو، لە بەر ئەوەی ئەم سەردەمە سەرەتای نیمچە جێگیربوونی مرۆڤ بوو لە گوند و جێنشینگەکاندا و پێویستی بەوە هەبوو هێدی هێدی دەست بەسەر هۆکارەکانی سروشتدا بگرێت، دەکرێ ئەویش بە ڕێگەی سیحر و جادوو بیهێنێتە دی، هەرچەندە ئێمە لە کتێبێکی تایبەتدا بە درێژی باوەڕە سیحری و جادووییە بنەڕەتیەکان(( فیتشی، روحگەرایی(ئەنیمیزم)، تەوتەمگەری))، ڕووندەکەینەوە و شرۆڤەی دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبی ئاماژە بەوە بکەین، کە فیتشیزم، بریتیە لە باوەڕکردن بە هێزی شتەکان، نوشتە و مۆرو و بەرد، بابەتی سەرەکی فیتشیزم پێکدێنن، لە ڕوانگەی مرۆڤ هێزەکانی گەردوون لەو بابەتانەدا بەرجەستە دەبێت و کاریگەریان لەسەر دەوروبەر هەیە، بۆیە مرۆڤەکان کاتێک دەچوون بۆ ڕاوکردن یان شوانکاری، نوشتە یا مۆرو یان بەردێکی تایبەتیان بەخۆوە هەڵدەواسی بۆ ئەوەی ژیانییان پارێزراوبێت.

ڕۆحگەرایی(ئەنیمیزم)یش بریتیە لە: باوەڕبوون بەوەی کە ڕۆحەکان جیهان و ژینگە و دەوروبەری مرۆڤی داگیرکردوە وگشت بوونەوەرەکان ڕۆحیان هەیە و لە هەموو شوێنێکدا هەن، دەکرێ بچێتە نێو هەموو شتێکەوە واتە هەموو شتێک گیانی تیایدایە، جا شتەکە بەردبێت یان ڕووەک یان ئاژەڵ بێت، بۆیە لە میانی هەڵسوکەوتکردنێکی باش لەگەڵ ڕۆحەکاندا، پێویستە سرووت ئەنجام بدرێت.

هەرچی تەوتەمگەرییە، بریتیە لە پەرستنێکی سیحری، کە لە پەرستنی ئاژەڵاندا پەیدابووە و پەرەیسەندووە، کە لە پالیولیتدا باووبووە، بنەمای سەرەکی لە تەوتەمگەریدا بریتیە لەوەی باوەڕ وایە ئاژەڵێک یان ڕووەکێک یان دیاردەیەکی سروشتی باپیرە گەورە و پارێزەری خێڵ یان گروپەکەیە و پەیوەندیەکی خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. باوەڕی(شامانیزم)یش، کە پێشتر لە بابەتی پالیولیتدا باسمان کرد، لێرە بەردەوامی هەبوو، و ئەو کەسانەی بەهرەمەند و هێزێکی دیاریان هەبوو، دەیانتوانی پەیوەندی بە گیانەکانەوە بکەن و بەکاریان بێنن بۆ هینانەدی مەبەست و کارەکانی خۆیان، وەک: ڕاوکردن و باران باراندن و شیفا بەخشین و چاکبونەوە لە هەندێک نەخۆشی و ڕوبەڕووبونەوەی کارەساتەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕەنگە لەو کاتەدا شامان سەرۆک و ڕابەری ئاینی و کۆمەڵایەتی گروپەکە بوبێت. (بڕوانە دیمەنی ڕاوکردن و سەمای میزولیتی، شێوەی 11و12و13).


پەرستنی سەرۆک خێڵ لە باوەڕی شامانیزمەوە، پەیدابووە و سەرچاوەی گرتووە، کە هێزی لە رادەبەدەر درایە پاڵ سەرۆکەکان، سرووت ڕێورەسم بۆیان ئەنجامدەدرا ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ بەهێزبوونیان.

دوور نییە باوەڕەکانی پەیوەست بە پەرستنی سروشت و دیاردەکانی وەک: خۆر، مانگ و ئەستێرە و بروسکە و باران لەو سەردەمەدا هەبووبێت و سەریهەڵدابێت، وەلێ تەنیا پەرستنی ڕاستەوخۆی ئەو دیاردانەبوو و نەگەیشتە چەمکی خواوەند، واتە ئەو دیاردانە بەخواوەند دانەنران. لە ئاکامی پەرستنی شامان و سەرۆکەکان، بە تێپەڕبوونی کات

پەرستنی باوان- باپیران-، پەیدابوو، کە ئەمە لە ئاکامی بە پیرۆزکردن یان لە ڕێزگرتنی لە ڕادەبەدەری باپیرە بەراییەکانی خێڵ هاتوتەکایەوە. بە تێپەربوونی کات پیرۆزکرنەکە پتەوتر و جێگیرتردەبوو، بەهۆی زیادبوونی و دروستبوونی ئەفسانە و گەورەکردنی باپیران و هەروەها بەهۆی ویست و ئارەزووی خێڵ بۆ هێنانەدی یەکگرتن و یەک ڕیزی، پێویستیان بە بنەمایەکی ڕۆحی هەبوو.

لە میانی کرداره جادووییەکاندا، رۆڵی ئافرەت هەمیشە دیار و بەرچاوبووە کە درێژکراوەی هێزە مێینەکەیەتی لە زاوزێکردندا، کە لە پالیولیتی بەرزدا ئەو هێزەی ئافرەت جێگەی بایەخ بوو. پێشتر سیحر و جادوو بوار و کاری پیاوان بوو، دواتر ئافرەتیش ئەو رۆڵە نوێیەی بینی و بەرجەستەکرد، دەبوایە لە ناو لادێ بمێنێتەوە بۆ چاودێریکردنی ڕۆڵەکانی، بایەخدان بە دانەوێڵە و تۆو میوەهات و ئامادەکردنی خواردن و نەخشکردنی بەردەکان، ئەو ئەرک و ڕۆڵەی ئافرەت لە کۆتایی پالیولیتی و سەرەتای میزۆلیتا هەبووە.

لە(شێوەی ژمارە 8)دا، دوو دیمەن دەبینین، یەکەمیان وێنەی پیاوێکە تیر دەگرێتە نێچیرێک، دووەمیان وێنەی ئافرەتێکە کە سرووتێکی جادوویی ئەنجامدەدات و لە میانیدا هێز دەبەخشێتە پیاوەکە، وەک لە شێوەکەدا دیارە ئافرەتەکە هەردوو دەستەکانی بەرزکردۆتەوە، تاکو لە ڕێگەی ئەندامە جنسیەکاینەوە، کە بە دەزویەکەوە بە ئەندامە جنسیەکانی پیاوەکە بەستراوەتەوە، هێزە جادوویەکەی بۆ پیاوەکە بگوازێتەوە. لە وێنەکەدا، قەبارەی ئافرەتەکە گەورەترە لە هی پیاوەکە و هەیمەنەتی لە دیمەنەکەدا دەردەکەوێت.



**شێوەی (8) سیحربازی میزولیت- باکووری ئەفریقیا**

تابلۆیەکی میزۆلیتی هەیە، لە گوندی جاوە لە وڵاتی ئۆردن دۆزراوەتەوە، کە لە دیمەنی ڕاوکردن دەچی، بە بۆچوونی من، پەرستنی کەلەسەر، کە لە کەلتووری (ئەریحا)ی، نیولیتی بەرچاودەکەوێت، پێشتر لە ژیاری ئەزیلی لە ئەوروپا لە ناوچەی ئۆفتت لە بافاریا هەبوو، لە ناو گۆڕێکدا شەش کەلە سەری تیایدابوو، کە لە جەستەیاندا جیاکرابوونەوە و لە گۆڕێکی دیکەشدا (27) کەلە سەر هەبووە، هەموویان ڕوەو رۆژئاوا ڕیزکراون و بە ڕەنگی سوور بۆیاغ کراون، هەندێک کەلەسەر ئیسکی ملی پێوەیە، کە ئەوە دەلالەت لە بڕینی سەرەکە دەکات(4).

2-**میگالیت (Megalit):** رەنگە پەیکەر و بت، یا بەردی میگالیتی (تاوێری مەزنن)، زانایان لە هەموو بابەتێک زیاتر گفتوگۆیان لە بارەیەوە کردووە، سەبارەت بە سەرەتا و سەردەمەکەی....ئەو پەرستنەی کە باسی دەکەین لە (هەزارەی سێیەم و چوارەمی پ.ز)، لە زۆر شوێن لە ئەوڕوپادا بڵاو بوو. بنەڕەتی پەرستنەکە ڕۆژهەڵات بووە. بە دیدی زانایان پەرستنی میگالیت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نیولیتی یا میزۆلیتی، وەلێ زانایان زیاتر دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی میزۆلیتی.


پەیدابوونی ئەو بەردە میگالیتانە (بەرد= Lith، گەورە= Mega)، وەک شوێنێکی پەرستن یا گۆڕستانی کەسانی گرنگ. ئاماژە و مەبەستێکی ئاینی بە دواوەبووە، وەلێ نازانین بەردەکان لە خودی خۆیاندا دەپەرستران، یانیش هێما و ئاماژە بوون بۆ شت و بوونێکی دیکە.

ئەو پەیکەرە بەردینانە لە شام (سوریا و فەلەستین)، هەن و ماون (شێوەی 9)، پێدەچی ئەو میگالیتانەی شام، ڕەگ و ڕیشەی ئەو پەیکەرانە بن کە لە سەردەمانی دواتردا لە ناوچەکە پەیدابوون. دەکرێ میگالیت بۆ سێ جۆر پۆلین بکرێن:

1-**دۆلمین (مێزی بەردین)** Dolmen : ئەوە وشەیەکی بریتیونیە، ئاماژەیە بۆ ئەو بەردانەی، کە زۆر بڵند نین و لە مێز دەچن، دواتر شێوەی ئەو (دۆلمین)انە، ئاڵۆزتر بوون، لە چەندیین ژووری پێکەوەبەستراو پێکهاتبوون.

2-**مەنهیر (Menhir):** ئەوەش هەر وشەیەکی بریتونیە، بە واتای بەردی درێژ دێت، ئەوانە هەندێک بەردی درێژن و بەجیا و تاک تاک دانراون، هەندێ جاریش بە شێوەی بازنەیی ڕیزکراون، ناوی کرۆملیشی لێنرا.

3-**ئاوگە(حەوز) یا بازنەی بەردین:** ئەو جۆرەیان لە شێوەی بازنەییە کە لە حەوزی گەورە دەچن، بەردەکان بە ڕێکی ریزکراون.



**شێوەی (9) پەیکەر و مەنهیری جیا جیا لە ئوردن و فەلەستین**

بە گوێرەی باوەڕی میللی، ئەو بت و پەیکەرانە لەلایەن بونەوەرە زەبەلاحەکانەوە دروستکراون، ئەو باوەڕە لە کتێبی "پەیمانی کۆن"یشدا، ڕەنگیداوەتەوە، وەلێ زانست ئەو باوەڕە ڕەتدەکاتەوە. میگالیتەکان جگە لەوەی شوێنی پەرستن بوون، ئاماژەش بە شێوازێکی

تایبەتی مردوو ناشتن دەکەن، شێوازەکە پشت دەبەستێت بە سیستەمێک لە باوەڕی ئاینی و میتۆلۆژی. باوەڕ وایە کە ناشتنەکە قوربانیدان بە ئاژەڵ یا بە مرۆڤ، لەگەڵدابووە.

هەرچەندە لێکۆڵینەوەی فراوان لە بارەی باوەڕی میگالیتی، نەکراوە، کەچی بە کۆنترین باوەڕی مرۆڤی کۆن دادەنرێت، لە بارەی مردن و دوای مردن، باوەڕەکە پەیوەستە بە گۆڕستان و پەرستگا و گۆڕی مەزن، پێش ئەوەی ئەو پەرستگایانەی هەن و باون، پەیدابن.

چەندان بەردی میگالیتی لە نزیک (تەلیلاتی غەسول و لە حەسبان و لە رۆژهەلاتی جەرەش و دەوروبەری شاری ئەربەد)، لە ولاتی ئوردن دۆزراوەتەوە(5).

## 3-ئیسکاتۆلۆجیای میزۆلیتی:

ئەگەر بەردەکانی میگالیت تەنیا لایەن یا ڕووێکی ئیسکاتۆلۆجیا (باوەڕەکانی تایبەت بە مردن)، لە چاخی میزۆلیتی پێکهێنابێت، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری لە لایەنەکانی دیکەی ئەو باوەڕە، ڕوویداوە، بۆ نموونە کەلتووری "نتوفی" ئەوە پیشاندەدات، کە لەناو گۆڕەکاندا ملوانکەی گوێچکە ماسی داندراوە و جەستەی مردووانیش بە ڕەنگی سوور بۆیە کراوە (شێوەی 10).



شێوەی (10) گۆڕێکی کۆنی نتوفی لە شاری ئەریحا، چاڵە بچووکە بازنەییەکان کە بە گەچ سواغ دراوە، شوێنی ئەمبارکردنی دانەوێڵەیە، هاونەکەش دەلالەت لە ئامادەکردنی خواردن و چاندن دەکات. هەزارەی نۆیەمی پ.

له میزۆلیتیدا بەرە بەرە نەریتی دانانی ئامرازەکانی ناوماڵ و چەکی بەردیین لە ناو گۆڕەکاندا، پەیڕەو کراوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بایەخی زیاتریان بە ئیستالۆجیا داوە. وەلێ ناتوانین لێکدانەوە بۆ ئەو نەریتە بکەین.

### 4-کۆتەڵی ئاژەڵی و مرۆیی:

دوای ونبوون و دابڕانێکی درێژ، دووبارە پەیکەر لە کەلتووری نتوفیدا سەریهەڵدایەوە، هەر لە بەراییەکانی ئەم کەلتوورەدا پەیکەری ئاژەڵی وەک: سەگ و ئاسک دروستکراوە، وادیارە مرۆڤ لەو قۆناغەدا ئەوانەیماڵیکردوون، هەروەها تەورێکی بەردیین کە بۆ کەلتووری (کەباری) دەگەڕێتەوە، دۆزرایەوە، وێنەی سەری ئاژەڵێکی لە سەر نەخشکراوە(شێوەی 14).

وەلێ پەیکەری مرۆڤ لەو دەمدا بە سادەیی دروستکراوە، کە بە تەواوی لە مرۆڤ ناچێت، پەیکەرەکە لە ناوچەی "عەین مەلاحە" دۆزرایەوە(شێوەی 15).


هەندێک پەیکەری دیکەی مرۆڤ لە "عەین مەغارە ئەلواد" و لە "عەینان رەئس عزال" دۆزراوەتەوە، کە زیاتر سیمای مرۆڤیان هەیە. وەلێ ئەو پەیکەرە بچوکەی بە (دوو دڵدارەکە)، کە لە "عەین سەخەر"، دۆزراوەتەوە (شێوەی 16)، جوان و سەرنج راکێشە، دەلالەت لە باوەڕ و ڕوانینی مرۆڤ دەکات سەبارەت بە سێکس.




شێوەی (11) دیمەنێکی ڕاوکردنی/ چاخی میزۆلیتی- کاستالبون.




شێوەی (12) هەندێک ئافرەت، کە سیمای سیحربازیان هەیە، سەما دەکەن/ چاخی میزۆلیتی- کاستالیون.




شێوەی (13) پیاوێک ڕمێکی بەدەستەوەیە/ چاخی میزۆلیتی- کاستالیۆن.



شێوەی (14) پەیکەری دوو ئاژەڵ، لە قوڕ              من المنحطة.



شێوەی (15) پەیکەری مرۆڤ/ کەلتوری نتوفی ن الملاحة ومن مغارة الواد.



شێوەی (16) پەیکەری (دوو دڵدارەکە) لە ؛ عين صخري.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


1-الدباغ،.تقى والجادر وليد:عصورماقبل التاريخ مطبعةجامعة بغداد، 1983، ص 125- 129

Robert; the morning of mankind New york 1967-،2-Silverbery

New york 1963، Miles: the old stone age،Burkitt

New york 1957، Garleton s: the seven caves،Coon

3-باقر،طه: مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة، بغداد، دار الثقافة 1973، ص 183

4-الاحمد، سامى سعيد: العراق القديم ط1. كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد 1978، ص117

5-الماجدى، خزعل: ميثولوجيا الاردن القديم. وزارة السياحة و الاثار فى الاردن عمان 1997.

## دەرووی چوارەم

### ئایینی نیۆلیتی

## (ئایینی قۆناغی کشتوکاڵی)

### کەلتوورەکانی نیۆلیت: پێگە و بەشەکانی:

ماڵیکردنی ئاژەڵان، کۆگاکردن و کشتوکاڵکردنی گەنم و دانەوێڵە کێویەکان لە کۆتایی میزۆلیتدا گەیشتە لوتکە، ئەمەش ئاماژە بە دەستتێوەردانی مرۆڤ دەکات بە هۆش وئاگاییەوە لە بەخێوکردنی هەندێ لە جۆرە ئاژەڵەکان کە ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەردەگرت، ئەم ماڵیکردنەی ئاژەڵان پێشەکییەکی پێویست بوو بۆ کشتوکاڵکردن بۆزیادکردنی رووەکەکان، هەروەها دەستتێوەردانی راستەوخۆی مرۆڤ بە هۆشەوە لە پەروەردەکردنی هەندێ لە رووەکەکان، ئەوڕوەکانەی کە ڕاستەوخۆ سوودی لێ وەردەگیرا، ئەمەش ئەو شتەیە کە پێی دەڵێین کشتوکاڵ.

دۆزینەوەی کشتوکاڵ گەورەترین دەسکەوت و دۆزینەوە بووە، کە مرۆڤ بە دەستی هێنابێت، چونکە سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی شارستانیەتی مرۆییە. ئەگەر دۆزینەوەی نووسین کۆتایی بە چاخەکانی پێش مێژوو هێنابێت و بووە هۆی دەستپێکردنی چاخی مێژوویی، ئەوا کشتوکاڵ کۆتایی بە هەنگاوە خاو و سستەکانی چاخە بەردیینەکان هێناو هەنگاوەکانی پێشکەوتنی مرۆڤی خێراتر کرد، بەرەو نووسین و وەچەرخان لە مێژوودا.

به دۆزینەوەی کشتوکاڵ، پرۆسەیماڵیکردن و ڕاگرتن و  بەخێوکردنی ئاژەڵ فراوانتر بوو، واتە شوانکاری و بەخێوکردنی ئاژەڵ شێوەی فراوانی وەرگرت، کە ئەوەش لەلایەن خۆیەوە بەشدار و هۆکار بوو بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی کشتوکاڵ. قۆناغی نوێی دوای کشتوکاڵیش بریتی بوو لە نیشتەجێبوون و درووستبوونی گوند و لادێ، ئەوەش سەرەتای وەچەرخان بوو لە ژیانی مرۆڤدا و بووە هۆی ئۆقرەیی و جێگیربوونی مرۆڤ لە شوێنێکدا. دروستکردنی خانوو وای لە مرۆڤ کرد لە جیانی ئەوەی لە ژێر هەژموونی سروشتدا بێت، بەهرەمەند بێت و خۆی بۆ سروشت مەلاس بدات و بەسەریدا زاڵ بێت، هەروەها کۆمەڵە مرۆڤێک لە جێگایەک ئۆقرەیان گرت و کۆبوونەوە، زەوی سەرچاوە و بژێوی ژیانیان بوو.

مرۆڤ بە تۆ وەشاندن و چاندنی زەوی، بەرهەمێکی زۆری دەسکەوت، لە ئاکامدا ژیانی کەسانی گروپ و کۆمەڵەکە دابینکرا، بە بێ ئەوەی تاکەکانی ناچاربن بە دوای خۆراکدا بگەڕێن و کۆچبکەن.

گشت ئەو دەسکەوتانە کاریگەریان هەبوو لە سەر پێکهاتەی دەروونی و ڕۆحی و ئایینی مرۆڤ، پێشتر هۆز و خێڵ بنەمای کەسەکان بوو لە ژیاندا، ئینجا خێزان بووە جێگرەوەی، دایکیش بووە چەق و سێنتەری خێزان، چونکە ژن زاوزێ دەکات و منداڵی دەبێت، هەروەها دایەن و بەخێوکەرەن کە تا ئەو کات پیاو تەنیاڕاوچی یا شوانکاربوو، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵەکەشی لە پرۆسەی وچەنانەوە و منداڵ دروستکردندا نادیار بوو، نە پیاوەکە دەیزانی و نە ئافرەتیش دەرکی بە بایەخی پیاوەکە دەکرد. چونکە کات و ماوەی نێوان جووتبوونی ژن و پیاوەکە و دەرکەوتنی یەکەم نیشانەی سکپڕی و منداڵبوون درێژ و زۆر بوو، هەروەها بۆ مرۆڤی بەرایی بوار نەڕەخسابوو، درک بە بوونی پەیوەندی نێوان جووتبوون و منداڵبوون بکەنەوە، بە تایبەت کە تازە بەرەو کشتوکاڵ و ژیانێکی جێگیر هەنگاوی نا بوو.

دواتر بە درێژی باس لەوە دەکەین، چۆن کشتوکاڵ و وەرزێری ڕەنگدانەوەی هەبوو لە سەر باوەڕی رۆحی و ئاینیی مرۆڤ، پەرەسندنێکی جۆری لەو بارە ڕوویدا، بە بەراورد لەگەڵ

چاخی پێشوو. لە بەر ئەوەی بیرۆکەی بە پیتی(خسووبەت)، بووە کرۆکی ئاینی نیولیت، کە ئەو چاخە ماوەی سێ هەزار ساڵی خایاند.

باکووری میزۆپۆتامیا و فەلەستین، یەکەمین ناوچە و پێشەنگن، کە ئەو وەچەرخان و شۆڕشە کشتوکاڵیەی تیادا ئەنجامدراوە. ئەوەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە چاخی میزۆلیت لەم دوو ناوچەیەدا زوو پێگەیشتبوو و گەشەی کردبوو، ئەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە ئەو ڕاستیە دەردەخەن، وەلێ ڕەنگە پرۆسەی بەدوایەکهاتنی چاخ و کەلتوورەکان لە باکووری میزۆپۆتامیادا، رێکتر و پێشکەوتوتر بووە، کەچی لە فەلەستین و وڵاتی شامدا، ئەو پرۆسەیە بە یەکجار و ویەک هەنگاو ڕوویدا، واتە پەرەسەندنەکە لەوێ وەک باکووری میزۆپۆتامیا رێکخراو نەبوو، ئەوەش ئەو هزر و هەستەمان لەلا دروست دەکات، بڵێین نیولیتی باکووری میزۆپۆتامیا پەرەسەندنێکی جۆری و فراوان بووە.


راستە ئەگەرچی فراوانبونی بازنەی میزۆلیتی نتوفی بەرەو ئەریحا، جیاواز بوو، وەلێ ئەوە هیچ لە بایەخی کەلتووری میزۆلیتی باکوری میزۆپۆتامیا (زەرزی و کەریم شار و مەلفەعات)، کەمناکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو پاشماوە و و شوێنەوارانەی لەو ناوچانە دۆزراونەتەوە و بۆمان ماونەتەوە، بەهادار و گرینگن و بایەخیان کەمتر نییە لەو شوێنەوارانەی لە "کرمل" یا "ئەریحا" بەجێ ماون و ماونەتەوە، دوای ئەوەش شوێنەواری "چەرموو"، کە درێژکراوەی میزۆلیتی میزۆپۆتامیایە، پێشەنگێکی مەزن و گرینگی نیولیتی میزۆپۆتامیایە و دەسکەوتێک و شوێنەوارێکی بەهادارە، هەروەها لەم دواییەدا پاشماوە و شوێنەوارێکی هاوشێوەی "چەرموو"، کە دەگەڕێتەوە هەمان چاخ لە ناوچەی "تەمەر خان"، باکوری شارۆچکەی مەندەلی، دۆزرایەوە.

ئەگەر بڕوانینە باکووری میزۆپۆتامیا، چەندان شوێنەواری گرینگی نیولیتی، کەلتوور و شارستانیەتی یەک بەدوای یەکی نیولیتی، دەبینین، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە ئێران و ئەنادۆڵ و سوریادا، دەبینرێ. ئەو خشتەی خوارەوە بەدواییەکدا هاتنی کەلتوورەکانی

نیولیتی دەخاتە ڕوو بەرامبەری لە شوێنەوارەکانی (سەر بەو کەلتوورانە و پاشماوەکانین)، جێگەی سەرنجە لە چاخی نیولیتیدا هیچ شوێنەوارێکی میسری بەرچاو ناکەوێت، بۆیە دەرکەوتنی میسری بەرامبەرە بە کەلکولیتی میزۆپۆتامیا.

| ەکانی دۆڵی ڕافیدەین– نیولیتەی | | ەکەی پ.ز (بە ساڵ) | | ڵ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۆزەگەری (چەرموو) | | 6200- | | تەپە | یالک |
| و | | 6000 – | | ۆران | ارا |
| ران | | 5800 – | ،تل ئەسود | هیۆک | ورده |
| ونه | | 5100 – | منحەتە | هیۆک | کوش |
| ا | | 4900 – | لیلات غسول | | |
| | | | | ر | ەراب |

خشتەی (7) کەلتوورەکانی نیولیت




شێوەی (17) کەلەسەری جیاکراوە لە جەستەکانیان، لە ئەریحا(نیولیتی پێش گۆزەگەری)، دۆزراوەتەوە، دەلالەت لە (پەرستنی کەلە سەر) دەکات.

## دیاردەکانی ئاینی نیولیتی

### 1-دیاردەی کۆن/نوێ

أ- پیرۆزکردنی ئاژەڵ: پەرستن و پیرۆزکردنی ئاژەڵ، کە پێشتر ئەو پەرستنە لە هەردوو چاخی بایۆلیت و میزۆلیتدا، باو بوو، لەو چاخەشدا هەر بەردەوام بوو.
هەرچەندە شۆرشی کشتوکاڵی وای لە مرۆڤ کرد ڕوو بکاتە پەرستن و پیرۆزکردنی ڕووەک و توخمەکانی بە پیتی ڕووەک، کەچی ئەو ئاراستە گۆڕینە پیرۆزکردنی ئاژەڵانی لە ناو نەبرد و شوێنەواری ڕەنگدانەوەی ئەو پیرۆزکردنە لە چەندان پەیکەری داتاشراوی ئاژەڵان، وەک: ئاسک، مانگا، مەڕ، سەگ..و وێنەکانیان لە سەر گۆزەکاندا، کە لە چەندان ناوچەی رۆژهەڵاتی نزیک، لە چاخی نیولیتدا، دەردەکەوێت. هەروەها لەم چاخەدا جگە لە پەرستنی ئاژەڵ، ئاینی تەوتەمگەریش بەردەوامی هەبوو، بە بۆچوونی ئێمە هەندێک توخمی ڕووەکی بۆ پەرستنەکە زیادکرا، لەگەڵ تەوتەمی دیکە سروشتی.

**ب-پەرستنی کەلەسەر:**

ئەو کەلەسەرانەی لە ئەریحا (شێوەی 17)، دۆزرانەوە، گرنگترین دیاردەی ئاینی قۆناغی پێش گوزەری، چاخی نیولیتیمان پیشاندەدات، کەلەسەرەکان بە قوڕ پڕکراونەتەوە و ڕوخساریان بە گەچ سواغ دراوە، سەدەفیان لە جێی چاوەکان داناوە، "10" کەلە سەر دۆزرایەوە. شێوەی هەندێک لە کەلەسەرەکان وا دەردەخەن، کە ئەوانە بەشێکن لە سرووتی مانەوەی یادەوەری کەسەکان، دوای مردنیان، ئەوە دید و بۆچوونی شوێنەوارناس (سیتون لیود)-ە، کەچی لە دیدی توێژەر (کۆڤان)، ئەو کەلە سەرانە بەڵگەن لەسەر، نەریتی پەرستنی

کەلەسەر، لەبەر ئەوەی مرۆڤی کۆن سەری بە بارەگای ڕۆح داناوە، بڕوایان وابووە سەر دەفرێکە بۆ هێزی پیرۆز، بە گوێرەی (کۆڤان)، ئەوە کەلە سەری دوژمنان نین، بەڵکو هی مردووەکانی خۆیانە و پارێزگاریان لێکراوە، چونکە وەک پێشتر وتمان، کەلەسەر دەفری هێزی پیرۆزە، ڕەنگە ڕێزگرتنی گیانی مردووان هۆکار و هاندەر بێت بۆ پاراستنی ئەو کەلە سەرانە(2).

بەدیدی (فیراس سەواح)یش، نمایندەکردن و دیاریکردنی ئەو کەلەسەرانە و هەوڵدان بۆ پێککهێنانی ڕوخساری مرۆیی، سەرەتای پەیدابوونی بیرۆکەی خواوەندە، کاتێک (( هزری ئاینی چووە نێو قۆناغی دیاریکردن و ناسینەوە، مرۆڤەکان لە میانی بەرجەستەکردن و نواندنی کەسایەتیدا، هەستیان بە هێنانەدی هێز دەکرد، ئینجا پلە بە پلە هێزەکە لە زەینی ئەواندا گۆڕا بۆ هێزێکی دەسەڵاتدار، هەروەها تێکشکانی بنەمای هێزی باو بۆ چەندان هێزی دیکە، بەم جۆرە خواوەندانە پەیدابوون)) (3).

**ج- قوربانیکردنی ئاژەڵ و مرۆڤ و ڕووەک:** بەڵگەیەکی وردی مێژووییمان لەبەر دەستدا نییە، سەرهەڵدانی قوربانیدانی مرۆیی دەست نیشان بکات، وەلێ وای بۆ دەچم، کە ئەو سرووتە لەگەڵ ئاینی پالیۆلیتدا، هاوکاتە، دوور نییە دۆخی ئابووری هۆکارێک بێت لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەو سرووتە، بەڵام هۆکاری سەرەکی نەبووە، واتە ترسی مرۆڤ لە برسیەتی و ترس لە قاتوقڕی و دەستنەکەوتنی خۆراک، وای لە مرۆڤ کردووە، لە میانی سرووتێکی ئاینیدا منداڵەکانی بکاتە قوربانی، زیادبوونی (( قوربانیدان لە کاتی کەمی خۆراکدا، زیاتر دەبوو، تەنانەت زەبری دیمەنە خوێناویەکەی دەگەیشتە ئەو پەڕی، وەلێ کاتێک کۆمەڵگەکان بۆ بژێوی ژیانیان پشتیان بە ڕووەک بەست، لە پێناو مسۆگەری و پشتیوانیکردنی زۆری بەرهەم، قوربانیدان بە ئاژەڵ جێگەی قوربانیدان بە مرۆڤ، گرتەوە)) (4). لەگەڵ تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ و جێگیربوونی، کشتوکاڵ بووە مەزنترین هۆکاری ئابووری لە ژیانی مرۆڤدا، کە ئەوە ڕەنگدانەوەی لە سەر لایەنی ڕۆحی هەبووە،

قوربانیدانیش هاوکات بوو لەگەڵ وەرزی تۆ وەشاندن و دروێنەدا، چونکە زەوی و تۆ پێویستیان بە خوێنی پیرۆز هەبوو، بۆیە ئەو ئاژەڵانەی لە چاخی میزۆلیتدا، بە پیرۆز دادەنران، دەکرانە قوربانی  وەرزی دروێنە، لە تێڕوانینی ئەواندا، وەک (( قوربانیدان و سەربڕینی یەزدانی کشتوکاڵە، لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە برسییەتی، ئەوا خواوەندەکە دەبێتە قوربانی و خەڵکەکەش جەستەکەی دەخۆن، وەک چۆن پێشتر لە چاخی بەردینی کۆندا لە دەوری نێچیردا کۆدەبوونەوە و دوای دڵدانەوە و شیوەن و لاواندنەوە، گۆشتی نێچیرەکەیان دەخوارد، دروێنەش هەر بە هەمان شێوە بوو، واتە پرۆسەی دروێنەکردن دڵدانەوە و لاواندنەوەی لەگەڵدابوو، جووتیاران گۆرانی خەمناکیان دەچڕی، بۆیە کێڵگەکانی دانەوێڵە لە کاتی دروێنەدا، لە تازییە و پرسە دەچوو، خەڵک و جوتیاران خۆیان وا پیشان دەدا، کەوا خەمبارن، چونکە ناچارن خواوەند یا رۆحی ڕووەک بکوژن، واتە ڕووەکەکە جەستەی خواوەند بوو، ئەوان بەرهەم و داهاتی ئەو جەستەیان دەچنی و کۆدەکردەوە)) (5).

قوربانیدان بە ئاژەڵ و بە ڕووەک لە چاخی نیولیتدا باو بوو، ئاژەڵە قوربانیەکە (جا چ بەران یا گوێلک یا ئاژەڵکی دیکە با)، بە دارە بەردارەکانەوە هەڵدەواسرا، بۆ ئەوەی دارەکە بەرێکی باش بدات و بەرهەمەکەی زۆر بێت. ئەم دیمەنە ڕەنگدانەوەی لە سەر هونەری بیناسازی ژیار و شارستانیەکانییەکانی چاخە مێژوویەکاندا هەبووە، هەروەها لە پەیکەرە ئاینیەکان و پەرستگاکاندا ستوون بەرچاو دەکەوێ، کە لە شێوەی لقی دار دروستکراوە و تاجێکی هەیە لە شێوەی سەری ئاژەڵە، وەک ئەوەی ئەو سەرانە بۆ دارەکان کرابنە قوربانی.

## 2-کۆتەڵ و شێوەی خواوەندی

أ-مێخواوەندی دایک و گەشەسەندنی:

بێگومان دەرکەوتنی مێخواوەندی دایک (Mother Godess)، لە خۆرهەلاّتی نزیکدا، لە سەرەتای نیولیتدا، گرینگترین دیاردەی چاخە بووە و دەرکەوتنەکەی شتێکی ڕێکەوت و نامۆ نەبوو، لە ڕوانگەی منەوە پەیوەندی هەیە لە نێوان دەرکەوتنی مێخواوەندی دایک لە سەرەتای پالیۆلیتی بەرز لە ئەوروپادا، لەگەڵ دەرکەوتنی لە نیولیتی لە ڕۆژهەلاّتی نزیکدا.... دەرنەکەوتن و بەردەوامنەبوونی لە ماوەی نێوان ئەم دوو چاخەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێخواوەندی دایک لە پالیۆلیتی بەرزدا، پەیوەست نەبوو بە کشتوکاڵ و بە پیتی گەردوونی، بەڵکو تەنیا بەندبوو بە خسوبەت و بە پیتی تاک و زاوزێ.... بۆیە بایەخ بە کەسایەتیەکەی نەدرا و زۆر بلاّونەبۆوە، کەواتە کشتوکاڵ هۆکاری بایەخ پێدان و بلاّوبوونەوەی پەرستنی مێخواوەندی دایک بووە.

بە دیدی مرۆڤی کۆن، ئافرەتی قەڵەو وپڕ و بە پیت و ئاوس، بەرامبەر و هاوتایە لەگەڵ زەویەکی بە پیت و پڕ بەرهەم، وا باوە کە ئافرەت کشتوکاڵی دۆزیوەتەوە، ناوک و تۆوی ڕووەکەکانی هەڵگرتووە، بۆیە پلەی ئافرەت بەرزکرایەوە بۆ ئاستی خواوەند...دواتر مرۆڤ باوەڕەی بەوە هەبوو کە مێخواوەندی دایک، هۆکاری بە پیتی زەوییە.

لە سەرەتادا، مرۆڤ زەوی بە ئافرەتی قەڵەو چواندووە و ئەمەیانی بە مێخواوەند داناوە، پاشان لاسایی مێخواوەندیان کردۆتەوە. بەم شێوەیە ئافرەت بووە سەرۆک خێڵ، خەسڵەتەکانیشی بریتی بوون لە: هێز، بەپیتی، تەندرووستی، چونکە هاوتای مێخواوەندی دایکە، ئینجا سرووتەکانی پەرستن پەیدابوو، کە لاساییکردنەوەی ئافرەت بوو.

پرۆسەی لەیەکچوون و لاساییکردنەوە، جەوهەری دراما پێکدێنێت و بڕوا وایە پەرستنی مێخواوەندی دایک لە چاخی نیولیتدا، لە شوێنێکی چۆلەوانی ئەنجامدراوە، لەسەر ئەو


زەوییەی کە مرۆڤ بە نیاز بوو تۆوی بکات و بیچێنێ، واتە زەویەکە دەبووە شوێنی پەرستنەکە، بۆیە کۆتەڵەکانی مێخواوەندی دایک، کە شێوەیەکی قوچەکیان هەبوو، بەشی لای خوارەوەی وەک تیر وابوو، لە کاتی کشتوکاڵکردن لە زەوییان دەچەقاند، بەڵام کۆتەڵی شێوە هەرمێ کەلای خوارەوەیان پان بوو، لە سەر زەوی دادەنران. پەرستنی مێخواوەندی دایک چەندان سرووتی جیاوازی لە خۆ دەگرت و تێکەڵاوی چەندان توخمی دیکەی درامی و ئاینی، کرابوون.

لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەوکاتدا، پیرۆز یا (هێزی مەزن)ی بوون، لە ناو هەردوو خەسڵەتی بە پیتی و زاوزێ دایە و هەیە، کە هەردووکیان خەسڵەتی ئافرەتن، دواتر پیرۆز بە مێینە(ئافرەت و زەوی)ی خاوەن سروشتی خواوەندی چواندراوە و شوبهێندراوە، بەم جۆرە دەرکەوتنی مێخواوەندی دایک لە ناوچەکانی نیولیتدا، بە دوایەکداهات، مۆرک و شێوە و خەسڵەتی گشت قۆناغوکانی مێخواوەندی دایکی پاراست.

بە پێویستمان زانی بە دوایەکهاتنی قۆناغەکانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی مێخواوەندی دایک کە کرۆکی ئاینی نیولیتییە، بە گوێرەی ڕیزبەندی کەلتوورە نمونەیەکانی ئەم چاخە، بخەینە ڕوو:

**یەکەم: مێخواوەندی دایک پێش گۆزەگەری(هەزارەی هەشتەم پ.ز)**


**1-مێخواوەنەدی تەل ئەسوەد لە سووریا:** وێنە و کۆتەڵەکانی ئەم مێخواوەندە، لە بارو حاڵەتی دانیشتندایە، هەڵئاوساوە و دەستێکی لە ژێر مەمکەدانیدا داناوە، بە ووردی و شارەزایی دروست نەکراوە، ئەندامە مێیینەکانیشی دیار نیین.




**شێوەی (18) مێخواوەندی تەل ئەسوەد**

**2-مێخواوەندی مەربیت لە سوریا:** کۆتەڵی ئەم مێخواوەندە، ڕوخساری نادیارە (شێوە 19)، مەمکەکانی بچووکن بە بەراورد بە جەستەکەی، ئەندامەکانی مێینەی دیارە و دەستەکانی خستۆتە ژێر مەمکەکانیەوە، ئەم شێوازە ڕەگ و سەرچاوەی دیارترین شێوازەکانی وێنەی مێخواوەند (عەشتار)-ە، کە دەلالەت لە مێیەتی و بەخشین دەکات، کۆتەڵێکی دیکەی ئەم مێخواوەندە هەیە، کە بایەخ بە دەرخستنی ئەندامەکانی مێیینە دراوە.


**3-مێخواوەندی مونحەتە:** ئەوە ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای ئوردن، ئەو کۆتەڵەی دۆزراوەتەوە شێوەی لە ئاژەڵ دەچێت، لووت و چاوەکانی قەبە و زلن، بایەخ بە دەرخستنی مەمکەکانی دراوە (شێوە 20).



شێوەی (19) مێخواوەندی مەرییت




شێوەی (20) مونحەتە مێخواوەندی



شێوەی ( 21) مێخواوەندی

4-مێخواوەندی ئەلبەیزا: بریتیە لە ژمارەیەک کۆتەڵی بچووک، سمت و مەمکەکانیان زل و قەبەنن شێوە (21).


5-دایکە ترسناکەکە(Mere Terribli): ئەم کۆتەڵەش هەر لە ناوچەی مونحەتە دۆزراوەتەوە، شێوازێکی دیکەی دیمەنی مێخواوەندە، کە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، چاوەکانی لە چاوی مار دەچێت و لووتی درێژە و مەمکەکانی دیار ئاشکران، سمتێکی زلی هەیە، خەسڵەتی ئاژەڵی و ئەهریمەنی و نێرینە لە شێوەکەدا هەیە (شێوەی 22).



شێوەی (22) دایکە ترسناکەکە

## دووەم: مێخواوەندی دایک دوای چاخی گۆزەگەری


1**-مێخواوەندی چەرموو:** لە شوێنەواری چەرمووودا چەندان کۆتەڵی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە، کە نمایندەی مێخواوەندی دایک دەکەن. زۆربەی کۆتەڵەکان لە حاڵەتی دانیشتن دان، بایەخ بە دەرخستنی ئەندامی مێیینە دراوە، هەندێک کۆتەڵیش لە حالەتی ڕاوەستاندان، هەندێک ماسکی مێیینەش، ڕەنگە پەیوەست بێت بە مێخواوەندی دایک لە شوێنەکە دۆزرایەوە. ڕوخساری هەندێک کۆتەڵ دووچاری شێواندن بووە (شێوەی 23).



**شێوەی (23) نموونەیەک لە مێخواوەندی چەرموو**

2**-مێخواوەندی ئەلسەوان (الصوان):** لە ناوچەی تەل ئەلسەوان‌دا، شێوازێکی پێشکەوتوی کەلتووری نیولیتی بەدی دەکرێت، تیایدا شێوەی مێخواوەندی دایک پەرەیسەندووە، چەندان کۆتەڵی مێخواوەند لەوێ هەبوون، کە شێوەیان تاڕادەیەک قەڵەو دیارن، سەری کۆتەڵەکان بە قیر سواغ دراوە، کە ئەوە ئاماژەیە بۆ ڕەنگی قژ، سەدەف لە جێگەی دوو چاوەکە دارندراوە و برۆییان هەیە و مەمکەکانیش بچووکن، بە بەراورد بە جەستەی و سکی هەڵئاوساوە، ڕانەکانیش زلەو هەردوو دەستەکانی لە سەر سکی داناوە، بە دانیشتن و بە ڕاوەستاوی کۆتەڵ دروستکراون، لە هەندێک کۆتەڵدا لە بری ئەندامی سێکسی، سێگۆشەیەک کراوە،

زۆربەی کۆتەڵەکان لە مەڕمەڕ داتاشراون (شێوەی 24).




**شێوەی (24) دوو نموونەی مێخواوەندی ئەلسەوان**

**3-مێخواوەندی چەتال هیۆک:** دۆزینەوەی پاشماوە و شوێنەواری چەتال هیۆک لە باشووری ئەنادۆڵ، لە ساڵی 1958 دا، لە لایەن شوێنەوارناس "جیمس میلات"، مەزنترین دەسکەوتی چاخی نیولیتە، ئەو شوێنەوارە گەورەترین و دیارترین شوێنەواری ئەم چاخەیە، ئامراز و کەرەستەکانی ئەم شوێنەوارە، مایەی خۆشحاڵی و سەرسوڕمان بوو.

چەتال هیۆک جێنشینگەی جووتیار و شوان و گاوانەکان بووە، جگە لەوە چەندێک پیشەوەری کارامەش لەوێ ژیاون و هەبوون، دانیشتوانی چەتال هیۆک بازرگانیشیان کردووە.

دەکرێ پەیکەرەکانی ئەم شوێنەوارە بەم شێوەی خوارەوە ریزبکەین:

**أ-مێخواوەندی زاوزێ**: پەیکەرەکانی مێخواوەندی دایکی ئەنادۆڵی لە چەتال هیۆک، شێوازێکی نوێ بوو، کە پێشتر لە جێگەی دیکەدا نەبینراونن ئەو مێخواوەندە لە سەر کورسەیەک دانیشتووە و لە حاڵەتی ژانی منداڵبووندایە، بە دەستەکانی سەری دوو دەڵە شێری گرتووە، یا وەک دەسکی کورسی دەستی لەسەر داناوە، مەمکەکانی شۆڕبونەتەوە (شێوەی 25).




شێوەی (25) مێخواوەندی زاوزێ/ چەتال هیۆک- 6000 پ. ز

**ب-مێخواوەندی پڵنگان:** وەک لە دیمەنی پەیکەرەکە دیارە، مێخواوەندکە لەسەر زەوی دانیشتووە و جوتێک پڵنگی لە سەر شانەکانی داناوە، ئەوە پەیوەندی مێخواوەندەکە بە ئاژەڵان دەردەخات، ڕەنگە ئەم مێخواوەندە (سەروەری ئاژەڵان)بێت، دیمەن و ڕوخسارەکەی دەلالەت لەوە دەکات کە بەهرەیماڵیکردنی ئاژەڵی کێوی هەبووە (شێوەی 26).



شێوەی (26) مێخواوەندی پڵنگان/ چەتال هیۆک 6000 پ. ز


**ج-مێخواوەندی سیسارک:** وێنەی سیسارک لە سەر دیواری شوێنەواری چەتال هیۆک کێشراوە (شێوەی 27)، لە شێوەکەدا دیارە سیسارک لە باری هێرش و نیشتنەوەیە لە سەر جەستەی مردووان، ((بە پشتبەستن بەو وێنانە و توێژینەوەی پەیکەری ئێسک بەندی مرۆڤەکانی چەتال هیۆک، توێژەران گەیشتنە ئەو ئاکامەی کەوا جەستەی مردووان لە سەر سەکۆیەکی بڵند لە شوێنێکی تایبەت دادەنرا، بۆ ئەوەی سیسارک، گۆشتی مردوەکە بخوات و تەنیائێسکبەندەی دەمایەوە، سەکۆیە بڵندەکە جەستەی مردووەکە لە سەگ و کەمتیار و ئاژەڵی دیکە دەپاراست، واتە جەستەی مردووان تەنیابۆ باڵندەی مێخواوەندی دایک تەرخاندەکرا، هەرکاتێک سیسارک بە گۆشتی مردووەکەی خواردبا، ئینجا ئێسک بەندەکەیان دەبردە شوێنێکی تایبەت، تاکو وەرزی هاتنی بەهار لەو شوێنە دەبوو، ئەوکاتە خێزانەکە ئێسک بەندی مردووەکەی خۆیان دەبرد و لە ژێر سەکۆی نووستن و دانیشتنی ماڵەکەی خۆیاندا، دەیانناشت، پەرستگاکانیش بۆ ناشتنی جەستەی کەسایەتییە دیار و گرنگەکان تەرخانکرابوو)) (6).



**شێوەی (27) مێخواوەندی سیسارک، کە لە سەر دیواری پەرستگای چەتال هیۆک کێراوە 6000 پ. ز**


**د-مێخواوەندی جووت:** وێنەکان لە دوو شێوەی جووت و تێکەڵاو پێکهاتوون، یەکێکیان مەمکی هەیە و ئەوەی دیکە مەمکی نییە، تا یەزدانی (کوڕ-گا)ی لێ بێتە دونیاوە، ئەو یەزدان یا خواوەندەی لە ژێرەوەیەتی، بەڵام لەویشەوە سەریهەڵداوە.

**ە-مێخواوەندی خاچ:** پەیکەرەکە ڕوخسارێکی نادیاری هەیە، قەدو باڵاییێکی ڕێکی هەیە و ناوکی دیارە، هەردوو دەستەکانی وا بەرز کردۆتەوەن لە شێوەی خاچ دەچێت، هەردوو قاچەکانیشی قیت وەستاوە. وەک دوو قاچی کراوە، ڕەهەندی دووەمی پەیکەرەکەی پێکهێناوە (شێوەی 28).



**شێوەی (28) مێخواوەندی خاچ، پەیکەریچک بە دیواری پەرستگای چەتال هیۆک**


4-**مێخواوەندی حەسسونە** (هەزارەی شەشەم پ. ز): لەم شوێنەوارەدا ژمارەیەک کۆتەڵی قوڕینی مێخواوەندی دایک، دۆزرانەوە، کە سەر و دەستەکانیان شکابوون و ئەندامی مێیینەیان دیار و بەرچاوە (شێوی 29)، وێنەی ئافرەتێکیش لە سەر گۆزەیەک کێشراوە، ڕوخسارێکی خڕی هەیە و سێ هێلی ستوونی لەسەر ڕوومەتی کێشراوە، قژی کراوەتە کەزی و بۆ هەر لایەک چوار کەزی شۆڕبۆتەوە.



**شێوەی (29) نمونەیەک لە میچخواوەندی حەسسونە 6000 پ.ز**

**5-مێخواوەندی ئەنادۆڵ (هەزارەی شەشەم  پ.ز):** مێخواوەند لەم پەیکەرەدا وا دەردەکەوێت، کە بە دەستەکانی مەمکەکانی خۆی گرتووە، ڕووخساری بە تەواوی دیارە، لە چاوەکانیەوە تاکو گوێچکەی درزکراوە و لوتێکی ئاسایی هەیە و جەستەیەکی جوان و مێینە، سینگ و سک و ڕان و سمتی زل و هەڵئاوساوە، ڕەنگە ئەوە جوانترین پەیکەر بێت کە نمایندەی بە پیتی بکات، پەیکەرەکە لە بلووری بورکانی داتاشراوە، کە قوڕی سوورییان بە سەر شانەکانی نووساندوە. شوێنەواری کوتان بە ڕەنگی سوور بە جەستەیەوە دیارە.

**6-مێخواوەندی تەپە سەراب (هەزارەی شەشەم پ.ز):** پەیکەری ئەو مێخواوەندە لە ناوچەیەکی چیای زاگرۆس لە ئێران دۆزراوەتەوە، پەیکەرێکی بچووکی گڵینە، سەرکی درێژە وەک قاچ وایە، دوو مەمکی قیت وسک و ڕانی زل و گەورەن (شێوەی 30).




**شێوەی (30) مێخواوەندی تەپە سەراپ  6000 پ.ز**

**7-مێخواوەندی یارم تەپە (هەزارەی شەشەم پ.ز):** ئەم شوێنەوارە لە میزۆپۆتامیایە، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی حەسسونە، لەو ناوچەیەدا دوو پەیکەری نایابی لە قوڕ دروستکراو دۆزرایەوە، سەرکی یەک لە پەیکەرەکان  بە تەواوی بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و بەشی خوارەوەی پەیکەرەکە، لە سمتێکی گەورە پێکهاتووە، تەنورەکەی پەراوێز و ڕیشوودارە، لە بەشی خوارەوەی هەردوو پەیکەرەکەدا، ئەندامی زاوزێ دیارە (شێوەی31).

**8-مێخواوەندی چۆخە مامێ (هەزارەی شەشەم پ.ز):** پەیکەرەکە لە حاڵەتی دانیشتندایە و دەستەکانی خستۆتە ناو گەڵی و دوومەمکی قیتی پێوەیە.

9-**مێخواوەندی سامەڕا(هەزارەی شەشەم پ.ز):** لە سامەڕا کەم کۆتەڵی مێخواوەند دۆزراوەتەوە، وەلێ پەیکەرێکی قوڕینی نایاب دۆزرایەوە، کە نمایندەی سەرکی ئافرەت یا مێخواوەندێک دەکات، پەیکەرەکە ڕوخسارێکی واقیعی هەیە (شێوەی 32).



شێوەی(32) مێخواوەندی سامەڕا 6000 پ.ز



شێوەی (31) مێخواوەندی یارم تەپە 6000 پ. ز

**10-مێخواوەندی حاسلو(دەوروبەری 5000 پ.ز):** گۆزەیەکی گڵیین دۆزرایەوە، لە شێوەی جەستەی ئافرەت درووستکراوە، چەندان هێلی پانی لە سەر بوو، وا دەردەکەوێت کە سینگی خۆی گرتووە.

## ب-خواوەندی باوک(نێر)

هەرچەندە مێخواوەندی دایک لە چاخی نیۆلیتدا، ئامادەگیەکی بەهێزی هەبوو، کەچی ئەوە ڕێگر نەبوو لەبەردەم دەرکەوتنی خواوەندی باوک(نێر)، لە زۆربەی کەلتوورەکاندا، وەلێ بە ڕێژەیەکی کەمتر، ئەمە ئەوە پیشان دەدات، کە لەلایەک بایەخێکی رۆحی بە مێینە دراوە، لەلایەکی دیکەوە تێنەگەیشتن لە ڕۆڵی پیاو لە پرۆسەی زاوزێدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی نێر بە شێوەیەکی بەرجەستە (هاوشێوەی مێخواوەندی دایک)، یا ئامادەگی هێما و ڕەمزەکانی، وەک:چووک، گا، تەوری دوو سەر. ئەوە دەردەخەن کە چاخی نیولیت، بە شێوەیەکی ڕەها چاخی مێخواوەندی دایک نەبوو، بەڵکو لە زوەوە سییانەی ئەریحا، هزرێکی نوێی هێنابوون.


### أ-سەردەمی پێش گڵینە (هەزارەی هەشتەم پ.ز)

**خواوەندی مونحەتە:** پەیکەرێکی بچووکە، چاوێکی زل و لووتێکی زلی هەیە، جەستەیەی باریک وەک پەنجەی دەست، ئەندامی نێرینەی لە بەشی خوارەوەی پەیکەرەکە، لە نزیک قاچەکانیەتی، پەیکەرەکە هەندێک نیشانەی جووت لایەنە(نێرەمووک)ی پێوە دیارە، بەڵام نەبوونی مەمک وادەکات پەیکەرەکە بە هی نێر دابنرێت.

### ب-سەردەمی دوای گڵینە (هەزارەی حەوتەم و شەشەمی پ. ز):

1-پەیکەری چووک(زەکەر=Pallus) **لە چەرموو**: لەو شوێنەی پەیکەرەکانی مێخواوەندی دایک دۆزرایەوە، هەندێک لەو پەیکەرانەش دۆزرانەوە، هەروەها لە ناوچەی (تەل سەوان)یش، ژمارەیەک پەیکەری چووک دۆزرایەوە.

2-**خواوەندی سەوان (هەزارەی شەشەمی پ. ز)**: ئەو پەیکەرانە لەگەڵ ژمارەیەک پەیکەری مێخواوەندی دایک دۆزرایەوە، بە ڕەنگی سوور بۆیە کرابوون(شێوەی 34).



**شێوەی(33) مێخواوەندی مونحەتە**



**شێوەی(34) خواوەندی سەوان**


٣- **خواوەند هیجیلار لە ئەنادۆڵ(هەزارەی شەشەم پ.ز)**: ئەو خواوەندە بە چەند شێوەیەک دەرکەوتووە:

**أ-خواوەندی کوڕ**: پەیکەرێکی خواوەندی دایکی ئەنادۆڵ هەیە، کە کوڕەکەی لە باوەش گرتووە و نووساندوویەتی بە سنگییەوە، ئەوە یەکەم ئاماژەکردنە بە دەرکەوتنی خواوەندی کوڕ (شێوەی 35).



**شێوەی (35) خواوەندی کوڕ/ ئەنادۆڵ**


**ب-خواوەندی ئەویندار:** لەو وێنەیەدا، خواوەندی کوڕ لە بارودۆخێکی وادا وێناکراوە، کە هێشتا منداڵە و بە ئەندامە جنسیەکانی مێخواوەندی دایکەوە نووساوە. لێرەدا وا دەرکەوتووە کە لە ڕووی بایەخ و ڕۆڵەوە هێشتا سەر بە مێخواوەندە (شێوەی 36).



**شێوەی (36) خواوەندی ئەویندار/ ئەنادۆل**

4-خواوەندی چەتال هیۆک (هەزارەی شەشەم پ. ز): ئەو خواوەندە دوو شێوەی هەبووە، واتە بە دوو شێوازی جیاواز دەرکەوتووە:

**أ-خواوەندی گا:** پەرستگەیەک لە پەرستگەکانی چەتال هیۆک نابینی، کە پەیکەر و وێنەی "گا"ی تیادا نەبێت. لە بارودۆخی جیاجیادا دەردەکەوێت. لە وێنەیەکدا وا دیارە کە لە مێخواوەندی دایک، لەدایکدەبێت، لە دۆخێکی دیکەدا بە تەنیایە. هەروەها قۆچ یا سەرکی گا بە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە یا لە سەر سەکۆیەک دانراوە. گا گوزارشت لە خواوەندی نێر دەکات، ئەوەش دەلالەتێکی کشتوکاڵی هەیە، لەبەر ئەوەی گا زەوی دەکێڵێ، زەویش هێمایە بۆ مێخواوەندی دایک، سروشتی نێرایەتی گا و خەسڵەتی پیتاندن، هۆکار و یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خواوەندی پێبدرێت (شێوەی 37).



**شێوەی (37) خواوەندی گا / چەتال هیۆک 6000 پ.ز**

**ب-خواوەندی پڵنگ:** لە پەرستگەی چەتال هیۆکدا، پڵنگیش لە وێنەکانی مێخواوەندی دایکدا دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پڵینگیش هێما و رەمزی خواوەندی نێرە.

بەم جۆرە دەبینین، بەرجەستەکردنی خواوەندی نێر، بە بەراورد بە مێخواوەند، کەمترە. گەلێک جار تەجریدکردن و هێما لە جیاتی خواوەندی نێر بەکار دێت و دەبنە جێگرەوەی ئەو، بۆ نموونە بە بەکارهێنانی هێمای، چووک، گا، پڵنگ، لە بری نێر بەکار هاتووە. ئەو هێمایانە لە چاخی کەلکولیتیشدا بەردەوامی هەبووە، هەروەها هەوا و تەور و هێمای خواوەندی نێرن، بە کارهێنانی ئەو هێمایانە وەک ئاماژەیەک بۆ نێر، جۆرێکە لە بردنی هێماکانی مێخواوەندی دایک، کە پێشتر مێخواوەندی دایک بە ڕوونی لە هەموو کەلتوورەکانی نیولیتدا دیار بوو.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو تەجریدکردنە، یارمەتیدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەی پیرۆز(موقەدەس)، بە شێوازێکی رۆحی بالاتر، ئیتر وردە وردە بیرۆکەی خودا سەریهەڵدا و گەشەی کرد، سنوری بۆ سیفەتی رەهای مێینە دانا، ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ سەرکەوتنی نێر و رووخاندنی سەنتەری مێبوون، ئەوانە یاوەر و هاودەنگی دەرکەوتنی نێربوون، کە بالا دەستی مێینەی نەهێشت و لەناوبرد.


کەواتە بەرجەستەکردن و تەجریدکردن، یارمەتیدەری نێر بوون بۆ جێگیربوونی شوێن و پێگەی خۆی لە بەدەستهێنانی خوداوەندێتی پیرۆز.

## ج-خواوەندی نێرەمووک (مێ/ نێر)

دەگەڕێینەوە بۆ ئەو هۆکارانەی، وای لە مێخواوەندی دایک کرد، هەوڵی بردن و دەست بەسەرداگرتنی خەسڵەتەکانی نێرینە بۆ خۆی بدات، هەوڵەکە لە هەندێک پەیکەردا خۆی نواندوە یا ڕەنگدانەوەی هەبووە، پەیکەرەکەی مێخواوەند هەردوو خەسڵەتی (مێینە و نێرینە)یان تیادایە، کە هەندێک توێژەر بە ڤینۆسی چووکانە (Venus phallas)، ناویان بردووە.

### أ-قۆناغی پێش گۆزەگەری:

**مێخواوەندی مونحەتە و شارها گۆڵان:** (هەزارەی هەشتەمی پ. ز)، پەیکەری سەرەتایین لە چەو داتاشراون و ڕووخساریان نادیارە (شێوەی 38).



**شێوەی (38) مێخواوەندی مونحەتە و شارها گۆلان**


## ب–قۆناغی پاش گۆزەگەری

**1–مێخواوەندی تەل ئەلرەمەد:** لەو پەیکەرەدا بەڕوونی بە ئەندامی نێرینەوە دەردەکەوێ، هەروەها دوو مەمکی بچووکی هەیە و سەری لە سەری مار دەچێت، هەروەها ئاماژە کراوە بۆ سێگۆشەی مێینە و نێرینەی ئاژەڵ (شێوەی 39).

**2–مێخواوەندی تەپە سەراب:** لەو پەیکەرەدا، مێخواوەندی دایک دانیشتووە، لە بری پێیەکانی چووکێکی تەواوی بۆ کراوە، سەری لە سەری مار دەچێت و جەستەی مێیەی هەیە (شێوەی 40).



شێوەی (39) خواوەندی نێرەمووک/ تەل ئەلرەمەد



شێوەی (40) خواوەندی نێرەمووک/ تەپە سەراب

## سێینەی خواوەندی (ئەقنووم)

1- سێینەی ئەریحا: سێینە(الثالوث)ی خواوەندی هەر لە زوەوە لە ئەریحادا، هەبووە ((ژمارەیەک پەیککەری سێینەیی دۆزرایەوە، کە هەر پەیکەرێک لە پیاو و ژنێک و منداڵێک، پێکهاتبوو. لە ڕاستیدا پەیکەرێکیان وێنەیەکی زیندووی بەرجەستەکردنە و گوزارشت لە دیاردەی خوڵقاندنی نوێ دەکات)) (7).

بە بۆچوونی من، ئەو سێینەیە ڕەنگدانەوەی پەیدابوونی خێزانە، کە خۆی لە سێ لایەن (دایک و باوک و کوڕ)، دەنوێنێت، کە لە وێنەی خواوەندا بەرجەستەکراوە، بڕوا وابووە کە سێینەی کاریگەری هەیە لەسەر چاندن و کشتوکاڵ و بە پیتی و دیاردەکانی سروشت.

2-**سییانەی (عەین غەزال):** ئەو پەیکەرانە لە حەشارگەیەکدا، لە ناوچەی "عەین غەزال"، لە ئوردن دۆزرایەوە، ئامادەکرابوون بۆ شاردنەوە، پەیکەرەکان لە گەچ درووستکراون (Plaster Statues)، ئەو پەیکەرە سێینەیە، پەیکەری مرۆڤەکە لە گەچ درووستکراوە، ئینجا پەیکەرەکە کە لە سێ پەیکەری جیا پێکهاتووە، لە (نێر و مێ و کوڕ)دەچن، وەلێ پێکەوە لکێنراون، درێژیەکەی (40- 80)سم، مێژووی پەیکەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ نیولیتی پێش گۆزەگەری دەوروبەری 7500 پ.ز.

3-**سێینەی چەتال هیۆک:** لە پەرستگا و شوێنەوارەکانی چەتال هیۆکدا، بە ئاسانی چاوت بە پەیکەر و وێنەی سێینەی خواوەند دەکەوێت، کە پێکهاتووە لە دایک (کە لە شێوەی خاچ یا سیسارک)-ە، و خواوەندی باوک (کە لە شێوەی گایە)یە، خواوەندی کوڕ (کە لە شێوەی سەری گا) نماینده دەکرێت.

## 3-هێماکانی ئایینی

بە کەلتووری سامەڕا (5100- 4900)پ.ز، چاخی نیولیتی کۆتایی پێهات، بە شێوەیەکی گشتی لەم کەلتوورەدا هێماکانی ئاینی پەیدابوون، سەرچاوە بەرایییەکانی ئەم کەلتوورە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری حەسسونە (هەزارەی هەشتەم پ.ز)، لەو کاتەدا کاری وێنە کێشان گۆڕا و هەنگاو نرا بەرەو ئەبستراکت(التجريد)کردن، واتە ڕوخسارە دیارەکان، کورتکرایەوە و هێڵ و بازنە و خاڵ و شێوەی ئەندازەیی، جێگای بەرجەستەکردنی گرتەوە و پەیڕەوکرا... وەلێ هێماو ئەبستراکەکان بە مانا فراوانەکەی لە هونەر و نەریت و باوەڕەکانی سامەڕادا، سەریهەڵدا و لە هەمان کات سەردەمدا، هەندێک هێما لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا پەیدابوو، کە کاریگەری کەلتووری سامەڕای لە سەر بوو. بە بڕوای من دەرکەوتنی ئەو ڕەمز و هێمایانە لە کۆتایی نیولیت و سەرەتای کالکولیتدا، کاریگەریەکی مەزنی هەبووە لە سەر داهێنانی نووسین لە کۆتایی چاخی کەلکولیتدا (قۆناغی برۆتۆلیت)، چونکە ئەو هێمایانە عەقڵی مرۆڤیان بزواند و چالاککرد، بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەو شتانەی لە دەوروبەر و ژینگەدا هەن، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم، ئەو هێمایانەی دەروونناسی ناسراو " کارڵ گۆستاف یۆنگ"، بە هێماکانی مرۆڤ ناوی دەبات، بە گوێرەی ئەو زانایە، هێماکان لە نائاگایی مرۆڤەوە دەردەچن و سەرچاوە دەگرن، گوزارشت لە یادەوەری کۆ و دەستەجەمعی دەکەن، ئەو هێمایانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی کۆنی میزۆپۆتامیا، کەچی یۆنگ لە کتێبی (مرۆڤ و هێماکانی)دا(8)، هێماکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەلتوری کریستانی یا یۆنانی، هەندێک هێماش دەگەڕێنێتەوە بۆ کەلتوری هیندی و چینی، بەڵام لە ڕاستیدا سەرچاوەی ئەم هێمایانە دۆڵی ڕافیدەینە، کە ئێستا لە هەندێکیان دەدوێین. لە کتێبێکی دیکەدا بە درێژی لەو بابەتە دەدوێم.

1- **مەندالا:** لە ئاسانترین پێناسەیدا ((مانای بازنە دەگەیەنێت، هێلکاریەکە بەکاردەهێنرێت وەکو چەقێک و ڕێنماییەک بۆ تێڕامان، بازنەکە بۆ چەند بەشێکی وەک یەک دابەش دەکرێت و هەمویان لە سینتەر نزیکدەبنەوە، واتە مەندالا هێمایە بۆ جوولەی بوون بە دەوری یەک سێنتەردا، مەندالا وەک ڕەهایە کە گشت بوون و بوونەوەرەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە))(9).

مەندالا لە سەردەمی کۆن و نوێدا، هێما و ئاماژە کردنە بە تاکێکی چەق و ناوەند و مەزن، کە گەردوون دەوری داوە، یا ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدان و دەرچوونی گەردوون لەو تاکە، جا چ چەق و سێنتەرەکە خودا بێت یا مرۆڤ، لە هەردوو حاڵەتدا ئاماژەیە بۆ هەمەکی و کەماڵ. ڕەنگە مەندالا لە(( خۆر پەرستنێکی سەرەتایی، یا ئاینی نوێ یا لە ئەفسانە یا خەون یا لەو مەندالایانەی ڕاهیبە تبتیەکان لە میانی دیزانکردنی شارەکاندا، نەخشی دەکەن، یا لە چەمکەکانی فەلەکناسە کۆنەکان سەبارەت بە خڕێتی زەوی، هەیە و ئامادەیە. بۆیە مەندالا هەمیشە ئاماژەیە بۆ دیاردەی بوونێکی تاک و مەزن و جەوهەری)).

مەندالا و خاچ دوو پێکهاتەن لەگەڵ یەکدان و لە یەکتر جیا نابنەوە، هێمایە بۆ ئەو هێلکارییەی بە چوارگۆشە کردنی بازنە، ناوبراوە، کە ئەوە باس و بابەتێک بووە یۆنانیەکان و دواتریش عەرەبەکان بایەخیان پێداوە، ئەو بابەتە ڕۆڵێکی گەورەی لە کیمیاگەری کۆندا هەبووە. هەروەها ئەو دوو هێمایە لە ئاینی مەسیحیدا بایەخیان هەبووە، بە تایبەتی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا و ناکرێ گرنگی مەندالا لە بواری دیزاینکردنی شارەکاندا فەرامۆش و نادیدە بکەین.

جیانەبونەوەی ئەو دوو هێمایە لە یەکتر، دەلالەتێکی ڕەمزی هەیە لە پێکەوە بوون و جیانەبوونەوەی گەردوون، (مەندالا)

و جەستەی مرۆیی (سواستیکا= خاچی چەماوە)، هەروەها سوڕانەوە و خولانەوەی جەستە لە گەردووندا، لە پێناو هێنانەدی پیتاندن، کۆتایی نایەت، جا چ لە ڕێگەی سێکسکردن بێت یا لە میانی جوولەی پیاو لەگەڵ ئافرەتدا یا سەمای عاریف و سۆفیەکان، کە تیایدا تاک یا


گروپ شێوەکانی مەندالا و سواستیکا پێکدێنن، ئەو دووانە لە یەک کاتدا گوزارشت لە هەمەکی و پیتێنراو دەکەن.
دەرکەوتنی مەندالا و سواستیکا لە بەراییەکانی کەلتووری سامەڕادا، لە گواستنەوەیەکی گرنگ دەکات لە ئایین و هونەری مرۆڤی دۆڵی ڕافیدەین، بە هێنانەدی و نواندنی هێما گەورە و جیهانیەکان، کە دواتر هێماکان بوونە هێمای گشتگر و هەمەکی گشت مرۆڤایەتی، بە درێژایی مێژوو.
وێنەی مەندالا لە زۆربەی گۆزە و گڵێنەکانی کەلتووری سامەڕادا نەخشێنراوە، لە هەندێ نەخشدا وێنەی خاچ یا خاچی چەماوە(سواستیکا)، دەوری مەندالای داوە یا لە چوار دەوری کێشراوە، یانیوەی خاچە و نیوەکەی دیکەی وێنەی گوڵ یا شتێکی دیکە.

2-**خاچ:** لە چاخی نیولیتدا، خاچ هێمایە بۆ بە پیتی، کە لە میانی یەکتربڕینی دوو ستوونی بچووک، وەک نیشانەی (+، ×)، گوزارشتی لێ کراوە، ئەو نیشانەیە لە باوەڕ و دیدێکی کۆنتر سەرچاوەی گرتووە و هێمایە بۆ یەکگرتنی نێر و مێ، یا گوزارشتی لە چوارلاکانی جەستەی مرۆڤ یا چوارلاکانی گەردوون یا هەردوو ئەندامی سێکسی نێر و مێ، کردووە، یانیش ڕەنگە پێشتر لە پالیۆلیتدا گوزارشتی لە ئاگر کردبێت، کە لە ئاکامی لێکخشاندنی دوو داری ستوونی، ئاگریان کردۆتەوە.
کەواتە خاچ گوزارشت لە وزە دەکات، لە نیولیتیشدا گوزارشتی لە بە پیتی کردووە. هەر لە زوودا خاچ لەسەر هەندێک گڵێنەکانی حەسسونەدا کێشرابوو، دواتر بە شێوەی جیاواز وێنەی خاچ کێشراوە:

**أ-خاچی حەسسونە:** وێنەی لە سەر هەندێک گڵێنەکاندا کێشراوە.

ب-**خاچی سامەڕا:** بە نیشانەی (+، ×) گوزارشتی لێکراوە، کە نیشانەکان لە سەر دەسک یا بەدەنی گڵێنەکاندا کراوە. هەروەها دەفرێکی گڵێنە دۆزراوەتەوە کە خاچێک لە ناوەڕاست و خاچێکی دیکەش لە رۆخەکەی کێشراوە.

ج-**خاچی ئەنادۆڵ:** ئەو خاچانە لە سەر دیواری پەرستگایەکی کۆن، کە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (هەزارەی شەشەمی پ.ز)، نەخشکراوە، خاچەکان شێوەی جیاوازیان هەیە، ئاماژە دەکەن بۆ مرۆڤ یا کەوان یا مانگ و شتی تر.




**شێوەی (41) خاچی نیولیتی، نەخشی سەر دیواری پەرستگەیەک/ باشوری ئەنادۆڵ (هەزارەی شەشەمی پ. ز)**

د-**خاچی چەتال هیۆک بۆ مێخواوەندی دایک:** پێشتر باسمان کرد.

3-خاچی چەماوە (سواستیکا Swastika):

باوەڕ وابوو، خاچی چەماوە، کە هێما و دروشمێکی نازییەکان بوو، ڕەمزێکی گەلانی ئارییایە، واتە سەر بە کەلتووری هیندۆ ئەوروپییەکانە کەچی لە ڕاستیدا ئەم جۆرە خاچە لە هەزارەی شەشەمی پ. ز لە کەلتووری کۆنی دۆڵی ڕافیدەیندا لە سامەڕا پەیدابووە، هێما و ئاماژە بوو بۆ بە پیتی. ئەو بە پیتیەی لە جووڵە یا سرووتێک دروست دەبێت. لە کەلتووری سامەڕادا چوار دەفری گڵێین ماوەتەوە، کە بە دوو هێلی (ئاسۆیی و ستوونی)چەماوە،

نەخشێنراون، دەلالەت لە جووڵە و خولانەوە بە دەوری چەقێکی دیاریکراودا دەکەن و خاچێکی چەماوەیان پێکهێناوە و بریتیە لە :




**شێوەی (42) خاچێک، ژمارەیەک خاچی بچووکی تیادایە/6000پ.ز-سامەڕا**

أ-دیمەنی چوار ئافرەتی ڕووت، کە سەمای باران باراندن ئەنجامدەدەن (شێوەی 43)،شێوازی سەماکردنەکە بازنەییە و خەسڵەتێکی جادوویی هەیە، هەر سەماکەرێک قژی خۆی بۆ لایەک پەخشان کردوە و بەرداوەتەوە، لە وێنەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم سرووتە سیحراوییە لە ناوچە وشک و بیابانەکاندا، ئەنجامدەدرێت، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو قسەیە، بوونی هەشت دوو پشکە لە دەوری چوار ئافرەتەکە، واتە هەر دوو دوپشک دەوری ئافرەتێکیان داوە، سەری هەر دووپشکێک لەگەڵ پەلەکانی خوارەوەی لەلای سەری ئافرەتە قژ کراوەکە دەگەنەوە یەک، لە وێنەکەدا دووپشکەکان وا دەردەکەون، کەلە جووڵەیەکی بازنەیی بێ کۆتاییدان، پەخشکردنی قژی ئافرەتەکانیش وەک جووڵەیەکی سیحراوی، دەلالەت لە جووڵەی هەوا دەکات. مرۆڤ ئەو دید و بۆچوونەی لەسەر ئەو بنەمایە داڕشتووە، گوایە، هۆکارە لەیەکچووەکان، بەرئەنجامی لێکچوویان لێ دەکەوێتەوە، واتە جووڵاندنی هەوا لە

ناوچەیەکی دیاریکراودا، بە هۆی پرچ و قژی ئافرەتێکی بە پیت، دەبێتە هۆی جووڵاندنی هەوا بە گشتی، لە ئاکامی جووڵەی ئەو هەوایە، هەور لەگەڵ خۆی دێنێت ئینجا باران دەبارێت.

دواتر ئەم سرووتە لە زمانی سۆمەریدا بە (ئاکیتی) ناوبراوە، ئەم وشەیە ڕەگی وشەی(ئاکیتۆ)یە، کە جەژنی سەری ساڵی بابلییە و (( کۆنترین شێوازی ئەم وشەیە لە دەوروبەری ساڵی 2400 پ.ز بەرچاو دەکەوێت، بە شێوەی (ئا- کی- تی)، "ئا" واتە ئاو بە مەجاز واتە باران و بڕگەی "کی" واتە زەوی و بڕگەی "تی" واتە، نزیکدەکاتەوە، کەواتە واتای وشەکە بە تەواوی بریتیە لە: نزیکبوونەوەی ئاو لە زەوی، واتە باراندن. جێگەی ئاماژە پێکردنە، بڕگە "ئا" بە بەکارهێنانی هێمایەکی دیکە دەنووسرا، بەڵام هەر بە "ئا" گۆ دەکرا، کەچی مانای (کارکردن، کۆشش، دەست)ی دەبەخشی، هۆکاری گۆڕانکاری لە هێمای "ئا"دا، دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی سرووتەکە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا- عێراق- جا لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە پێویستی بە باران بارین نەبوو، بەڵکو زیاتر پێویستی بە کار و کۆشش کردن هەبووە بۆ جۆگە ڕاکێشان و بەنداو دروستکردن، بۆیە هێمای یەکەم لە وشەی ئەکیتۆ بە دوو شێوە نووسراوە، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ بنچینەی جەژن، دووەمیان دەگونجێ لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەو ناوچە نوێیەی سۆمەرییەکان تیایدا نیشتەجێبوون)) (10).


دیمەنی ئافرەتەکان بەبێ دووپشک لە هەندێک گڵێنەدا دووبارە بۆتەوە، لە دەفرە گڵێنەیەکدا، دیمەنی پێنج سەماکەر دەبینرێ، هەر لە دیمەنەکەدا خاچی چەماوە لەگەڵ شێوەی دیکەی خاچ دەبینرێ.




**شێوەی (43) مەندالا و سواستیکا و چوار سەما کەر- سەمای ئەکیتۆ**

ب-دیمەنی چوار دووپشک، کە بە دەوری خاچی چەماوە (سواستیکا)دا، سەما دەکەن و دەخولێنەوە (شێوەی 44)، وێنەی هێمای بروسکە دیمەنەکەیان ڕازاندۆتەوە. لەم شێوەیەدا دووپشک هێمایە بۆ خواوەندی دایک، وەک زانراوە ئەو هێلکانەی دووپشک دایدەنێتەوە و دەبنێ ودێنە دەرەوە ئینجا دووپشکە تازەکان جەستەی دایکیان دەخۆن، ئەو گوزارشتێکە واتە زەوی (مێخواوەندی دایک)-ە، هیماکانی بروسکە ئاماژە ب شێوەی خاچ دەکەن، هەروەها چەق و سێتەرەکەش وەک سواستیکایەکی مرۆیی جوڵاو، وایە.(سواستیکا- قۆڵی مرۆڤ وەک خاچ) (شێوەی 45)






**شێوەی (44) مەندالا و سواستیکای چوار دووپشک (مێخواوەندی دایک) و سواستیکای چەق، قۆڵ وەک خاچ، دووپشک بە دوو شێوە، یەکێکیان نەبزۆک و ئەوەی دیکەیان سەماکە.**




**شێوەی (45)سواستیکای جولاو بە قوڵ**

ج-چوار گیسک، بە دەوری حەوزی ئاوێک، دەخولێنەوە (شێوەی 46) یا بە دەوری دارێک دەخولێنەوە (شێوەی 47)، لە هەر دوو شێوەدا شاخەکانیان دەبنە سواستیکا. گیسک و حەوزی ئاو و ڕووەک هێمای بە پیتی و بەرەکەتن.




**شێوەی (46) سواستیکای گیسک بە دەوری حەوزدا**




**شێوەی (47)/ أ-سواستیکای گیسک بە دەوری دارەکەدا**

**ب–نیوه سواستیکا**

**د–سواستیکای ماسی:** له (شێوەی 48)دا، چوار باڵندەی باڵ و کلک درێژ هەر یەکەیان ماسیەکی بە دەنووکی گرتووە، بەرچاو دەکەوێت، هەروەها هەشت ماسی دیکەش لە دەوروبەری باڵندەکاندا هەن، بە پێچەوانەی میللی کاتژمێر دەخولێنەوە، لە چەقی وێنەکەدا خاچێکی چەماوە دەبینرێ، باڵی باڵندەکانیش چوار لای سواستیکا پێکدێنن (شێوەی 49).



شێوەی(48)سواستیکای ماسی



شێوەی(49) سواستیکای:چەقی وێنەی پێشو

**4–نیو سواستیکا(S):** کە لە شێوەی پیتی لاتینی (S)دایە، هێمایە بۆ جووڵە و بە پیتی، دەفرێکی گڵینی سامەڕا هەیە، وێنەی دوو گیسکی لە سەر کێشراوە و شاخەکانیان پێچەوانە بوونەتەوە و بەرامبەر یەکن (شێوەی 46).

5–هێمای ئەندامی زاوزێی مێینە (نوکە ڕم یا سێگۆشەی لەتکراو): ئەو وێنەیە لە سینیەکی گڵینی سامەڕادا دەبینرێ و دووبارە بۆتەوە، خولانەوەیەکی بازنەیی تیادایە کە بریتییە لە ژمارەیەک (تیر) بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و هەندێکیان ناڕێک ئاراستە کراون، کە لە جووڵە


و شێوەی تۆوی پیاو دەچن ، لە هەمان کاتدا ئاماژەن بۆ شێوەی ئەندامی مێینە، بەتایبەت ئەگەر بڕوانینیە تیرە بچوکەکان کە لە تۆماو دەچن.
لەم کەشە سێکسیە پیتدارە (ناهۆشمەندی)یەدا، ژمارەیەک تیر دەبینرێ، ئاراستەی هەندێک باڵندە کراون، باڵندەکان دەفڕن، تەنانەت دیمەنەکە وا دەردەکەوێت، کە دیمەنی ڕاوکردنە، لە هەمان کاتیشدا لە دیمەنەکەدا هێمای سێکسی بەدی دەکرێت (شێوەی 51).



**شێوەی (50) ماسی، هێمای ئاو و خواوەندی دیاک**

6**–هێمای دووپشک:** ئاماژەیە بۆ مێخواوەندی دایک، هەرکە دووپشکەکان سەرهەڵدەدەن یەکسەر دەست دەکەن بە خواردنی دایکیان، دووپشک هێمایە بۆ دایک و بۆ زەوی (شێوەی 44).


دەشێ دووپشک بە قوربانی دابنرێن، لەبەر ئەوەی بە مردنی ئەوان، وشکایی و قاتوقڕی نامێنێت و باران دەبارێ، دانەوێڵە سەوز دەبێت و گەشەدەکات. لە جەژنەکانی سۆمەری و بابلیدا، دووپشک و مار دەردەکەوێت کە هەردووکیان هێمای مێخواوەندی دایکن (11).
7**–هێمای ماسی**: ماسی هێمایە بۆ ئاو یا باران، هێمای بەپیتیە لە هەندێک دەفرە گڵینەکاندا، وێنەی هەشت ماسی کێشراوە، کە بە پێچەوانەی میللی کاتژمێردا، بە دەوری چوار ماسیدا دەخولێنەوە، سواستیکایەک لە چەقی وێنەکەدایە، ڕەنگە ئەوەش هەر هێمای دایک بێت.




شێوەی (51) تیر و باڵندەکان

8-**هێمای (گیسک- بزن):** ئەوەش هەر هێمایە بۆ بە پیتی، لە وێنەکاندا جووتێک یا دوو جووت گیسک کێشراون، شاخەکانیان وەک لقی دارە و دان دانەیە، کلکیان کەوانەیی یا سێگۆشەییە، بە شێوەیەکی سواستیکی یا نیوە سواستیکی بە دەوری ئاو یا درەختێکدا دەخولێنەوە.

9-**هێمای بروسکە:** یەکێکە لەو هێمایانەی، کە جێگەی بایەخ و سەرنج بووە، لە زووەوە لە سەر سینییە گڵینەکانی سامەڕادا لە شێوەی پیتی (U) ، خواروخێچ کێشراوە (شێوەی 52)، کە هێما و ئاماژەیە بۆ باران بارین یا هەوڵدان بۆ باران باراندن، دواتر ئەو هێمایەی بروسکە لە ئاینی سۆمەری و بابلیدا دەبینرێ و نمایندەی خواوەند (ئەدەد)، کە خواوەندێکی نێرە و هێمای هێز و بە پیتیە.






شێوەی (52) هێمای بروسکە.


شێوەی (53) خاچیماڵتی، چوار سێگۆشەی بەرامبەریەکی تیادایە، لەگەڵ
خاچێک لە چەقی وێنەکەدا

## 10-هێمای دوو سێگۆشەی بەامبەر یەک شێوەی(53-54):

دواتر ئەو هێمایە گۆڕانی بە سەردا دێت و دەبێتە دوو تەوری بەرامبەر یەک، لەم شێوەیەدا دوو گیسک، کە بەرامبەر یەک وەستاون هێمایەکیان دروستکردووە، پاشان هەر ئەو هێمایە لە کەلتووری دوای سامەڕادا، بە ڕوونی دەیانبینین، کە ئاماژەیە بۆ تەوری دوو سەر، کە ئەوەیان هێمای خواوەندی (حەلەف)-ە، کە دواتر دەبێتە هێمای خواوەند ئەنلیل (خواوەندی هەوا). وەلێ لە سامەڕادا ئەو هێمایە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەبینرێت، دەشێ هەمان مانای هەبێت.



شێوەی (54) تەوری دوو سەر و دوو سێگۆشەی بەرامبەر یەک



**شێوەی (55) هێمای گوڵە گەنم**

11- هێمای باڵندە: لە هەندێک سینی گڵێنیدا باڵندەی پێکراو یا تیر ئاڕاستەکراو دەبینرێت، کە دەلالەت لە هەوا و خواوەندی نێر دەکات.

هێماکانی دووپشک و گیسک و بروسکە و دوو سێگۆشە و باڵندە و ماسی، هەموویان ئاماژەن بۆ خواوەندی نێر یا نێرایەتی، ئەوانە بەرامبەر هێمای مێینە و خواوەندی دایک دەرکەوتن، ئەوە کودەتای نێر بە سەر مێدا دەردەخات، کە لە یەکەم کەلتوور لە کەلتوورەکانی چاخی کالکولیتدا سەرهەڵدەدات.
دەکرێ ئەو هێمایانە بە هێمای با و هەوا (بروسکە، باڵندە، دووسێگۆشە)، دابنێین و ئاماژەن بۆ خواوەندی  باوک (خواوەندی هەوا) و هێمای ئاو (ماسی)، ئاماژەیە بۆ خواوەندی ئاو (خواوەندی کوڕ)، گیسک (خواوەندی سەوزایی) و دووپشک (مێخواوەندی دایک)، دەکرێ وا دابنێین، ئەوە بانتیۆنی هێماییانەی نیولیتیە، وەلێ هیچ بەڵگە و نووسراومان لەو بارەیەوە لەبەردەستدا نییە.

12-**هێمای گوڵە گەنم:** هەر لە زووەوە ئەو هێمایە لە گڵێنەی (حەسسونە)دا، دەرکەوتووە، هێما و ئاماژەیە بۆ پیتی و ڕووەک.

13–**هێما ئەندازەییەکان:** هیچ گڵێنەیەک نییە، شێوەیەکی ئەندازەیی تیادا نەبێت، یا لەسەر نەکێشرابێت، هەندێکیان دەلالەت لە شتێکی دیاریکراو دەکەن بۆ نموونە هێڵی بەرز ونزمی (وەک شەپۆلی ئاو)تیادایە، کە ئاماژەیە بۆ ڕووبار و ئاو، هێڵی خوار و خێچ و پلە پلەکراو، شێوەی سێگۆشەو چوار گۆشە و بازنەیی، کە لە زووەوە لە کەلتووری(حەسسونە)دا، دەرکەوتووە، ئاماژەن بۆ خۆر و مانگ، هەروەها هەندێک شێوە و وێنەی کەوانەییش، کە هێمایە بۆ مانگ لە نێوان شاخەکانی گادا بینراون، لەگەڵ شێوەی دیکەی تێکەڵاو، کە ڕەنگە بە مەبەستی ڕازاندنەوە بەکارهاتبێت.


14–**هێمای هەسارەیی(هەسارەکان):** هەسارەکان وەک هێمایەک لە نەخشەکانی گڵێنەی نیولیتیدا دەرکەوتووە، ئەوەش یەکەم ئاماژە پێکردنە بە سەرهەڵدانی هەسارەکان وەک ڕەگەزێکی پەرستن، هاتنە پاڵ ڕەگەزەکانی تری بە پیتی، کە لێیان دوایین، لەگەڵ تێگەیشتن و دەرکپێکردن بە گرنگی باران کەشوهەوا لەسەر کشتوکاڵ ، پەیوەندی نێوان هەسارەکان و بە پیتی زەوی لەلای مرۆڤ پەیدابوو. بۆیە چەندی بەرەو کۆتایی نیولیت گوزەربکەین و بڕۆین، پەرستنی بە پیتی زەوی (مێخواوەندی دایک)، وەک سەرچاوە و بنچینەی پەرستنی نیولیتی ڕەواج و برەوی نامێنێ، بەڵکو هەندێک توخمی دیکە سەرهەڵدەدەن، وەک: باران و هەوا و بروسکە و خۆر و هەسارەی دیکە، گشت ئەو توخمانە، لە چوارچێوەی هێمای نێر کۆبونەوە، بەرەو ڕووبەڕووبونەوەی ئاینی مێینەی نیولیتی، لە ئاکامی ئەمەدا، گۆڕانکاریەکی مەزن لە چاخی کەلکولیتیدا ڕوویدا، بەرەو سەرکەوتنی ئاینی نێرایەتی، ئەو ڕەگەزانەش ئەمانەن:

**أ–خۆر:** خۆر لە کەلتووری (حەسسونە) و(سامەڕا)دا، لە شێوەی بازنە دەرکەوتووە، ئەگەرچی ئاماژەیەکی ڕوون و دیار بە ئەرکەکەی نەکراوە.

**ب–مانگ:** مانگ له ئاینی نیولیتی باکووردا، توخمێکی مێینەیە، وەلێ لەگەڵ پەیدابوون و نیگارکردنی شێوەی مانگ وەک کەوانە، بووە هێمایەکی نێرینە، چونکە ئاماژەیە بۆ شاخەکانی گا، هەروەها دەلالەت لە خواوەندی کوڕ دەکات، کە لە مێخواوەندی دایک (مانگ)، لە دایکبووە و بریتیە لە خولی مانگ (پڕ– کەوانەی– بزربوون).

**ج–ئەستێرەی چوارلا:** لەسەر لێواری گڵینەکاندا وێنەی کێشراوە.


**د–ئەستێرەی شەش لا:** ئەو شێوازە ئەستێرەیە لە سەر بەدەنی گۆزە گڵینەکانی تەل (حەسسونە)دا، وێنەی کێشراوە، وا دەردەکەوێت کە دەجولێت و تیشکەکانی بە ئاراستەی میللی کاتژمێر دەجولێن، تیشکەکان بە ژمارەیەک خاڵ نەخشکراوە.



شێوەی (56) ئەستێرەی هەشت لا

**ه–ئەستێرەی هەشت لا:** ئەم شێوازە ئەستێرەیە لە شوێنەواری (تەلیلاتی غەسول)، لە وڵاتی ئوردن، بەرچاوکەوتووە، (شێوەی 56)، ئەمە یەکێکە لە دەگمەنترین و جوانترین تابلۆیەکانی سەر دیوار لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا، کە گوزارشت لە هزر و باوەڕەی کۆتاییەکانی نیولیت دەکات، وا پێدەچێ سەرهەڵدانی بیرۆکەی خواوەند، کە لە مێخواوەندی دایکدا بەرجەستەببوو، لە سەرەتای چاخی نیولیتدا بووە، کەچی لە کۆتایی چاخەکەدا بیرۆکەکە لە شێوەی ئەستێرەی هەشت لا، دەردەکەوێت، ئەمەش مانا و ئاماژەیە بۆ گواستنەوەی خواوەندێتی لە زەوییەوە بۆ ئاسمان، دوور نییە ئەستێرەی هەشت لا لە ناوچەی (غسول)، ئاماژە و هێمابێت

بۆ خۆر، وەلیٚ لە زۆربەی کاتدا ئەستێرەی ناوچەی (غسول) نمایندەی ئەستێرەی هەشت لا (تیشک) دەکات، لە ڕاستیدا ئەستێرەی ناوچەی (غسول)، بریتین لە سیٚ ئەستێرەی هەشت لا، کە لە ناو یەکتردان...وەک بلێی ژمارە (3)، هێما بێت بۆ چەندان ئەستێرە، با لە دیالکتیکی زۆر و تاک بڕوانیین، کە بە هێمایەکی ئاسمانی(ئەستێرە)، گوزارشتی لیٚ کراوە....ڕەنگە ئەوە حەز و ئارەزووی، مرۆڤی نیولیت یا (کالکولیت؟؟) و هەست کردن بە هێزی ڕەها، دەربخات، هەروەها نیشانەی بایەخدانی مرۆڤە  بە هەسارەکان یا پەرستنیان، ئەوە خۆی لە خۆیدا زۆر گرنگ بوو، ڕەنگە ئەو ئەستێرەیە هێما بێت بۆ خواوەند....بێگومان هێمای (خواوەند) لە دەپ و نووسینەکانی سۆمەر (هەزارەی چوارەمی پ .ز)دا، پەیوەندیەکی بە هێزی بەو ئەستێرە هەشت لایەدا هەیە، وەک زانراوە هێمای سۆمەری دینگەر (Dinger)، دەلالەت لە خواوەند دەکات، وێنە و هێمایەکەشی، بریتیە لە ئەستێرەیەکی هەشت لا، ڕەنگە ئەو ئەستێرەیە دەلالەت لە مێخواوەند عەشتار (ئینانا)، بکات، چونکە هێمای یەکەمی ئینانا، هەسارەی ڤینۆس (زوهرە)بوو، بۆیە ئەو هێمایە، پەرستنی هەسارەکان و سەرەتای پەیدابوونی نووسین دەردەخات(13). (شێوەی 57).




**شێوەی(57) هێمای خواوەند، بنچینەی هێمای ئاینگەر و بزماری، هێمایە بۆ تیشکی هەشت لا، یا هەشت ئاراستە**


## 4-شوێنەکانی پەرستن

زانیمان کە ئەشکەوتە ڕازاوە و نەخشکراوەکان، بە وێنەی ئاژەڵان و ڕاوکردن، شوێنی پەرستن بووە لە چاخی پالیۆلیتدا و میگالیتیش شوێنی سەرەکی پەرستن بووە لە چاخی میزۆلیتیدا، وەلێ لە نیولیتدا سێ جۆرە شوێنی پەرستن پەیدابوون، کە ئەمانەن:

1-**شوێنی نوێژی خێزانی:** شوێنەوارناس "کنیۆن" ئەو شوێنەوارەی لە (ئەریحا)، دۆزیەوە(14)، لە چوارلا دیوار پێکهاتووە و پاشکۆی خانوویەک بووە، ستوونێکی تیادایە لە بت دەچێت، کە لەلای سامییەکان بە (مسیبوت Messbothe) ناوبراوە، پێدەچێت ئەو شوێنی نوێژە، پەیوەست بێت بە جۆرە سروتێکی خێزانییەوە (شێوە 58).



(١)



(٢)

**شێوەی (58) 1-هێلکاری شوێن نوێژی خێزانی**
**شێوەی (52) 2-گڵکۆیەک لە ئەریحا، پێشکەوتوترە لە شوێن نوێژی خێزانی.**

2-گڵکۆ(نزرگە): لە ئەریحا گڵکۆیەک دۆزرایەوە، پێشکەوتوترە لە شوێن نوێژی خێزانی، وا دیارە شوێنی پەرستنی بە گروپ بووە، پێکهاتووە لە بەرهەیوانێکی گەورەی ناوخۆ، کەوا دەرگایەکی ناوخۆی هەیە، هاوکات دەرگایەکی شورەی دەرەوەی هەیە.
3-جێگە(Shrine): پەرستگایەکی سەرەتاییە و سەر بە گۆڕستانە، کەلەسەری مردوەکانی تێدایە و بە ڕەنگی سوور و ڕەش بۆیە کراوە و خشڵە تایبەتیەکانی خۆیان، لە گەڵدایە.

## 5-ئەسکاتۆلۆجیای نیولیتی

دوای دۆزینەوەی کشتوکاڵ، چاوی مرۆڤ کرایەوە، تێبینی خول و ڕیتمە جۆراوجۆرەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆیکرد، بۆ نموونە وەرز یا خولی ڕووەک هەیە، کە بە تۆ وەشاندن دەستپێدەکات و بە دروێنە کۆتایی دێت، هەروەها خولی ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵ هەیە، بە لە دایکبوون دەستپێدەکات و بە مردن کۆتایی پێدێت، هەندێک خولی دیکەش هەن وەک: خولەکانی سروشت، بۆ نمونە ڕووبار (کۆمدەبێتەوە، پەنگدەخوات، کەمدەبێتەوە)، یا خولی هەسارەکان (دەرکەوتن و ئاوابوون)یان، ئەو خول و دیاردانە، هزر و بیرۆکەی نەمری و ئەبەدییەت و هەتاهەتایی لە مرۆڤدا، دروستکرد، بۆیە ((هەستی بەوە کرد کە دەبێ بگات بە نەمری و دوای مردن بژیێتەوە و لە بووندا بەردەوام بێت، بەم جۆرە ساز و هاوئاهەنگ دەبێت لەگەڵ گشت دیاردەکانی ژیان، واتە لەلای سەختە بە تەنیابێت، چونکە پشت بەو دیاردە سروشتیانەی دەوروبەر دەبەستێت و هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات، کاتێک کە بە کاروانی ژیانی ئەبەدیدا گوزەربکات و بەردەوام بێت))(15).

- **لە فەلەستین:** لەگەڵ سەرهەڵدانی کەلتووری نتوفیدا، باوەڕکردن بە جیهانی ئەو دیوو پەیدابوو، بوونی هەندێک گۆڕی تاک و گۆڕی بە کۆمەڵ، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن و هەندێک چاڵیش دۆزراوەتەوە، کە جەستەی مردووانی تیادابوو، بەردە کێل لە سەر هەندێک ئێسک

بەندی مردوان دانرابوو، وا دیارە بە مەبەستی پاراستن و جێگرکردنی باوەڕی نەمری بووە، ئینجا گۆڕی تایبەت پەیدابوو، دیاردەی خۆڵ وەشاندن لە سەر گۆڕەکان، مانایەکی هەبوو، کە لە چاخی نیولیت و دواتر بەردەوام بوو. هەندێک توێژەر پێیان وایە ((ڕەنگە ئەو ڕەفتارە پەیوەست بێت بە باوەڕی نەمری، لەبەر ئەوەی ڕەنگی سوور، ڕەنگی خوێنە، کە هێما و گوزارشت لە بەردەوامی ژیان دەکات و وەشاندنی خۆڵی سوور، هەمان مانای هەبێت و هێمایە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مردووەکە، ئینجا شاد دەبێت بە گەیشتن بە نەمری لە دونیای ئەو دیوو)) (16). شوێنەوار ناس "کنیۆن"، شوێنەواری پەرستگایەکی دۆزیەوە، کە سەر بەو شارستانیەت بوو و هەوڵیدا پەیوەندی نێوان ئەو پەرستگایە و پیرۆزکردنی ئاو، بدۆزێتەوە. دیارە ئاو گوزارشت لە هێزی پیرۆز دەکات و هێمای بە پیتیە و سەرچاوە و هۆکاری بەرهەمە کشتوکاڵیەکانە. شوێنەوارناسان سەرنجییان داوە لە دیاردەی لێکردنەوەی سەری مردوو لە جەستەکەی و دانانی بەرگێکی لە گەچ دروستکراو لە سەر سەری مردووەکە، بۆ ئەوەی شێوەی مردووەکە، لە شێوە ڕاستەقینەکەی بچێت، لەم بارەیەوە توێژەر "کۆڵ" پێیوایە، کە (( جیاکردنەوەی سەری مردووەکە لە جەستەکەی و ناشتنی سەرەکە بە جیا، ڕەنگە پەیوەست بێت بە پەرستنی کەلە سەر، ئەوەی جێگای سەرنجە لەیەکچوون هەیە لە نێوان نەریتی دروستکردنی بەرگێکی گەچین و بۆ سەری مردووەکە، لەگەڵ ئەو نەریتەی ئێستا لە میلانیزیادا هەیە))(17).لە فەلەستین مردووەکانی خۆیان لە ناو خانوو و ژوورەکەی خۆیاندا دەناشت، وەلێ لە کۆتایی نیولیتدا، دیاردەی تەرخانکردنی ژوورێک بۆ مردوو لە نزیک ئەو خانووەی تیایدا دەژیان، هەبووە.

- **لە سوریا:** ژمارەیەکی کەم گۆڕی منداڵان دۆزراوەتەوە، بە بەراورد بەوەی لە (تەل ئەلسەوان) لە عێراق، دۆزراوەتەوە. باوەڕ وایە ئەو گۆڕانە دیاردەکە لە دیاردەکانی قوربانی مرۆیی، کە بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خواوەندان، ئەنجامدارەوە.
- **لە میسر:** کەلتووری نیولیتی لە وڵاتی میسردا، بە بەراورد لەگەڵ عێراق، دواکەوت، بەڵام لە کەلتوری ناوچەی"مەرمەرەی بەنی سەلامە"دا، ناشتنی مردووان لە تەنیشت

ماڵەکانی خۆیان، باو بووە. کەچی لە کەلتوری "حەلەوانی عەمری"دا، هەردوو دیاردەی ناشتنی مردووان لە نزیک ماڵان و ناشتنیان لە دوریی لادێ و ماڵان، باو و هەبووە.

مرۆڤی نیولیتی میسری (هەزارەی پێنجەمی پ.ز)، لە خەڵکانی تر زیاتر بایەخیان بە باوەڕی نەمری داوە، هەروەها تێبینی کراوە، کە ((جەستەی مردووان لە سەر لای چەپ و ڕووەو ڕۆژئاوا داندراوە، واتە خولێکی دیکەی بوون لە جیهانی ژێرەوە دەست پێدەکات، مرۆڤ بە پەیڕەوکردنی ئەو نەریتە ئاینیە، هەوڵی داوە خۆی پەیوەست بکات بە دیاردە گەردوونیەکانی ژینگە و دەوروبەری خۆی و لە پێناو هێنادی نەمری، جەستەی مردووەکە، بە حەسیر یا پێستە یا قوماش، دادەپۆشرا، کە ئەمە هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ پارێزگاریکردن لە جەستەی مردووەکە و هێنانەدی نەمری، هەندێک گۆزە و دەفری گڵینە لە ناو گۆڕێکدا دۆزرانەوە، بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی مردووەکە لە جیهانی ژێەوە، دانرابوون، وەلێ پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئێسک بەندێک لە "حەلەوانی عەمری" دۆزرایەوە، کە گۆچانێک لە تەنیشت دەستی مردووەکە دانرابوو، ئەمە ئەوە پیشاندەدات، کە باوەڕیان بە ئامادەکردنی خانووی ئەبەدی هەبووە، ئەو ئامرازانەی تیادا بێت کە لە ژیانی سەر زەوی بەکاری دەهێنا))(18).

- **لە عێراق:** مردوو لە ناو چاڵێکی ئاساییدا لە ناو ماڵەکاندا دەنێژران، جەستەی مردوانیش، وەک چۆن پز(کۆرپەڵە)، لە ناو سکی دایکیدایە، بەم شێوەیە مردوو دەنێژران، هەر وەک لە گوندی "ئوم دەباغیە" بەرچاو کەوتووە، وەلێ لە "حەسسونە"دا، جەستەی منداڵی مردوو لە ناو گۆزەی گڵێندا دانراوە، تێبینی کراوە سەری مردووەکە ڕووەو باکوور بووە.

لە بابەتی "تەل ئەلسەوان"دا، باسی گۆڕی منداڵانمان کرد، کە کەلە سەری مردووانیان بە ڕەنگی سوور تێکەڵ بە ڕەنگی ڕەش، بۆیە کراوە و خشڵ و قاپ و دەفر لە ناو گۆڕدا دانراوە، کە ئەوە لە کەلتووری تەل ئەلسەوان و سامەڕادا باو بوو، باسمانکرد.

***لە ئەنادۆڵ:** مردوویان لە ژێر ڕاخەری خانوو و پەرستگاکاندا، دەناشت، باسی ئەوەمان کرد، کە چی لە "چەتال هیۆک"دا، دۆزرایەوە، هەروەها ڕۆڵی سیسارک لە لێکردنەوە و

خواردنی جەستەی مردوان، ئینجا ئێسکەکانی مردوەکەیان بە پێست یا قوماش یا حەسیر دەپێچایەوە و ئامادەیان دەکرد بۆ ناشتن، هەندێک ئامراز و پێداویستی ژیان لە ناو گۆڕەکاندا دۆزرایەوە، ئەوە ئاماژەیە بۆ باوەڕبوون بە بەردەوامی ژیان لە دوای مردن لە دونیای ئەو دیو.

*** لە ئێران:** لە ژێر ڕاخەری خانوەکاندا دەنێژران و جەستە و گۆڕەکەش بە خۆڵی سوور دادەپۆشرا، هەروەک لە "تەپە سیالەک"دا، بینراوە، پاشماوە و بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە بایەخ بە ناشتنی مردووان دراوە، جەستەی مردووان فەرامۆش نەکراوە و فڕێنەدراوە، ئەوەش دەلالەت لە پێشکەوتنی ڕۆحی لە بواری ئەسکاتۆلۆجیادا، دەکات. ئاراستەی سەری مردووش، بە گوێرەی جیاوازی باوەڕ لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر، جیاواز بووە. گۆڕی تایبەتی ناو خانووەکان و گۆڕی گشتی هەبووە. هەروەها لە نیولیتی میسریدا، باوەڕکردن بە بەردەوامی ژیان لە دوای مردن، بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ دەستهێنانی نەمری لە دوای مردن، کە دواتر بووە بنچینەیەک بۆ باوەڕی میسرییەکان.

بیرۆکەی مانەوە لە دوای مردن یا نەمری، لە کشتوکاڵ سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوەی کاتێک مرۆڤ تۆو (وەک مردوو)ی، ڕووەکی لە ناو خاکدا دەناشت، دەیبینی دوای ماوەیەک سەوز دەبێت و گەشە دەکات و تۆوەکە زیندوو دەبویەوە.

مرۆڤی پالیۆلیتی، مردوانی دەناشت، بەڵام نیولیت بنەمای دیکەی بۆ ئەو باوەڕە زیاد کرد، ئەویش باوەڕی هەرمانی و نەمرییە، بڕوای وابوو کاتێک جەستەی مردویەک دەنێژین، ئەوا ڕۆژێک دێت ڕۆحێک یا جەستەیەک لەو پەیدا ببێت....ئەو بیرۆکەیە کرۆکی ئەسکاتۆلۆجیای نیولیتیە، هەروەها ئاوڕشێنکردنی قەبر و هەندێک سرووتی دیکە، وەک: (کوشتنی ئاژەڵ و رشتنی خوێنەکەی لە سەر گۆرەکە)، بە ئومێدی ئەوەی مرۆڤەکە وەک ڕووەک زیندوو بێتەوە،ئەمەش بەڵگەن بۆ ئەو باوەڕە.

کاتێک مرۆڤ بێ ئومێد بوو لە زیندووبونەوەی جەستەی مردوو، ئینجا باوەڕێکی دیکە هاتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆحی مردووەکە لە ناو گۆڕ دێتە دەرێ و نامرێت، وەک خۆر یا مانگ یا شەو وڕۆژ یا وەرزەکان، لە خولانەوەیەکی ئەزەلی دا دەبێت.

ئەوەی مایەی باسکردنە لە بابەتی باوەڕبوون بە ژیانەوەی دوای مردن، بریتییە لە دۆزینەوەی ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕی منداڵان لە "تەل ئەلسەوان" و"سامەڕا" کە هی چاخی نیوولیتیە، ئەو باسەش سێ ئەگەر و گریمانەی لێکەوتەوە، یەکەم، ئەو گۆڕانە، گۆڕی تایبەت بە منداڵانە. دووەم: ڕەنگە منداڵەکان بە شێک بن لە سرووتی قوربانیدانی مرۆیی، کە ئەوە نەریت و سرووتێکی پالیۆلیتی بوو، وەلێ لە چاخی نیولیتیشدا هەر برەوی هەبوو.

ئەگەری سێیەم: گریمانەیەکە دکتۆر (فەوزی ڕەشید) خستوتیە ڕوو، پێیوایە هۆکاری بوونی گۆڕی ئەو منداڵانە، ئەوەیە کە خەڵک و دانیشتوانی "تەل ئەلسەوان"، و هەندێک ناوچەی دیکەی باکوور، کە دووچاری گرفتی کەمی باران بارین ببوون، پڕۆسەی لە چاڵنانی کچان (وأد البنات)یان، پەیڕەو کرد، لەبەر ئەوەی لە کۆتایی نیولیتی عێڕاقیدا، کشتوکاڵ پشتی بە باران بەستبوو، نەک بە پیتی زەوی، جا "تەل ئەلسەوان" ناوچەی کەمی باران بارین بوو، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمی بڕ و ڕێژەی خۆراک بەرامبەر بە ژمارەی دانیشتوان، دکتۆر (فەوزی ڕەشید) گەیشتە ئەو ئاکامەی، کە زۆرینەی ئەو منداڵانەی نێژراون، لە ڕەگەزی مێینەن، بۆیە بڕوای وایە، کە ((مرۆڤ بە درێژایی مێژوو پرۆسەی لە چاڵنانی کچانی ئەنجامداوە، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە بەدەستهێنان و دەسکەوتنی خۆراک سەخت بووە، جا بۆ ئەوەی بڕی خۆرک گونجاو بێت لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان، ئەو پرۆسەیە ئەنجامدراوە، بەڵگەش بۆ راستی ئەم قسەیە، ئەوەیە کە لە قورئاندا لە بارەی لەچاڵنانی کچاندا هاتووە))(19). ئەو ئەنجامەش، بەرئەنجامی دیکەی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لەچاڵنانی کچان بووە هۆی ئەوەی ژمارەی کچان و ئافرەتان، کەمببێتەوە، لە ئەنجامدا وای لەو کۆمەڵە مرۆڤە کرد کە ئەو نەریتە ئەنجامدەدەن، ڕازی بن بە پەیڕەوکردنی بنەمای فرە مێردی (تعدد الازواج)، بۆ یەک ئافرەت، بۆ ئەوەی کێشە و ملمڵانێ لە نێوان پیاوان، لەسەر

دەسکەوتنی ئافرەت ڕوونەدات، بۆیە ڕازیبوون بەوەی هەر ئافرەتێک زیاتر لە مێردێکی هەبێت. کاریگەری ئەو نەریتە لەسەر شارستانیەتی باشوور، کە جێگرەوەی شارستانیەتی باکوورە، دەردەکەوێت، وەک دیارە ئافرەت سەردەمی شا (ئۆرکاجینا)ی سۆمەری (2355 پ.ز)، زیاتر لە مێردێکی هەبووە، بۆیە چاکسازییەکانی ئەو شایەدا ئەمە هاتووە:

**ئافرەت پێشتر**
**هەر ژنێک دوو مێردی هەبووایە**
**لەم سەردەمەدا**
**بەردباران دەکرێن (ئەگەر دوو مێردیان هەبێت)**[20].

ئەو دیمەنە نوێیەی لە سەردەمی نیولیتیدا دەبینین، لە بارەی سەروەری قوربانیدانی ئاژەڵی و ڕووەکی (وەک لە دروێنەدا بەرچاودەکەوێت و دواتر لەگەڵ مردنی "دمۆزی"ی خواوەندی سەوزایی، کە نمایندەی ئەو "تۆ"یە دەکات، کە دەوەشێنرێ و لە شوێنی ئەودا، سەدان ڕووەک سەوز دەبن، دەردەکەوێت)، ئەوە مانای وایە کە قوربانی ڕووەکی دڕەنگتر و دوای قوربانی مرۆیی لە ناوچەی"تەل سەوان"پەیدابووە، ئەوە دواتر پەیوەستە بە لە دەستدان و نەمانی مەرکەزیەتی مێخواوەندی دایک و دەرکەوتنی خواوەندی نێر لە چاخی کەلکولیتدا.

## 6-باوەڕ وسرووت و میتۆلۆژیای نیولیت

ئاینی نیولیتی لە ئاینی میزۆلیتی و پالیۆلیتیدا، سەرچاوەی گرتووە و بە گوێرەی میکانیزمێکی ناوخۆ پەرەیسەندووە و باوەڕ و ئاینەکانی پێش مێژووی، پێکەوە گرێدا، بەڵام پێشکەوتن لە

ئاینی نیولیتیدا، لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە جۆرییە هاتەکایەوە،  کە لە نیولیتدا ڕوویدا، ڕەنگە کرۆک و ناوەڕۆکی گۆڕانکارییەکە بەند بێت بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی بە پیتی، کە چاخەکە بە کاملّی لە ڕووی مادی و ڕۆحیەوە لە چاخەکانی پێشتر جیادەکاتەوە.
لە میانی ڕامان و سەرنج دان لەم چاخەدا، بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵدانی پالیۆلیتی لە کۆتایی ئەو چاخەدا، مێیەکی تاقانەی لێکەوتەوە و پەیدابوو، ئینجا گەشەیکرد و ژمارەیەک برای بۆ پەیدابوون، کە ئەوانە دواتر بوونە (خواوەندانی نیولیت)، هەرچەندە ئەو خواوەندانە لە قۆناغەکانی پێشوودا، لە میانی هێز و تارمایی جادوویی دەرکەوتوون، وەلێ لە نیولیتدا لە شێوەی کۆتەڵی گڵین یا بەردین یا مەڕمەڕ یا هێماکانی مێخواوەندی دایک، بەرجەستەبون و دەرکەوتن، دواتریش لە خواوەندی نێردا بەرجەستە بوون، ئەگەر مێخواوەند نمایندەی یەکتایی نیولیت بێت، ئەوا دەرکەوتن و سێنتەرکردنی خواوەندی نێر، بووە مایەی فرە یەزدانی.

## ئایینی بە پیتی: لە زەوییەوە بۆ باران بۆ ئاو

بۆ یەکەم جار مرۆڤ لە مێژوودا لە چاخی نیولیتدا، هەستی بەوە کرد کە بە پیتی کرۆکی ژیانی مادی و ڕۆحانیەکەیەتی،  بۆ نموونە کشتوکاڵ پشت بە بە پیتی زەوی دەبەستێت، هەروەها زۆربوونی ئاژەڵان و زاوزێی مرۆڤەکانیش. مرۆڤی کۆن بە پیتی بە ئافرەت، کە سەرپەرشتی و چاودێری زەوی و تۆوی ڕووەک و ئاژەڵ و زاوزێ دەکرد، پەیوەست بوو، بۆیە هێزی (پیرۆز)، گۆڕا بۆ هێزی بە پیتی، کە ئافرەت و مێخواوەندی دایک نمایندەی ئەو هێزەیان دەکرد، لەبەر ئەوەی مێخواوەند پێش خواوەندەی نێر پەیدابووە و نوێنەرایەتی هێزی پیرۆزی کردووە و بەشێکی گەردونی تیادایە، چونکە  ژن پز(جنین) یا کۆرپەلەکەی لە خۆدەگرێت و پەروەردە و دەستەبەری دەکات، وەلێ پیاو ئەو کاتە دەرکی بە ڕۆڵی خۆی لە پیتاندن و پرۆسەی زاوزێکردن نەدەکرد، بۆیە بڕوای وابوو، ئافرەت هێزێکە بەرپرسە لە

زاوزێ و بە پیتی و وچەنانەوە، ئەو ئەرکەی ئافرەت ڕەنگدانەوەی لەسەر زەوی هەبوو. مرۆڤ لە ناوچە و زێدی یەکەمی خۆی(باراناوی)، کە کشتوکاڵەکەی پشتی بە باران دەبەست، کۆچیکرد بۆ شوێنە کەم بارانەکان، واتە لە (چەرموو بۆ سامەڕا)، ئینجا بۆی دەرکەوت، کە زەوی تاکە هۆکارنییە بۆ کشتوکاڵ کردن، بەڵکو باران هۆکاری یەکەم و بایەخی زیاترە لە پرۆسەی کشتوکاڵدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، تێگەیشت کە پیاو ڕۆڵی هەیە لە پیتاندن، بۆیە مرۆڤی ئەو کات پێیوابوو، لەیەکچوون هەیە لە نێوان باران و تۆوی پیاو، ئەو تێگەیشتن و دەرکپێکردنە، دەستپێکی وەچەرخانی پیاوسالاری بوو، ئەوە  لەبابەتی چاخی بەردینی کانزایی (کالکۆلیت)دا، باسی دەکەین، کاتێک کە ڕۆڵی ئاو (نەک تەنیا باران)، بە دەرکەوت، بەم جۆرە ڕەوتی کشتوکاڵکردن چەند قۆناغێکی بڕی، لە کشتوکاڵی هەڕەمەکی بۆ کشتوکاڵی پشت بە باران بەستوو بۆ کشتوکاڵکردن بە ئاودان، ئەو پەرەسەندنەی لە بواری کشتوکاڵدا ڕوویدا، پلە بە پلە بوو، سەرەتا لە باکورەوە دەستیپێکرد بەرەو ناوەڕاست و ئینجا بۆ باشووری عێراق، ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاریانە، کاریگەری و ڕەنگدانەوە لە سەر باوەڕی ئایینی هەبوو، واتە لە باوەڕ و پەرستنی مێخواوەندی دایک بۆ خواوەندی هەوا، دواتر بۆ خواوەندی ئاو، ئەو کاریگەریە لە (نەنخەرساج، ئەنلیل، ئەنکی)، لە ئاینی سۆمەریدا، بەدی دەکرێت، دواتر مێخواوەندی دایک (نەنخەرساج) بە یەکجاری دەسەڵاتی لە دەستدا و خواوەندی باوک (ئاسمان =ئانۆ)، جێگەی گرتەوە و بووە سێینەی یەکەم لە ئاینە مرۆییەکاندا.

## خواوەندێتی: لە دایکە گەورە بۆ نێرەمووک بۆ نێر

پەیکەرە گڵینەکانی خواوەندان و هێماکانیان، چەندان هزر و سروش و ئەندێشەمان پێدەبەخشن، ئەمە جگە لە شێوەکانیان کە زل و هەڵئاوساو و ئەندامی سێکسیان، گەورەتر لە

قەبارەی ئاسایی خۆیان دروستکرابوون و تا ڕادەیەک بێ ڕووخسارن، تەنانەت هەندێک پەیکەر و شێوەش، شێوەی ئاژەڵان و ئەهریمەنیان هەبوو، هەروەها شوێنەواری دیکە دۆزراوەتەوە، وێنە و پەیکەری سەیر و نامۆن، خەسڵەتی مرۆییان پێدراوە و چیرۆکەکەی کاهینی بابلی "بەرعوشا یا بیرسۆس"، کە لە سەدەی سێیەم پ. ز بە زمانی یۆنانی، نووسین و بابەتی مێژوویی و ڕامان لە چاخەکانی پێش مێژودا، بڵاو کردەوە. لێرەدا چەند دێرێک لە نووسینەکانی دەخەینەڕوو: (( هەندێک پیاو باڵیان هەبوو...هەندێک پیاوی دیکە چوار باڵ و دوو ڕوویان هەبوو، سەرێ پیاوێک و سەرەکەی دیکە ژن بوو، ئەندامی سێکسیان
دووانەبوو، واتە نێر و مێ پێکەوە، هەندێک پیاوی دیکە، ماوەیەک پەل و پێ و شاخی بزنیان هەبوو، لە کاتی دیکەدا پەل و سمی ئەسپیان هەبوو....هەروەها "گا"هەبوو سەری مرۆڤی هەبوو، سەگیش هەبوو چوار جەستەی هەبوو، کلکی وەک کلکی ماسی وابوو... هەندێک ماسی و خشۆک و مار و بوونەوەری نامۆ هەبوون، شێوەیان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕا، واتە شێوەی یەکتریان بەرجەستە دەکرد)) (21).
بوون و باسکردنی ئەم جۆرە بوونەوەرە مەسخکراو و نێرەمووکانە، کە لە زەمەنی پێش مێژوودا هەبوون، بریتیە لە ئاکامی وێناندن و خەیاڵی مرۆڤ بە پلە یەک، ئەو خەیاڵە شێواوە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر باوەڕ و هەنەر....، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، لە ناخ و دەروونی مرۆڤەکاندا، ئەوانە بوونێکی (هیۆلی=مایای یەکەم)یان هەبووە، مرۆڤی چاخە دێرینەکان خۆی لە نێو بوونەوەری گۆڕاو و مەسخکراودا دەبینیەوە، کە هەندێکیان لە ناوچوون و هەندێکی دیکەیان گۆڕابوون.
ڕەنگە لە خەیاڵی(بەرعوشا)دا، ئەو ئاژەڵانە دوو لایەنە بوون، لە یەک کاتدا نێر و مێ بوون، ئەم خەیاڵ و ڕوانینە ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیکەری خواوەندە نێرەمووکەکان هەبووە، بینیمان کە پەیکەرەکان بە شێوازێکی کارامە داتاشراون، لە هەندێ پەیکەردا، وا دەردەکەوێ کە ئافرەتەکە زاڵە بەسەر پیاوەکەدا، وەک ئەوەی پێشبینی و ئاماژە بێت بۆ ویست و حەزی ئافرەت لەخۆگرتنی توخمی نێر. ئەوە ئەو پێکهاتەیەیە کە "یۆنگ" بە ئەنیمۆس(پیاو لەناو

ئافرت)دا و ئەنیما(ئافرەت لە ناو پیاو)دا، ناوی دەبات، بە بڕوای یۆنگ ئەوانە رەمز و هێمای نائاگاییە، لە چاخە بەرایییەکانەوە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە حەز و ئارەزووی پیاو یا ژن لە سێکس کردن، بەرجەستە دەکات.

لە ئاینی نیولیتیدا، خواوەندی دوانەیی(نێر و مێ)، لە یەک جەستە و شێوەدا دەبینین، کە ڕۆحی مێینە تیایدا زاڵە... پاشان نێر توانی گوزارشت لە خۆی بکات و هێدی هێدی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی مێخواوەند بێنێتە دەرەوە، هەنگاوی نا بەرەو سەربەخۆبوون، ئینجا بووە سێنتەر.

**ئاینی (مانگ پەرستی):**

باوەڕ و ئاییني مێینە لە نیولیتدا، مەیلی بەرەو ئەو دیاردە و هێزە هاودەنگانەبوو، کە گوزارشتی لە ئافرەت دەکرد. مانگ یەکێک بووە لەو هەسارانەی کە نمایندەی مێینەی کردووە، ئاینی نیولیتی لە نێو هەسارەکاندا زیاتر بایەخی بە مانگ داوە، ئەمە جگە لەوەی ((ژیانی ژن لە ڕووی فیزیۆلۆجی و سایکۆلۆژیەوە، سروشت و ڕیتمی مانگی هەیە، ئافرەت سوڕی مانگەی هەیە، هاوتایە لەگەڵ خولی مانگ، کە لە ڕۆژی یەکەمدا یەک شەوەیە و باریکە، ئینجا دەست بە پڕبوون و تەواوبوون دەکات، تاوەک دەبێتە بازنەیەکی پڕ و چواردە شەو، بەڵام هێندە نابات وردە وردە کەمدەکات و بچووکدەبێتەوە تا وەکو لە کۆتایی هەیڤدا، بە تەواوی ون دەبێت. دانیشتوانی خوارووی میزۆپۆتامیا بڕوایان وابوو، بازنەی پڕ"چواردە شەو"، کە سوڕی مانگانەی عەشتار دەستپێدەکات و واز لە کارەکانی دێنێت و پشوو دەدات، بۆیە لەو ڕۆژەدا چەند شتێک قەدەغەیە، بۆ نموونە سەفەرکردن و خواردنی چێشتی کوڵاو و هەڵگیرساندنی ئاگر، کە بریتین لە هەمان ئەو کارانەی، ئافرەت لە کاتی سوڕی مانگانەدا ئەنجامی نادات. ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی "ساباتۆ"، واتە ڕۆژی پشوودان. سەرەتای هەموو

هەیڤێک ئاهەنگیان بۆ عەشتار دەگێڕا و پاشان هەر چارەکێکی (هەیڤی مانگی= الشهر القمری)، ئاهەنگیان بۆ دەگێڕا))(22).

بیرۆکەی مانگ و هەفتە و ڕۆژەکانی هەفتە، لەو نەریتە و خولەی مانگ سەرچاوەی گرتووە، ئەمە جگە لەوەی وشەی (تاریخ)، کە لە بنچینەدا لە (ورخ)ی بابلی وەرگیراوە، کە واتای (خواوەندی مانگ) دەبەخشێت.

توێژەرانی بواری میتۆلۆژیا، لە سەر دوو شت کۆکن، یەکەمیان پەرستنی مانگ پێش پەرستنی خۆر بووە، دووەمیان پەرستنی مانگ پەیوەستە بە ئافرەت و سەروەری مێینە، کەچی وەرچەرخان و ئاینی خۆری(خۆرپەرستی)، پەیوەستە بە سەروەری نێر، ئەوە لە ئایینەکانی دواتردا بەدی دەکرێت.

لە کەلتووری کۆندا، کە پاشماوەی کەلتوورەکانی نیولیتین، دەتوانین بە ئاسانی ئەوە بسەلمێنین کە پەیوەندی لە نێوان  مانگ و بە پیتیدا هەیە، لەبەر ئەوەی مانگ لە کۆندا ڕابەری وەرزەکانی چاندن و کشتوکاڵ بووە، هەر بە هۆی مانگەوە مرۆڤ وەرزەکانی دیارکردووە و رۆژەکانی، بە رۆژی بەپیت و ڕۆژی قاتوقڕی ناسیوە و دەستنیشانکردووە. مانگ بە پیتی زەوی و سەوزایی ڕووەکەوە پەیوەست بووە. لە وێنەکانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا، دەبینین مانگ و درەخت لە یەکەیەکی تەشکیلیدا، ئاوێزانی یەکتر دەبن و مانگ وەکو بەشێکی ئۆرگانی درەختەکە دەردەکەوێت، هەروەها مانگ بەرپرسیارە لە زاوزێکردنی گیانداران و مرۆڤ. جێگەی ئاماژەیە مانگ لە کەلتووری دیکەشدا، بەرپرسیارە لە بەخشینی ژیان بە "تۆ"وە وشکەکان و ناردنی باران و هەڵکشان و داکشانی ئاو وپەخشکردنی ئاورینگ و تەقاندنەوەی کانییەکان. لە هەندێک میتۆلۆژیای خێڵە بەراییەکاندا ئاماژەی پێدراوە، (( لە گرینلاند باوەڕ وایە مانگ فووی ژیان بە منداڵدانی ژناندا دەکات، لەبەر ئەوە ئەو ژنەی حەزی لە سکپڕبوون نەبێت، لە ترسی پێدزەکردنی تریفەی مانگ، شەو بە بێ داپۆشینی توند وتۆڵی ناوچەی زاوزێی لە سەر پشت ناخەوێت. لە نەیجیریاش ئەو کردە سیکسیەی پیاو

دەیکات، بریتیە لە ئاسانکردنی کاری مانگ کە بەرپرسیاری ڕاستەقینەی سکپڕبوون دادەنرێت. لای خێڵە "ماوەری"یەکانی ئیمریکای باکوور باوەرشێک زاڵە، کەوا مانگ مێردی هەموو ژنانە. هەندێک خێڵ لە مەنگۆلیا و لە هەندێک ناوچەی تری جیهان باوەڕیان وایە هەندێکجار بە تەنیا و بە بێ دەستێوەردانی پیاو مانگ دەتوانێت سکی ژنان پڕ بکات. لای هەندێک لە هیندیەکانی تەکساس، ژنی تازە شووکردوو (بە ئاواتی سکپڕبوون)، بە ڕووتی لە ناوتەشتێکی پڕ لە ئاوی بەر تریفەی مانگ ڕادەوەستێت. لە هەندێک سەر گوزشتەی لەدایکبوونی بودادا، دەگێرنەوە لە پاکیزەیەک لەدایکبووە، کە تریفەی مانگ سکی پڕکردووە))(23). بێگومان پەرستنی مانگ یەکەم پێگە و دەرازینکی فەلەکناسی و تەنجیم بوو لە جیهانی کۆندا، دەبی ئاماژە بەوە بکەین کە مانگ یەکەم هەسارە بوو بووە جێگەی سەرنج و  بایەخییدانی مرۆڤ، ئینجا خۆر و هەسارەکانی دیکە. دەرکەوتنی مانگ لە یەکەم دەرچونی ڕووەک دەچێت کە تازە لە زەوی سەر دێنێتەدەر، هەروەها هەڵئاوسانی زەوی پێش کێڵان یان قلێشانی خاک وەک هەڵئاوسانی مانگ و قۆقزبوونییەتی .... گەشەکردن و خڕبوونی مانگ لە پەیدابوون و پڕبوون و پێگەیشتنی ڕووەک دەچێت، هەروەها مردنی ڕووەک و مردن بە گشتی وەک زەرد هەڵگەڕاو بە شا مێ بوون و تاریکی مانگە، بە گشتی هەیڤ هەموو مانگیک پێستی مردن دادەماڵی و خۆی نوێدەکاتەوە، وەک بڵیی نەمرێکی هەتاهەتایی و ئەبەدییە، وەک جۆری ڕووەکە، کاتێک تۆوەکە خۆی لە بەرەکەی دادەماڵێ، بۆ ئەوەی سەر لەنوێوە و شین و سەوز ببێتەوە، لە مار دەچی (کە ئەویش وەک ئافرەت وایە)، کاژی فڕێدەدا و ماوە بۆ ماوەیەکی دیکە نوێدەبێتەوە.

## میتۆلۆژیا و هیماکانی نیۆلیت

بە ئەندێشە و هزری ئێمە، دروستکردن و هێنانەدی هێما(کە بە پەیکەر گوزارشتی لێ کراوە)، مەزنترین بەرهەم و دەستکەوتی ئایینی نیولیتە، بەتایبەتی لە کەلتوری(حەسسونە)دا،

سەریهەڵداوە و لە کەلتوری سامەڕاشدا، گەیشتە ترۆپک واتە لەنێوان ساڵانی(5800-4900)پ.ز، واتە نزیکەی دووهەزار ساڵی چاخی نولیت (کە ئەم چاخە سێ هەزارساڵی خەیاندووە)، دەرکەوتنی هێما لە ژیانی مرۆڤدا لە هەرکات و زەمەنێکدا بێت، ئەوا هەر دەمانبات بەرەو پەیوەندیەکەی بە ئەفسانەوە، ((هێما ئاماژەیەکی دیاریکراو لە خۆدەگرێت و مەودایەکی گەورە و فراوانی هەیە، لە ڕووی مانا و ناواخن و سۆزەوە، کە نە نووسراونەتەوە، گەلێک جار هێما ئاوێتە و تێکەڵی شێوازی باڵا دەبێت، واتە گوزارشت لە شێواز و مۆتیڤە گەردوونی و ڕەمەکییە جیاوەزەکان دەکات، یان گوزارشت دەکات لە نەسەق و ڕێکخستنی رەفتار و باوەڕە مرۆییەکان، کە بارگاوین بەهێز و سۆزی بەرایی)) (24). وەلێ هێما کە پێکدێت و دروست دەبێت دەمانبات بەرەو تۆنێلێک کە لەناو زماندا، لێدراوە و لە شێوەی (لیگۆرە) یا(میتۆس)دا، بەرجەستە دەبێت، کە ئەوانە دوو شێوەی بەرایی حیکایەت و ئەفسانەن، لە ( لیگۆرە) یا(میتۆس)یشدا، ڕێگا دەکرێتەوە بەرەو ئەفسانە بە واتا فراوانەکەی، وەک(حیکایەتێکی پیرۆز)، کەواتە پەیوەندی نێوان هێما و ئەفسانە، بە شێوەیەکی سەرەتایی لە ناو زمانی ئاخاوتندا هەیە، وەلێ لەگەڵ نزیکبوونەوەی سەردەمی نووسین، هونەری شێوەکاری ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە یەکگرتن و پیانووسانی هێما و ئەفسانە و تێکەڵبوونیان و توانەوەیان لەناو یەک بۆتەدا، ئێمە هەرگیز بە دووری نازانین، کە هێمایەکانی نیولیت لەلایەک بەرهەمی ئەفسانەکانی سەرزارەکی بێت و لە لایەکی دیکەوە، سەرەتا و پێشەکیەک بێت لە دەرکەوتنی هێماکانی نووسین، کەواتە هێماکان ڕۆڵێکی مەترسیدارییان هەبووە لە وەچەرخانی باوەڕەکانی پێش مێژوو بۆ چاخە مێژوویی و باوەڕە مێژووییەکان، بەشێوەیەکی هەمەکی و فراوان.

لە ڕاستیدا ئەفسانە ((بریتیە لە فۆرمێکی چیرۆک ئامێزی هێمای شێوازە باڵاکان، دەمانبات بەرەو کەشفکردنی مانای ئەو بابەت و هزرانەی مرۆڤ دەیزانێت و باوەڕی پێیەتی. ئەفسانە لە دووفاقیەکە(أزدواجیەت)یدا، ڕوانینی شتەکانە، بەزمانێک دەدوێت، کە لە هەموو شێتک قوڵترە، لە ناخی سەرچاوەکانی هەست و دەرکپێکردنی مرۆییدایە))(25).

ئەگەر هێمایەکان لە کۆندا ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبوبێت، ئەوا ئێستاش هەمان رۆڵی لە ژیانی مرۆڤی هاوچاخدا هەیە. دەروونناس "یۆنگ" کار و کۆششێکی مەزنی ئەنجامدا لە پێناو ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستیە و هێما ڕووەکی و ئاژەڵی و سروشتی و ئەندازەییەکان، بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی یۆنگ و قوتابیەکانی بوون، هەرچەندە یۆنگ و قوتابیەکانی هێماکان بە شێوەیەکی گشتی دەگەڕێننەوە بۆ ژیانی بەرایی و نائاگایی کۆ، کەچی لە جێبەجێکردنی کردارەکیدا، قوڵترین خاڵەکانی دەرکەوتنی هێماکان لە کەلتووری یۆنانی و مەسیحیدا دەبیننەوە، پێشتر ئاماژەمان بەو بۆچوونە هەڵەیە کرد. لە ڕوانگەی یۆنگەوە، هێما شتێکی فەردی و تاکایەتی نییە، بەڵکو بەرهەمی دەستە جەمعییە، لە ڕووی سروشت و سەرچاوەکەیەوە وێناندێکی ئاینییە، ڕەگ و سەرچاوەیەکی پیرۆزی هەیە لە نادیار و پەنهانی کۆندا حەشار دراوە، واتە ڕەگەکەی بۆ ڕابردووی دوور دەگەڕێتەوە. هەروەها گوزارشت لە مۆدیل و نموونە دێرینەکان دەکات (Archetype)، و لە هەموو حاڵەتێکی دەروونی، بە تایبەت لە خەونیشدا دەردەکەوێت، تاکو ئێستاش لە نائاگایی مرۆڤدا، رۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی دەبینێت (26).

جۆزێف کامبڵ لە کتێبی "دەمامکەکانی خودا"دا، تەنیا یەک نموونە دێنێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئاڵوگۆڕ و دەستاودەستکردنی هێما و هەندێک چەمکە ئاینیەکانی نیولیتی، لە شوێنەواری "ماڵتە"ی نیولیتدا، لەناو گۆڕی منداڵانی ئیفلیج، بیست پەیکەری مێینە دۆزرایەوە، هەر پەیکەرێک دەرزیەکی عاج کە لە شێوەی هێلکە شەیتانۆکەدابوو، بەلا تەنیشتێکی هەڵواسرابوو، لە تەنیشتەکەی دیکەدا، سێ ماری وەک کۆپرا هەیە، هەروەها هێلکە شەیتانۆکەیەکی دیکەش بە ماسیەکی لە عاج درووستکراو لکێنراوە. گۆڕەکان وەک وێڵگەیەکی ون و داخراوەکان وایە، سەری منداڵەکان ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە، هەروەها هەندێک باڵندەی لە عاج درووستکراو لە ناو گۆڕەکاندایە(27).

باڵندە و ماسی و مار و وێڵگە(المتاهە)....گشتیان دەلالەت لە مێخواوەندی دایک و سرووتی گەڕانەوەی ڕۆح دەکەن، ئەوانە هێما و ڕەمزن بۆ دوای مردن. بۆ نموونە ماری ئەهریمەنی (Serpent)، دوای ئەوەی لە قۆناغی بەراییدا لە شێوەی مارێکی وەک زەکەر (چووک)بوو، گۆڕینی بەسەردا دێت و دەبێتە پاکیزە(Maiden).

## سیحری قۆناغی کشتوکاڵی

کشتوکاڵ گۆڕانکاری لە دید و ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشت، دروستکرد و هێناکایەوە، وای لە مرۆڤ کرد سەرنج لەو دیاردانە بدات، کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە، ئەگەر پێشترلە پالیۆلیتدا ڕوانینی بۆ سروشت و ژینگە، ئەرێنی یا نەرێنی بوایە، ئەوا هەر دەبوایە ڕێورەسم و سرووتی جادوویی ئەنجامبدات. وەلێ لە نیولیتدا سرووتەکە لە ڕێگەی پشت بەستن بە خواوەند (بە تایبەت مێخواوەندی دایک)، ئەنجامدەدرا، لە ڕوانگەی مرۆڤی ئەو چاخدا، سەوزبوون و گەشەکردن و سیسبوونی ڕووەک و زاوزێکردنی ئاژەڵان، پەیوەستە بە خواوەندەکانەوە، واتە خواوەند بەرپرسیارە لێی، (( واتە کە پێشتر دیاردەکان و گۆڕانکارییە وەرزییەکان لە ڕێگەی ڕوانینی سیحری لێکدەدرایەوە، دید و ڕوانینێکی دیکەش هاتە کایەوە، ئەویش ڕوانینی ئایینی بوو، مرۆڤی ئەو کات پێیوابوو ئەو گۆڕانکارییە وەرزییانەی بەسەر سروشتدا دێن، هەمان گۆڕانکاری بەسەر خواوەنداندا دێن، لەبەرئەوەی بڕوایان وابوو دەتوانن بە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی جادوویی، یارمەتی خواوەند(کە بنەمای ژیانن)بدەن، لە ململانێیاندا لە بەرامبەردوژمنەکەی (کە بنەمای مەرگە)، باوەڕیان وابوو دەتوانن چالاکی و هێز بۆ خواوەند بگەڕێننەوە، تەنانەت لە ناو مردوواندا، بیهێننە دەرەوە، ئەو سرووتەی بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدەدرا، بریتی بوو لە شانۆیەک بۆ ڕزگارکردنی دیاردە سروشتیەکان))(28).

کێشە و گرفتەکانی دووچاری پرۆسەی چاندن و کشتوکاڵ دەبێت و لە دەستدانی بە پیتی زەوی و بێبەرهەمی، وای لە مرۆڤ کرد بە دوای هۆکارە (مادی و ڕۆحی)یەکاندا، بگەڕێت لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو گرفتانە. هۆکارە مادییەکان، کە مرۆڤ دەرکی پێدەکرد بریتی بوو لە ڕۆڵی باران و با لە هێنانی هەوری باراناوی. وەلێ هۆکارە رۆحییەکان بریتی بوون لە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردن و سەوزبوونی ڕووەکە سیسەکان، بۆ ئەوەی لە وەرزی بەهاردا سەوزببێت و بگەشێتەوە، بۆیە پێویست بوو سرووت ئەنجامبدرێت ( بۆ زامنکردنی سەورزی و گەشاوەیی بەهار)، بۆیە (( شتێکی سروشتی و ئاسایی بوو، ڕووەک جێگە و پێگەی گرنگ و تایبەتی هەبێت لە شانۆ و ئەو نمایشانەی بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر سەرمای زستان و گەڕانەوەی بەهاردا، ئەنجامدەدران، هەروەها گەڕاندنەوەی ژیان بۆ هەر دوو لایەنی ژیان، واتە لایەنی (ڕووەکی، ئاژەڵی)، چونکە لە هزری ئەو مرۆڤانەی سرووت و ڕێوڕەسمەکەیان ئەنجامدەدا، ئەو دوو لایەنە لێک جیا نین و بڕوایان وابوو پرنسیب و بنەماکانی ژیان و بە پیتی، جا چ ئاژەڵی بێت یا ڕووەکی، ئەوا یەک بنەمایە جیاوازی نییە. بۆیە ئامانجی خەڵک لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە سیحریەکان بۆ ڕێکخستنی وەرزەکان، بەدەستهێنانی خۆراک و منداڵبوون، بووە))(29). هەرچەندە ئێمە بەڵگەی ڕەمزی و جادوویی، وەک (ژنە سەماکەرانی سامەڕا) و هێمای خاچی چەماوە و سرووتی باران بارین، مان بۆ ماوەتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەو نەریت و باوەڕە، ڕەگ و سەرچاوەی سرووتی مەرگ و زیندووبونەوەی خواوەندان و درامایی خۆڕسکی ئاینی و هاوسەرگیری پیرۆز، پێکدێنن.

سیحر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تەنیا لە سەر سرووت و باوەڕی ئاینی نەبوو، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لە سەر سەرجەم دیاردە مادییەکانی ژیانی تر، وەک گڵێنەسازی، نانکردن، ڕستن و چنین و هی دیکە هەبوو.

گڵینە و گۆزەگەری، بایەخێکی دیار و تایبەتی هەبووە، چونکە بەندە بە ژینگەی ئاوی ژێر زەوی، یا پەیوەستە بە ڕووبارەکان، هەروەها بەشێکە لە جەستەی بە پیتی، بۆیە مرۆڤ ئەو کردەوە جادوویانەی کە لە سەر جەستەو ڕووخساری خۆی ئەنجامیدەدا، بە کێشانی چەند هێڵیک بە مەبەستی خۆ ونکردن یا دوورخستنەوەی شەڕانگێزی و مەترسی، هەروەها بۆ هەمان مەبەست، مرۆڤ هێلی لە سەر گۆزەکاندا دەکێشا، بەمجۆرە کێشانی هێڵ لەسەر گۆزە و ڕەنگکردنی، لە پێناو پاراستن و بە پیتی بووە، بە بەکارهێنانی ئەو هێڵە جادوویانە، گۆزەکان دەپارێزران ((ئەو ڕازاندنەوە یا نەخشە جادوویانە، کە لە شێوەی هێڵ یا ڕووشاندن یا کێشانی چەند هێڵێکی لار یا تێکەڵاو یا خوارو خێچ، یا بۆیەکردن، ئەوا بە گوێرەی ئەو شێوازە ساکارە، ئاوێکی زۆر یا دەرچوونی ئاو یا ئاژەڵان و ماسی، دەردەخات، کە ڕەنگە ئەوە واتایەکی تەوتەمی هەبێت. ئەو دەفر یا گۆزە گڵینەیە بەو نەخشەوە، ئارامی و دڵنیایی دەداتە خاوەنەکەی و خێر وخۆشی بۆ دەهێنێت یان دەبێتە مایەی خۆشبەختی، واتە وەک دوعا و نزایەکی وێنە کێشراوە، بە مەبەستی دوورخستنەوەی شەڕ وبەڵا، کەواتە وەک مۆروویەکی جادوویيە))(30). لە بواری نانکردنیشدا، سیحر بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەویر مادە(گۆشت)ی، دانەوێڵە دروێنەکراو یا کوژراوەکەیە، ئەو مێخواوەندی بە پیتیە، بۆیە پیرۆزە. هەوێنیش مادەیەکە ڕۆح و تارمایی تیادایە، چونکە خێرا هەویر دەترشێنێت و ئامادەی دەکات، جگە لەمە ئاگریش نانەکە دەبرژێنێ.

سیحر و جادوو لە بواری (ڕستن و چنین)یشدا، ڕۆڵی هەبووە و لە میانی ژمارە و گرێیە بەستراوەکاندا، پەنا بۆ سیحر براوە و بەکارهاتووە، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی ژمارە پێویستەکان لە چنیندا، جۆرێکە لە نووشتە و جادوو، هەروەها بەستن و کردنەوەی گرێیەکانیش، میکانزمێکە لە میکانزمەکانی سیحر. پرۆسەی ڕستن و چنین ڕوخسارێکی دیکەی بە پیتیە، وا دەردەکەوێت هێما بێت بۆ جووتبونی ژن و مێرد و پەیدابوونی منداڵی تازە، کە (( ڕایەڵی تەونەکە وەک ئافرەتێکی پاڵکەوتوو وایە، و داوی ڕایەڵەکە بە تەونەکەوە کراوە، هێمایە بۆ زاوزێ و منداڵبوون، چوارپێچکەکانی تەونەکەش، کە بە ستوونی داندراوە،

هێمایه بۆ نێرایەتی، کەچی چوار لای چنراوەکە کە ئاسۆییە، هێمایە بۆ مێینه))(31).

تێکەڵاوبوون و ئاوێزانبوونی هێڵە ئاسۆییە(مێینە)کان، لەگەڵ هێڵە ستونی(نێر)کان، قوماش یا چنراوی لێ دێتەکایەوە، کە تیایدا هێڵە ئاسۆیی و ستونیەکان ون دەبن و دیار نابن، واتە بەرهەمە نوێیەکە (بەرە چنراوەکە)، هەر دوو هێڵەکەی لە خۆ گرتووە و لەوانیش ناچێت.

وێنەی ئاژەڵی و ڕووەکی و ئەندازەیی، لەسەر چنراوەکاندا، گوزارشت لە دیاردەیەکی جادوویی دەکات، ئەو وێنانە لەسەر پەیکەرەکانی نیولیتیشدا ڕەنگیداوەتەوە و بەرچاو دەکەوێت و گوزارشت لە سیحری کشتوکاڵی دەکەن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


1-بروانە، لوید جورج: اثار بلاد الرافیدین، ترجمة د. سامی سعید الاحمد. دار الرشید. بغداد 1980 ص28

2-بروانە، کوفان جاک: دیانات العصر الحجری فی بلاد الشام. ترجمة د. سلطان محیسن. دار دمشق. 1988- ص75

3-بروانە، السواح، فراس: دین الانسان، دار علاءالدین. دمشق 1993، ص220

4- بروانە، سعد الخادم: الفن الشعبی و المعتقدات السحریة، الالف کتاب(488)، مكتبة النهضە المصرية، ص32

5-المرجع السابق ص33

6-السواح، فراس: لغز عشتار ط5، دار علاءالدین للنشر، دمشق1993، ص208

7-الناضوری، د. رشید: المدخل للتطور التاریخی للفکر الدینی، دار النهضه العربیة للطباعة و النشر، بیروت، 1976، ص33

8-بروانە، یونغ، کارل غوستاف: الانسان و رموزه، ترجمة سمیر علی، دائرة الشؤن العامة، بغداد ، 1984، م ترجمة عبدالکریم ناصیف دار منارات للنشر عمان، 1987. لەم کتێبەدا یۆنگ و قوتابییەکانی(جوزیف ل هندسن، فون فرانز، انیلا جافیە، جولندە جاکوتی)، هێماکانی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ سەرچاوە مەسیحی و یۆنانیەکان، ئەگەر چی دان بەوەدا دەنێن کە هێماکان پەیوەستن بە ناخی بەرایی مرۆڤ، کە ئەوە نائاگایی کۆ(دەستەجەمعی) پێکدێنێت، بە دیدی من ناخی پالیۆلیتی و نیولیتی و کالکۆلیتی، ناخە بەرایەکەیە

9-المرجع الساق،ص 359

10-رشید، فوزی: من هم السومریون، مجلة افاق العربیة، العدد 12 سنه 8، 1981، 85.

11- النعیمی: راجحە خضر عباس: الاعیاد فی حضارە بلاد وادی الرافیدین، رسالة ماجستیر، کلیە الاداب، قسم الاثار 1976.

12- بروانه، الامين: د. محمود: اكيتو او اعياد راس السنة البابلية و عقيدة الخلود و البعث بعد الموت، مجلة كلية الاداب ج5، 1962، له میانی سرووتەکەدا زیوانەکە لە ڕۆژی شەشەمی جەژندا، دوو پەیکەر کە درێژی هەر یەکەیان حەوت بست بێت، لە چەلتووک وروووەکی"الاسیل"، دروست دەکات، یەکێکیان لە شێوەی مار دووەمیان لە شێوەی دوو پشک، و بەرگێکی سووریان لەبەر دەکات.

13- بروانه، الماجدى ، خزعل: مثولوجيا الاردن القديم، وزارة السياحة و الاثار، عمان 1997.

Kenyon. K-14،M ،Excavations at jrich. 1957-8 in p EQ. july- Decemder، 1960 هەروەها بروانە، كوفان، جاك: ديانات العصر الحجرى فى بلاد الشام. ترجمة د. سلطان محيسن. دار دمشق. 1988- ص55

15- الناضورى، د. رشيد: المدخل للتطور التاريخى للفكر الدينى، ص35

16-المرجع السابق، ص36

17-المرجع السابق ص37

18-المرجع السابق ص39

19-رشيد، فوزى: واد البنات و نظام تعدد الازواج فى عصر ماقبل التاريخ، مجلة سومر، الموسسه العامة للاثار و التراث ج1، 2 مجلد 36، 1980، ص56

20-المرجع السابق ص ص 57-58

21- فريشاور، بول: الجنس فى العالم القديم، ترجمة فائق دحدوح، دار الكندى للترجمة و النشر 1988، ص26.

22-السواح، فراس: لغز عشتار ص 75

23- المرجع السابق، 84

24- الاسطورة و الرمز، ترجمة جبرا ابراهيم جبرا، وزارة الاعلام العراقية، بغداد 1973، (المقدمه)، ص6

25- المرجع السابق ص5

26- يونغ، كارل غوستاف، الانسان و رموزه،

27-Campbell، joseph: the Masks of God: peimitive mythology، Viking pressl New york 1959

28-فريزر، سير جيمس: تموز او عشتار، ترجمة جبرا ابراهيم جبرا ص 16

29-المرجع السابق ص17

30- سعد الخادم: الفن الشعبى و المعتقدات السحرية، ص41

31- المرجع السابق ص57

## دەرووی پێنجەم

# ئایینی کالکولیتي (ئاینی شار)

## کەلتورەکانی کالکولیت: شوێن و بەشەکانی

لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پ.ز دا، مرۆڤ کانزای دۆزیەوە و بەکاریهێنا بۆ دروستکردنی ئامرازی جیاجیا، دوای ئەوەی مرۆڤ لە پالیۆلیتدا بەردی بەکارهێنا و لە نیولیتدا گڵێنەی بەکارهێنا، پاشان کانزای دۆزیەوە و بەکاریهێنا بۆ دروستکردنی ئامێر و چەک و شتی دیکە.

وەک زانراوە، پیاو کانزای دۆزیەوە، پێشتر ئافرەت ڕۆڵی دیاری بینی لە کشتوکاڵدا، پیاوان لە سەرەتادا، شوانی و بەخێوکردن وماڵیکردنی ئاژەڵانی گرتە ئەستۆ، بێگومان ڕاوکردنیش ئەرکێکی دیکەی پیاوان بوو، وەلێ کشتوکاڵ پێویستی بە ڕەنجی دەست و بازوو بوو، بۆ نموونە کێڵانی زەوی و دروێنەکردن، بۆیە ڕۆڵی پیاوان گەشەیکرد و چەندان ئاماژە هەن، کە پەیوەستن بە خواوەندی باوک (نێر)، بەڵام کودەتای فیعلی لەگەڵ دۆزینەوەی کانزادا، هاتەکایەوە، ڕەنگە ئەو دەسکەوتە بواری بۆ مرۆڤ رەخساندبێت هێز و توانای خۆی تیادا تاقیبکاتەوە و کانزای لە ناو زەوی هێنایە دەرەوە، ئینجا بەهرەی خۆی بەکارهێنا لە دروستکردنی ئامرازی جیاجیا.

کەواتە شۆڕشی کالکۆلیتی شۆرشی پیاوان بوو، دواتر هەندێک چەمکی نوێی لێ دەرپەڕی، بۆ نموونە شار جێگەی لادێی گرتەوە و پەرستگە بووە سێنتەر و چەقی شار، هەروەها پیشەگەری و بیناسازی و بازرگانی و پەیدابوون و ژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕا، ئایینیش پێکهاتەیەکی فراوانتری پەیدا کرد، لەو ماوە و سەردەمەدا باوەڕی ئاینی گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە ئاکامدا ڕۆڵە مەرکەزیەکەی ئافرەتی لەقبوو، ئینجا خواوەندی باوک و خواوەندی کوڕ، پەیدابوون و هاتنە تەک مێخواوەندی دایک (( بایەخی باوکەکەی ئاسمان هاوتای مێخواوەندی دایک بوو، لە ڕوانینی خەڵکدا باران تۆوی بە پیتی باوکە ئاسمانە. زانایان بڕوایان وایە، هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە، پەیوەستە بەوەی کە پیاوان ژێرخانی ئابووری و پێگەی ئافرەتیان ڕووخاند و تێکدا، کارەکە تەنیابە تەرخانکردنی کاری کشتوکاڵ بۆ پیاوان نەوەستا، بەڵکو ڕۆڵی ئافرەت کەمکرایەوە و لە پیشەکانی دیکەش دوورخرانەوە، بۆ نموونە پیاو لە شاردا، ڕەوڕەوەی داهێنا کە ئامرازێکی کارا بوو بۆ درووستکردنی دەفر و قاپ و دروستکردنی گۆزە، جگە لەمەش پیاوان ئامرازی دروستکەر و سوودبەخش و کارای وەک (پێچکەی دروستکردنی گۆزە)یان، بە دەستهێنا. بەم شێوەیە پێگەی پیاو بەهێزتر بوو و پێشکەوت، چیتر بە خێڵی ژنەکەی نەبەسترایەوە، ئینجا دوای ئەوە خێزان (لە بری خێڵ)بووە بنچینەیەکی نوێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی))(1). بە دیدی ئێمە دۆزینەوەی ڕەوڕەوە، هی گالیسکە بێت یا ڕەوڕەوەی دروستکردنی گۆزە بێت، پەیوەستە بە دۆزینەوەی وێنە و ئاڵوگۆڕکردنی مەندالا و سواستیکا وە هەیە، لە کوولتوری سامەڕادا، چونکە مەندالا بریتیە لە بازنەیەک کە سێنتەرێکی هەیە و دەوروبەریشی لە ڕێگەی چەند هێڵێکەوە، بە سێنتەرەکە بەندکراون. ناوەوەی سواستیکاش ئاماژە دەکات بە جووڵەی مەندالا، ئەوەیان لە هزر و وێناندنی مرۆڤدا لە ڕەوڕەوە دەچێت، ڕەنگە پێچەوانە بێت، واتە ڕەوڕەوە ئیجا و سروشی مەندالا و سواستیکای بە مرۆڤ دابێت؟؟ هەر چۆن بێت، ڕەوڕەوە لە سەردەمی کالکولیتدا هەبووە و ڕۆڵی هەبووە لە بەرەو پێشبردنی شارستانیەت، هەروەها لەو سەردەمەدا، کەشتی

چارۆکەدار هاتە کایەوە و درووستکرا، کە بووە هۆی چالاککردنی بازرگانی لە نێوان شارە تازە درووستبوەکاندا و کاریگەری هەبوو لە سەر پێشکەوتن و ژیاری شارەکان.

بێگومان بوونی شارەکان، وا دەخوازێت پەرستگا هەبێت و ببێتە سەنتەری شار و ئەوەش لەلایەن خۆیەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی، دەزگای فەرمی ئاینی، کە بریتین لە زێوان(کاهین)-ەکان، ئەوەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی دەزگای سیاسی و مەلیک، کە لە سەرەتادا زێوانەکان، میر و مەلیکی شاریش بوون، دواتر دەسەڵاتە ڕۆحی لە دەسەڵاتی سیاسی جیاکرایەوە.

مێژوونوس و شوێنەوارناسان، ماوەی کالکۆلیت بۆ چوار کەلتووری رێکخراو دابەش دەکەن، کە بەشی زۆریان لە باشووری عێڕاقدا بوون و لە هیچ شوێنێکی دیکەدا، کەلتووری وا رێکخراو بەرچاو نەکەوتووە، کە گۆڕانکارییەکی جۆری و خێرایی شارستانیەت تیایدا هاتۆتە دی، ڕەنگە هەندێک ناوچەی دیکەی شوێنەواری کالکۆلیتی هاوچاخی عێراق بدۆزینەوە، وەلێ ناوچەکانی دەوروبەر لە ژێر کاریگەری کالکولیتی عێراقدا بوون. چاخی کالکولیتی لە وڵاتی میسردا لە ڕووی زەمەنەوە، لە دوای کالکولیتی عێراق بووە، واتە کاتی سەرەتای دەستپێکردنی کالکولیتی میسری بەرامبەر، کۆتایی کالکولیتیە لە عێراق.

ماوەی قۆناغی پێش نووسین (نیمچە نووسین یا وەک نووسین)، بۆ باسەکەمان زیاد دەکەین، کە بە پرۆتۆلتریت ناوبراوە، پێکهاتووە لە دوو کەلتوور(ئۆرۆکی دووەم و جەمدەت نەسر)، کە ماوەی پێش بنەماڵە سۆمەرییەکانە، کە چاخێکی پێگوزارە بووە.

| ی عێراق | چاخەکە لە دۆڵی رافی | خایاندن | ەکەی (پ.ز)بە | کانی چاخەکە لە دۆڵی نیل | | میسری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ی<br>خوارەوە) | باشووری<br>(میسری سەروو) | |
| یت | ـ<br>ـ<br>ی یەکەم | | 4300<br>4000<br>3500<br>3100 | ـدە<br>ی | ی<br>نەقادە1<br>نەقادە2<br>ەقادە3 | ـ |
| ریت | دووەم<br>نەسر | | 3000<br>2900 | تی سەروو<br>کە(بوتر) | تی خواروو<br>(لخین) | یت |

**خشتەی (8) کەلتوورەکانی کالکولیت و پرۆتولتریت لە دۆڵی رافیدەین دەخاتە ڕوو و بەرامبەرەکەشی، وەک کەلتوورەکانی نیۆلیت و کالکۆلیتی دوایین لە میسر.**

**کەلتووری حەلەف:** گردی حەلەف(کۆزانای کۆن)، دەکەوێتە باکووری سوریا، بە دووری (5)کم، لە باشووری ڕۆژئاوای سەرێ کانیێ، نزیک سەرچاوەی زێی خابوور، شوێنەواری ئەربەجیە و تەپە گەورە لە پارێزگای موسڵ لە عێراق، هاوتای کەلتووری گردی حەلەفە و لە هەمان و ماوە و یەک سەردەمدا هەبوون.

کەلتووری حەلەف، دوایین کەلتووری دیار و گرنگی باکوورە، ئینجا دوای ئەوە مرۆڤەکان بۆ باشووری عێراق کۆچیان کرد و کەلتورێکی نوێ دەستیپێکرد، بۆیە حەلەف جیاکەرەوەیە لە نێوان کەلتووری باکوور و باشوور. هەروەها کەلتووری جیاکەرەوەیە لە نێوان بەکارهێنانی گڵ و کانزادا، لە نێوان لادێ و شاردا، لە نێوان پەرستگەی سەرەتایی و پەرستگەی کامڵ و پێشکەوتوو.

جگە لە دیاردە ئاینییەکانی کەلتووری حەلەف، کە دواتر باسی دەکەین، بوونی خانوویی بازنەیی نیشتەجێبوون، کە لە شێوەی شانەی هەنگدا بوو، بانی خانوەکانیش گومەزێک بوو بە دار دروستکرابوو یا گرێدرابوو. دانیشتوانی حەلەف مۆری ڕووتەختیان Stamo Seals ناسیووە، کە ئەم جۆرە مۆرە پێش مۆری لولویی پەیدابووە، جگە لەوانە خەڵکی حەلەف خانووی چوارگۆشە و لاکێشەیان بوونیاد ناوە، کە شێوازێکی تازەبوو، ئەم جۆرە خانووە لە حەوت ژوور پێکهاتبوو و چەند ژوورێک تەرخانکرابوو بۆ ئەمبارکردنی دانەوێڵە، ژوورێکی دیکە تەنووری تیادابوو، تەرخانکرابوو بۆ ئاگردان و چێشت لێنان و نانکردن.

**کەلتووری ئەریدۆ:** پاشماوەی شاری ئەریدۆ دەکەوێتە، ئەو پەڕی باشووری عێڕاق، بە دووری (40)کم، لە ڕۆژئاوای شاری ناسریەیە، ئێستا پاشماوەکەی بە "ئەبو شەهرین" ناسراوە، ئەو کەلتوورە لە نیوەی دووەمی هەزارەی پێنجەمی پ. ز سەریهەڵداوە. دیارترین تایبەتمەندی کەلتووری ئەریدۆ، کە ئەو جێگایە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوانە لە باشووری عێراق و یەکەمین شوێنە لە مێژوودا کە بەشەکانی پەرستگەی بە کامڵی تیادا دەرکەوتووە. هەروەها کۆنترین شاری سەر زەویە، پەرستگەکە لە ناوەڕاستی شاردایە و خانووەکان لە چواردەوری بونیاد نراون، دانیشتوانی شارەکە پیشەوەر بوون و بازرگانیان کردووە، زەویە کشتوکاڵیەکانیش لە دەرەوەی شار بوون، پیشەی گڵێنەسازی و کانزاکاری لەو شارەدا پێشکەوتوو بووە.

کەلتووری ئەریدۆ سەرەتایەک و ڕێخۆشکەرێک بوو بۆ گواستنەوەیەکی جۆرایەتی بۆ قۆناغێکی دیکە، کە ئەویش کەلتووری عوبێد (العبید)بووە، ئەم کەلتوورەش نمایندەی کەلتوورەکە دەکات لە عێراق و ناوچەکانی دەوروبەریشدا باو بوو و بڵاوبویەوە.

**کەلتووری عوبێد:** زانایان ئەم کەلتوورە بۆ چوار قۆناغ دابەش دەکەن، لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە قۆناغی سێیەم و چوارەمدا گەیشتە ترۆپک، کە ((بڵاوبوونەوەی دانیشتوان فراوان بوو تا گەیشتە باکووری دۆڵی ڕافیدەین، بازرگانی دەریاییان دەکرد لەگەڵ دانیشتوانی کەنداو، هەروەها پەیوەندی بازرگانی وشکانیان لەگەڵ دانیشتوانی ئێران و ئاسیای بچووک و سوریادا هەبوو، پەیوەندییە بازرگانیەکان ئەوە دەردەخەن، کە بەکارهێنانی کانزا، بە تایبەتی نوحاس و زێڕ، فراوان بوو و گەشەی کردبوو. ئەمە جگە لە پێشکەوتنی دیزاینی گوندە کشتوکاڵیەکان و پێشکەوتنی پرۆسە و شێوازی ناشتن و تەرخانکردنی شوێنی تایبەت بۆ ناشتنی مردووان لە دەرەوەی شار))(2).

سەبارەت ئەو گەلانەی لە باشووری دۆڵی ڕافیدەیدا، لە سەردەمی عوبێد و پێشتر، لەوێ دەژییان، بڕوام وایە باشووری عێراق شوێن و زێدی ئەو گەلانە بووە کە لە ناوچەکانی دەوروبەری ئەوێدا دەژیان، دواتر کۆچیان کردووە بۆ ئێران و کەنداو و دورگەی عەرەب و شام و ئەنادۆڵ، تەنانەت بۆ میسریش.... توخم و دەسکەوتی نوێی شارستانیان گەیاندە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەو ناوچانە، واتە باشووری عێراق زێدی ڕەسەنی سۆمەری و فوراتە بەراییەکان و سامییەکانە، بۆیە من ئەو تیۆرە ڕەتدەکەمەوە کە دەڵێت، گەلانی سامی لە دورگەی عەرەب بۆ عێراق کۆچیان کردووە... لە کتێبێکی دیکەدا بە درێژی ئەو بابەتە باس دەکەم.

## کەلتووری یەکەمینی وەرکا(ئۆرۆک):

ئەوە کەلتوورێکی جۆرییە، بە فراوانکردنی پەرستگە و پەیدابوونی گڵێنەی تازە کە بە (گڵێنەی خۆڵەمێشی)ناوبراوە، جیادەکرێتەوە ئەو کەلتوورە لە باکوری عێراق تا کەنداو، بە ئاسۆییش بەرەو ئێران و وڵاتی شام بڵاوببۆوە، دروستکردنی جام لەم کەلتوورەدا، بەوە ناسراوە کە

لێوەکانی لار یا خوارە و لوولە و کتلیەکانی بەوە ناسراون کە بەلوعەی خواری هەبوو، گۆزەکانیش بەلوعەی درێژی هەبووە، هەروەها دەفر و قاپەکان لە گڵی سوور دروستکرابوو و چوار دەسکیان هەبوو.

دواتر پەرەسەندنی ئاینی و ڕۆحی ئەو کەلتوورە و پەیدابوونی پەرستگەی گەورە و تایبەتمەند، بە تایبەتی پەرستگەی مێخواوەندی (ئینین) یان (ئینانا)باس دەکەین.

**کەلتووری دووەمی ئۆرۆک:** یەکەمین کەلتووری پرۆتولیتیە، نووسینی وێنەیی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە ئۆرۆک پەیدابوو، هەروەها گۆزەی لە گەچ درووستکراو جێگەی گۆزەی گڵینی گرتەوە و گۆزەی نەخشکراو بە وێنەی سێگۆشە، پەیدا بوو.

دیسان بۆ یەکەم جار پەرستگەی بەرز(زەکووڕە)پەیدابوو، بۆ یەکەم جار جۆرە خشتێکی نوێ دروستکرا، کە بە زمانی ئەڵمانی بە (ریمشین Rirmchen)ناوبراوە، کە خشتێکی لاکێشەییە هەروەها پەیکەرەکان رێک داتاشران و مۆری لوولەییش، هاتە کایەوە.

**کەلتووری جەمدەت نەسر:** ئەمەیان دووەم کەلتووری برتۆلیتیە، کاتێک نووسینی بزماری گەشەیکرد بەرەو سەرەتای پەرەسەندنی دەنگ، واتە ئەو وشانەی بە هێما نوسراون، بە بەکارهێنانی بڕگە بۆ نووسینی وشەی جۆراوجۆر، دەرکەوت، کە زمانی سۆمەری کۆنترین زمانە بەو جۆرە نووسینە تۆماربکرێت. هەروەها لەم قۆناغەدا بۆ یەکەم جار هونەری پەیکەرسازی (بارز)پەیدابوو، بۆ نموونە دەفری نەزرکردن و (سەرکی ئافرەت)، کە لە مەڕمەڕ دروستکراو و میللی ڕاوە شێر.

ئینجا گۆزەی ڕەنگاوڕەنگ و سەکووڕەی"ئانۆ" و پەرستگەی سپی و پەرستگەی چاو، بینایەی (ڕیمیشین) و پەرستگەی خواوەند "سین"پەیدابوون.

دەسکەوتە شارستانیەکانی ئەو سەردەمە لە زۆر ناوچەی رۆژهەڵات، وەک ئیلام و تەپە سیالک فوراتی سەروو و ئەنادۆڵ و میسر و ئەورپا و دوورگەی عەرەبی، بڵاوبۆوە.

## دیاردەکانی ئایینی کالکولیتی

## 1-گۆڕانی خواوەندان

**أ-مێخواوەندی دایک و گۆڕانکاریەکانی بەسەر پەرەستنەکەیدا هات:** پەرەسەندن و گۆڕانکاری بەسەر پەرستنی مێخواوەندی دایکدا هات، ڕەنگە لە هەمویان گرنگتر، لە دەستدانی سەنتەرییەتی دایک و دەرکەوتنی خواوەندی باوکە، وەک هاوڕکێکی بەهێز، دواتریش وەک سێنتەرێکی نوێ، کەچی پێشتر لە نیولیتیدا خواوەندی باوک لە پەراوێزی ئەودا گەشەیکرد. ڕەنگە دروستکردنی پەیکەری دایک، لاواز و نزیک لە شێوەی پیاو، بەڵگەن لەسەر ئەو گۆڕانکارییە، کە ئێستا باسی دەکەم:

**1-مێخواوەندی حەلەف:** لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، یەکەمیان درێژکراوەی مێخواوەندی نیولیتە، کە جەستەکەی پڕ و ڕانەکانی زل و گۆشتن، شێوەی دووەمیان، بەوە جیادەکرێتەوە، کە جەستەی بە هێڵ ڕازاندراوەتەوە و بە دەستەکانی مەمکەکانی خۆی گرتووە، چەند خاڵێک

به جەستەیەوە دیارە، ڕەنگە ئەوە جۆرە کوتانێک بێت، شێوی دووەم، کە سەری لە مار دەچێت، ئاماژەیە بۆ تێکەڵکردن و ئاوێتەبوونی هێمای مار لەگەڵ مێخواوەندی دایک (شێوەی 59، أ، ب).

2**-مێخواوەندی عوبێد:** لە کەلتووری عوبێد بە دیاریکراوی، وەچەرخانێک بەسەر شێوەی مێخواوەندی دایکدا هات، بە شێوەیەکی جیاواز و تازە دەرکەوت، لە شێوەکاندا مێخواوەندی دایک بە ڕاوەستاوی کێشرابوو، جەستەیەکی باریک و ڕێکی هەیە و لە هەندێک شێوەدا، منداڵێکی لە باوەش گرتووە، یا دەستەکانی لە سەر سمتی داناوە، شێوەکە وادیارە کە جەستەکە بە ڕۆن چەورکراوە و پارچەی بچووکی گڵینە لەسەر شان و سینگی شێوەکە دانراوە، شێوەی سەری نارێک نییە، بەڵکو ڕووخسارەکەی دیارە و لە مار دەچێت و قژێکی دەستکردیان بۆ داناوە، کە بە قیر بە سەریەوە چەسپاوە.



شێوەی (59) مێخواوەندی حەلەف     أ- مێخواوەندی پڕ





شێوەی (59) مێخواوەندی حەلەف     ب- مێخواوەندی هێڵکاری

ڕووخساره مارانی و شەیتانیەکەی ئەم مێخواوەندە، چەندان پرسیار لە بارەی پەیوەندیەکەی بە مار و بە پیتی و بە سیحرەوە، دەوروژێنێ، هەروەها پیشاندانی منداڵێکی شێوە ئاژەڵ، کە لە باوەشیەتی و شیری پێدەدات، پرسیار سەبارەت بە خواوەندی کوڕ قیت دەبێتەوە.
سێگۆشەی تێکەڵاویش ئاماژە و هێمایە بۆ ئەندامی مێینە. هەروەها لە عوبێد پەیکەرێکی بێ سەر هی مێخواوەندی دایک لە "تەللو"، دۆزرایەوە.

**3-مێخواوەندی ئۆرۆک (ئینانا):** پێشتر گۆمی مەنگی مێخواوەندی مێینە بێ ناوەکانمان شڵەقاند، وەلێ لە ئۆرۆک بە هۆی نووسینی وێنەیی، ناوی مێخواوەندی (ئۆرۆک)مان دەسکەوت، کە ناوی (ئینانا)یە یا (ئینین)، ئەو وەک مێخواوەندی خۆشەویستی و بە پیتی دەردەکەوێت یا ناسراوە، شێوەکەی لە سەر دەفری نەزرکردن کێشراوە، شێوەکە پێشوازی ئینانا پیشان دەدات کە دیاری ڕووەکی لە ژنە زێوانە رووتەکانی وەردەگرێت. بە هێما بەهادار و تایبەتیەکەی ئینانا، کە بریتیە لە (دوو قامیشی چەماوە و پۆشاکێکی ئاوریشمی)، ئاماژەی بۆ کراوە.

بە دیدی ئێمە ئەوە نمایندەی ئەو مێخواوەندە سۆمەریە ناکات، ڕەنگە ئەوە (نەنخەرساج یا نەنماخ)بێت.

فرە خواوەندی وەکو گۆڕانکاریەک کە بەسەر بیرۆکە یا ڕەوتی خواوەندێتی هاتووە، تەنیا تایبەت نەبووە بە خواوەندی نێر، بەڵکو فریی لایەنی مێخواوەندی دایکیشی گرتەوە و هیچ مێخواوەندێک بە دیاریکراوی نمایندەی مێخواوەندی دایکی نەکردووە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێک مێخواوەند (ئینانا)هەبوو، کە بە دیدی ئێمە کچی مێخواوەندی دایکە، دواتر بابەتەکە پەرەیسەند و بۆ هەر خواوەندێکی نێر، مێخواوەندێک هاتەکایەوە، بەم جۆرە فرە خواوەندی پەیدابوو.

## ب-خواوەندی باوک و خواوەندی کوڕ و سێیینە(الثالوث):

1-**خواوەندی حەلەف:** بە دوو هێمای سەرەکی کە بریتین لە (تەوری دوو سەر، گا)، ئاماژەی بۆ کراوە.

2-**خواوەندی عوبێد:** لە مێخواوەندە ڕێک و باریکەکەی عوبێد دەچێت، ئەو خواوەندە باریکە، سەری ماری هەیە(شێوەی 60)، پێشتر ئاماژەمان کرد بە سێیینە خواوەندی لە (ئەریحا و عەین غەزال و چەتال هیۆک)ی چاخی نیۆلیتی، کەچی سێیینە عوبێد بە هەندێد فۆڕمی چوون یەک دەردەکەوێت، دایک و باوک و کوڕ، ڕوخساری ئەهریمەن و مار و ئاژەڵیان هەیە، سێیینەیەکی وا دیار، تەنیالە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز، لە ناوچەی تەل ئەسمەر (ئەشنونا) لە دیالە، بەرچاو دەکەوێت، کە بریتین لە خواوەندی باوک (ئانۆ) و هاوسەر و کوڕەکەی....پێکهاتە و ئەنجوومەنی خواوەندانی سۆمەری، چەندان سێیینەی خواوەندی لە خۆ دەگرێت.



**شێوەی (60) خواوەندی عوبێد**

پێشکەوتن و پەرەسەندنی سێیینەی خواوەندی لە ئەریحاوە بۆ کەلتووری عوبێد بۆ سۆمەر، زەمینە و کەشێکی باشی ڕەخساند بۆ بەردەوامبوون و بەدوایەکداهاتنی سێیینەی تا پەیدابوونی مەسیحیەت. هەنگاوی چەسپاندنی سێیینەی عوبێد، قوناغی بازدان بوو بەرەو فرە خوداوەندی، پێشتر هەندێک هێما هەبوون، کە دەلالەتیان لە هێزەکانی سروشت دەکرد، کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ئەو هێمایانە لە زەین و هزردا پەرەبسەنێت و ببنە خواوەند. ئەگەر خواوەندی باوک پێش ئەوانی دیکە هێمای هەوا و باڵندە و تەوری دوو سەری بۆ خۆی برد یا پێدرا، هەروەک لە کەلتووری حەلەفدا بەرچاو دەکەوێ، ئینجا خواوەندەکە لە شێوەی (ئەنلیل)ی خواوەندی هەوا"نێر"، دەرکەوت. دوای ئەوە خواوەندی کوڕ لە شێوەی خواوەند (ئەنکی) خواوەندی ئاو، دێتە کایەوە. بەم جۆرە سێیینەی خواوەندی لەگەڵ کودەتای نێردا، هاتەدی و کامڵ بوو. کەواتە دەبوایە مێخواوەندی دایک بڕوخێت و خواوەند (ئانۆ)، بۆ ئەوەی خواوەندی ئاسمان جێگەی بگرێتەوە، بەم جۆە یەکەمین سێیینەی نێرینە لە کەلتووری سۆمەریدا سەریهەڵدا وناونران. دوور نییە سێیینیەکان ناویان هەبوبێت، وەلێ بە هۆی ئەوەی تا ئەو کات نووسین نەبوو، بۆیە بێ ناوبوون.

دووەم سێیینەی نێر، دوای ماوەیەکی کەم لە سێیینەی یەکەم، سەریهەڵدا، کە پێکهاتوون لە خواوەندی مانگ، خواوەندی خۆر، خواوەندی بروسکە، ئەو خواوەندانەی بە تایبەتی نمایندەی سروشت دەکەن، بواریان ڕەخساند و دەرگایان والاکرد لەبەر دەم فرە خواوەندی.

وەلێ یەکەم سێیینەی مێینە، پێکهاتبوو لە مێخواوەند دایکە گەورە، کە لەلای سۆمەریەکان بە (نەمۆ)ناوبراوە، کە ئەمیش دایکە (کی) مێخواوەندی زەوی و براکەی(ئانۆ)ی خواوەندی ئاسمانی هێنایە بەر. مێخواوەند (کی)، ناوی دیکەشی هەبوو وەک: (نەنخەرساج، ماما، نەنماخ، ئۆرۆرۆ، کاتم دک)، کە هەموویان هێمان بۆ مێخواوەندی زاوزێ و منداڵبوون و ئەفرێنەر. مێخواوەندی سێیەم بریتی بوو لە مێخواوەند ئینین یان (ئینانا)، کە نمایندەی خۆشەویستی و جوانی بوو.

ئەو سێیینیە مێینە (نمۆ، کی، ئینانا)، تاکە سێیینە نەبووە لە پانسیۆن(ئەنجوومەنی خواوەندان)ی سۆمەریدا، چونکە چەندان خواوەندی دیکە هەبوون، کە دەکرا ببنە سێینەی هاوچوونیەک.

خواوەندی نێری عوبێد، لە پەیکەرێکدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە سەری لە زەکەر"چووک"ی پیاو دەچێت و دەستی چەپی حەوت پەنجەی هەیە، لەسەر پۆشاکە ماسییەکەی شێوەی پلیکانەیەک هەیە، ئاماژەیە بە درێژی سەرکەوتن بۆی.

## ج-خواوەندی نێرەمووک:

لە کەلتووری حەلەفدا خواوەندی نێرەمووک، هەبووە، لە شوێنەواری (کارا بازار)دا، لە سوریا پەیکەرێکی خواوەندی نێرەمووک دۆزرایەوە، ئاماژەبوو بە درێژبوونەوەی کەلتووری نێرەمووک، کە لە کەلتووری نیولیتدا سەریهەڵدابوو، وەلێ لە کەلتووری کالکولیتدا ون بوو و دیارنەما.


## 2-هێما ئاینییەکان

أ- **هێماکانی ڕافیدەین:** ئەو هێمایانە لە سەردەمی کالکولیتدا، لە چوارچێوەی کەلتوورە باو و ناسراوەکاندا پەیدابوو. دەکرێ هێماکان بەم شێوەیە ڕیزبکەین:


1-**خاچ:** ئەو تەرزە خاچەی کە بە خاچی (ماڵتی)ناوبراوە، کەلە سەر جامێکی سیرامیکی دەرکەوت، کە ڕەنگەکانی سوور و ڕەش بوو، هی کەلتووری حەلەفە(شێوەی 61). کەمەری

دەفرەکە داپۆشراوە بە چەندان نەخشی بازنەیی یەک سەنتەر، سێ ڕیزی ڕەشی شەپۆلاوی چەند بازنەیەکی ڕەشی خاڵخاڵکراو جیایانی دەکردەوە. وێنەی خاچ لە سەر دەفرێکی دیکەش هەبوو، لە شێوی مەندالایەکی گوڵ بوو و بە ژمارەیەک خاچی دیکە دەوردرابوو. ئەو دوو پارچە شوێنەوارە هی سەردەمی ئەربەجیەیە هەزارەی چوارەمی پ.ز (شێوەی 62)،
هەروەها لە کەلتووری ئەریدۆ و عوبێدیشدا، خاچ بەرچاو دەکەوێت، وەلێ دەرکەوتنی خاچ لە پەرستگەی (ئینانا) لە ئۆرۆک (شێوەی 63)، جێگەی سەرنج بوو، دیزاینی بەرهەیوانی ناوەوەی پەرستگەکە لە شێوەی خاچ بوو.
**2–مەندالا**: بە چەندان شێوە کێشراوە و زۆرینەی دەفرە گڵینەکان، وێنەی مەندالایەک لە ناوەند و چەقی دەفرەکەدا کێشراوە و ژمارەیەک شێوەی بازنەیی لە ناو مەندالایەکەدا دەبینرێ.


**3–با وەشێنی چوار پەڕ و سێ پەڕ:** کە جێگای سواستیکای گرتەوە.
4–ئەستێرەی (سێ و چوار و پێنج و شەش و حەوت و هەشت) تیشک(لا)، کە زۆربەیان لە سەر گڵینەکانی ئەریدۆ (شێوەی 70)دا، بەدی دەکرێ، لە ئەستێرەی حەوت تیشکدا، دوو بازنە باڵندە لە چوار دەوری ئەستێرەکەدا هەن، بازنەی یەکەم هەشت باڵندەیە و بازنەی دووەمیش دە باڵندەیە.




شێوەی (61) نەخشی سەر دەفرێک- تەل حەلەف /مەندالا و خاچ




شێوەی (62) نەخشی سەر دەفرێک – ئەریدۆ/ مەندالا و خاچ




شێوەی (63) بناغەی پەرستگەی ئینانا لە شێوەی خاچدایە




شێوەی (64) هێمای خۆر/ لەسەر دەفرێک لە ئەریدۆ




شێوەی (65) تەوری دوو سەر




شێوەی (68) هێماکانی مێخواوەند ئینانا



شێوەی (66) کۆتر





شێوەی (67)بکرانیۆم- هێمای گا




شێوەی (69) هێمای قاز

5-خۆر (شێوەی 64).
6-تەوری دوو سەر، سەر بە کەلتووری حەلەفە، ئاماژەیە بۆ خواوەندی نێر(خواوەندی هەوا)، (شێوەی 65).
7-کۆتر، هێمایە لە هێماکانی مێخواوەندی دایک، لە کالکولیتدا (شێوەی 66).
8-سەری گا (بوکرانیوم Bukranium)، هێمایەکی کەلتووری حەلەفە (شێوەی 67)،
رەمزەکانی حەلەفە(تەور، کۆتر، سەری گا)، هێمای دیار و پیۆانەیین و لە کەلتورەکانی کریتی مینەوەی و ئەنادۆڵ و پێش حیتیدا، دووبارە بۆتەوە.
9-**هێماکەی (ئینانا)،** کە بریتیە لە دوو قامیشی چەماوە و قامیشی شەش بازنەیی (شێوەی 68).
10-**ئاژەڵی ئەفسانەیی**، کە ئاژەڵەکان بۆ لایەک مللی خۆیان سوڕاندوە و ئاوڕیانداوەتەوە، هەندێک ئاژەڵی هاوشێوەی ئەوان لەسەر دەسکە چەقۆیەک کێشراون، کە لە شوێنەواری بەرزایی (ئارک) لە میسر دۆزراوەتەوە، سەرەڕای دۆزینەوەی ئاژەڵان وەک هێما.
11-**هێمای قاز**: هێمایەکە لە هێماکانی خواوەندی دایک لە حەلەف، هەروەها ئاماژەیە بۆ مێخواوەندی کشتوکاڵ (نانشە)، (شێوەی 69).
هەندێک هێمای دیکەی هاوشێوەی ئەو هێمایانە هەن، کە لە (سوسە) دۆزراونەتەوە، سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی رافیدەین، هەروەها لە چاخی کەلکولیتیدا لە ڕافیدەین، هێمای دیکەش هەبوون، وەک: هێلی شەپۆلاوی و هێلکەیی و شەپۆلاوی ...بەلام هێلی ڕاست لە سامەڕا فەرامۆش کرابوو.
کەچی شێوەی مرۆیی، وەک تارمایی کێشرابوو، بێ رووخساربوون، Silhouette بۆ نموونە ژنە سەماکەرانی رەی(الری).
**شێوە ئاژەڵییەکان:** لە وێنە و شێوەکاندا ئاژەڵی شاخدار و قاز و مراوی و باڵندە و ئاژەڵی دیکەن بەرچاو دەکەون.







**شێوەی (70) ئەستێرەی سێ تیشک و چوار تیشک لە سەر دەفرە گڵینەکاندا**



شێوەی (71) پەیکەرەکانی مێخواوەندی دایک/ ناوچەی بداری



شێوەی (73) هیماکانی نەقادەی یەکەم (مەندالا و ئەستێرەی هەشت تیشک وخاچ)



شێوەی (72) گوڵە گەنم/ ناوچەی بداری

**شێوەی ڕووەکی:** گوڵە گەنم و لقی دار و هی دیکە.
**شێوەی ئەندازەیی:** سێگۆشە و چوارگۆشەی بەتەنیشت یەکەوە، تەوری دوو سەری سێگۆشە، خاڵکردن بەسەر ئەم شێوازەدا زاڵە.

**ب-هێماکانی نیولیتی میسری:**
ڕەمز و هێما نیولیتیەکان، نوێترن و بەرامبەر سەردەمی کالکولیتی عێراقە، دەکرێ چاوێکیان پێدا بخشێنین، هەرچەندە لە هێماکانی نیولیتی ڕافیدەین ، دەچن، بە گوێرەی دەرکەوتنیان لە مێژوودا، ڕیزمان کردووە:

**1-هێماکانی تاسا:** سێگۆشە و هێڵی خوار و شەپۆلاوی و لار.
2-**هێماکانی بەدراوی:** دوو جۆر پەیکەری مێخواوەندی دایک هەبووە، یەکێکیان ڕێک و جوان و بێ سەر، ئەوەی دیکە ئاساییە و سەری پێوەیە (شێوەی 71).
هێماکانی دیکە بریتین لە شەش گوڵە گەنم، کە لە یەک سێنتەردا یەکتر دەبڕن (شێوەی 72).
3-**هێماکانی نەقادەی یەکەم:** بریتین لە:
1. مەندالا/
2. ئەستێرەی هەشت تیشک/
3. خاچێک، بازنەیەک لە ناوەڕاستیدا/
4. دیمەنی ڕاوکردن و سەما/
5. مێخواوەندی دایک، لە جوولەیەکی سرووتیدا.

**4-هێماکانی نەقادەی دووەم:**
1-مەندالای پێنج ئاسکەکە، بەشێکە لە دیمەنی ڕاوکردن.
2- هێما و دیمەنی سەماکردن.


3-هێمای ئاژەڵان (تیمساح، بزن، سەگ، ماسی، ئەسپی دەریا)، ئاژەڵە ئەفسانەییەکانی مللی خۆیان سوڕاندووە، هاوشێوەی هێماکانی ڕافیدەینە.

ئەو هێمایانە، ئاماژە بە دیاردە سەرەتاکانی هونەری کۆنی میسر دەکەن، کە ڕەگێکی ئاینیان هەیە، وەک دیارە بەشی زۆری لە ژێر کاریگەری هونەر و ئەفسانەکانی رافیدەین دابووە، کە باوەڕ وایە کەلتووری رافیدەین لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بڵاوبۆتەوە، کە هێماکانیش بەشێکن لە کەلتوورەکە.


## ج-هێماکانی نووسینی وێنەیی (هێمای پروتولتریت Peotoliereate):

ئەو هێمایانە هی سەردەمی کۆتایی کالکولیت و سەرەتای برۆتولتریتە و بریتین لە پەرەسەندنی هێماکانی کالکولیتی و نیولیتی، ئەو هێمایانە مەبەستێکی ئاینی لە پشتەوە نەبوو، بەڵکو بۆ مەبەستی تۆمارکردن و نووسین بووە، هەرچەندە هەندێک لە هێماکان لە کالکولیت و نیولیتدا، بۆ مەبەستی ئاییني بەکارهاتبوون....واتە نووسین ڕەگێکی ئاینی هەیە و هێما ئاینییەکان مێژوویەکی درێژیان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ هەزارەی هەشتەمی پ.ز. واتە بۆ سەرەتای نیولیت، وەلێ تا چاخی برۆتۆلتریت بۆ نووسین بەکارنەهاتبوو، یەکەمین نوسینی وێنەیی لە پەرستگەی(ئۆرۆک)دا، دۆزرایەوە(شێوەی٧٦)
سۆمەرییەکان کە لە باشووری عێراقدا دەژیان لەو سەردەمەدا نووسینیان داهێنا، کە مەزنترین دەسکەوتی مرۆیی بوو، ئەو دەسکەوتە هۆکار بوو بۆ پەیدابوونی شارستانیەتەکان لە چاخە مێژوویەکاندا، زانا شمادت بیزرات (Denise schmandt -Besserta)(2)، تیۆرێکی نوێی لە بارەی نووسینی بزماری خستۆتە ڕوو، تیایدا ڕەگی نووسین دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی نیولیت و کالکولیت و پێیوایە یەکەم قۆناغی نووسین پیایدا تێپەڕیوە

دەگەڕێتەوە بۆ (8500 پ.ز)، واتە کۆتایی میزۆلیت، نووسینەکە لە هەندێک هێمای ئەندازەیی (Geometric tokens)، پێکهاتبوو کە لەسەر تاتە قوڕ تۆمارکراون، بڕوای وایە ئەم هێمایانە لەسەر دەفرو گۆزە و تابلۆکاندا، دەرنەدەکەوتن، بەڵکو لە سەر مۆری بازنەیی (Bullae)، تۆمارکراون، کە زانایان پێشتر بڕوایان وابوو، ئەوانە یاری منداڵانن، وەک (کەلا یا تۆپی شوشەیی)، وەلێ دەرکەوت، ئەوانە چەکی دڵنیایین (وصولات الامانة)، بە هۆی ئەو هێما دیاریکراوانە، کڕین یا فرۆشتن دیار دەبوو و دەزانرا.



شێوەی (74) دیمەنی سەما و ڕاوکردن،کە پەیکەری مێخواوەندی دایک لە جوولەیەکی سرووتی ئەنجام دەدات– نەقادەی یەکەم.



شێوەی (75) مەندالای پێنج ئاسکەکە– نەقادەی دووەم

قۆناغی **دووەمی** نووسین لە نێوان (3500– 3200 پ.ز)–ە، لەو قۆناغەدا هێماکان لە سەر مۆری خڕ و بازنەیی، کە ڕوویان پانە، دەرکەوت، هەروەها پەرە بە هێماکان درا و فراوانکرا و بابەتی دیکە و نا ئابووری گرتەوە.

قۆناغی **سێیەم** لە نێوان (3200– 3100 پ.ز) لەم قۆناغەدا نیشانە و هێماکان لە شێوە وێنەیی– بزماری– لە سەر تاتە قوڕ تۆمارکرا.

ئەوەی جێگەی بایەخی ئێمەیە، قۆناغی وێنەیی پەکتۆگرافی ( Pictographic)–ە، لە ((چینی چوارەمی شوێنەواری ئۆرۆکدا، کە بەو شێوەیە تۆمارکراوە، چەند نموونەیەکمان دەسکەوتووە و بۆ ماوەتەوە، کە چەند دەقێکی ئابووری و خشتەی ئەو کەرەستانەن، کە داواکراون و پێداویستن...هەروەها لە پاشماوەی شاری کیش (تەل ئەحیمر)، تابلۆیەکی بەردی دۆزرایەوە، کە نووسینی وێنەیی لە سەرە و بابەتێکی ئابووری لەسەر تۆمارکراوە))(4).

لێرەدا تەنیا باسی نووسینی بزماریمان کردووە، لەبەر ئەوەی لە پێش نووسینی هیرۆگلیفی میسری پەیدابووە، چونکە هیرۆگلیفی دوای زیاتر لە (500 ساڵ)، لە نووسینی بزماری (قۆناغی هێمایی)، هەزارەی سێیەم، پەیدابووە. بۆیە نووسینی هیرۆگلیفی دەسکەوتێکی چاخە مێژوویەکانە، چونکە کاتێک برۆتۆلتریت لە عێراق دەستیپێکرد، تازە میسر پێی نابووە سەردەمی کالکولیت، بۆیە وەک ئاماژەمان پێدا، نووسینی بزماری لە نووسینی هیرۆگلیفی کۆنترە، هەندێک مێژوونووس و شوێنەوار ناس، کاریگەری یەکەم لە سەر نوسینی دووەم لە رووی پەیدابوونەوە، دەردەخەن.

## 3-شوێنەکانی پەرستن (پەرستگەکان)

کنە و پشکنینە نوێیەکان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە حەلەف و ناوچەکانی دەوروبەریدا، دۆزینەوەی پەرستگەیەکی بەرایی سەکۆداری لێکەوتەوە، کە ئاماژەیە بە سەرەتای پەیدابوونی پەرستگەی باو لە دۆڵی ڕافیدەین، وەلێ یەکلانەکراوەتەوە، کە ئەوە بە مانا ورد و تەواو پەرستگە بێت، ڕەنگە گڵکۆیەکی پێشکەوتوو بێت، وەک ئەوەی (تەل حەسسونە). پێدەچێت تۆلۆس (Tholos)ی، حەلەفی، ڕۆلێکی گرنگی لە ژیانی ئاینیدا هەبوبێت، ڕەنگە نمایندەی مەرقەد یا جۆرە گۆڕێکی ئاینی یا ئەنجوومەنی ئاینی بێت، خەڵک تیایدا کۆببێتەوە(شێوەی 77).

دەرکەوتنی دیار و ئاشکرای پەرستگە لە کەلتووری (ئەریدۆ)، لە باشووری عێراقدا بوو. لە ئەریدۆ و عوبێد و ئۆرۆک و جەمدەت نەسردا، سۆمەرییەکان پەرستگەیان بونیاد ناوە و پێکهاتەی بیناسازی پەرستگەکان، بە ڕوونی دیارە.

1-**پەرستگەی ئەریدۆ:** لە چینەکانی ژێرەوەی پاشماوەی  شاری (ئەریدۆ)دا، پەرستگەیەک دۆزرایەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (5000 پ.ز)،

ئاگردان


لەم پەرستگەیەدا (( هەندێک توخمی بیناسازی ئاینی بەرچاو دەکەونن کە ماوەی هەزاران ساڵ و تێپەڕینی چەندان شارستانیەت تاکو ئەمڕۆ، ماوەتەوە. لە پەرستگەکەدا بنکەیەکی لاکێشەیی هەیە و لە هەر لایەکی باڵێکی هەیە، وا دەردەخات  کە بۆ دوو ناوچەی جیاواز دابەش کرابێت، هەرچەند بەرەو ناوەوەی پەرستگەکە بڕۆیین، پیرۆزییەکەی زیاتر دەبێت، لە کۆتایی هۆڵی ناوەوەدا، کەوانەیەک لە سەر بنکەیەکی لە خشت درووستکراو، هەیە، کە بریتیە لە پیرۆزترین شوێن یا قودسی ئەقداسی پەرستگەکە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو

دابەشکردنە بۆ سێ بەش، پاشان لە کەنیسەی مەسیحیدا پەیڕەو کراوە، کە پێکهاتووە لە تێپەڕگە، ئینجا ڕێڕەوێکی پان لە ناوەڕاستی کەنیسەکە، پاشانیش هەیکەل، هەروەها هەمان شێواز لە پەرستگەی سولەیمان پەیڕەوکراوە، کە بریتیە لە ڕێڕەو و دەروازەیەک و هەیکەل و قودسی ئەقداس)) (5).


پاشان پەرەسەندنی پەرستگە لە ئەریدۆ، بەرە بەرە شێوەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هات وئالۆزتر بوو، (( لەبەر ئەوەی پەرستگەی خواوەند، وەک سەرەتا تەنیا ژوورێکی سادە نەبوو، بەڵکو بووە پێکهاتەیەکی ئالۆز، لە بەشی ناوەوەی پەرستگەکەدا، سەکۆی قوربانگە و مێزی دیاریەکانی لێبوو، لە تەنیشتەکەیدا ژووری بچووک هەبوون، جگە لەوش چەند دەروازەیەک هەبوون بۆ هاتن و چوونە دەرەوەی باوەڕداران))(6). پاشان پەرستگەکان لە شێوەی تەلاری یادەوەری و بۆنەکان بونیاد نران، کە بە پەیژەی لە گڵ درووستکراو پیایا سەردەکەوتن، پاشانیش (زەکوورە)، واتە پەرستگەی بڵند و پلەدار، سەریهەڵدا، کە لە کەلتووری ئۆرۆکدا، پاشماوەی ماوەتەوە.


زۆرترین پەرستگە  بۆ ئەنکی (مێخواوەندی ئاو) لە ئەریدۆ بونیاد نراوە، چونکە ئەو شارە بنکە و بارەگای پەرستنی ئەوبوو.

**2-پەرستگاکانی عوبێد:** پێشکەوتنی زیاتر لە پەرستگەکانی عوبێد ڕوویدا، پەرستگەی بڵند بونیاد نران و دیوارەکانی بازنەیی بوو، دەکرێ ناوی (پەرستگەی دیوار بازنەیی) لێ بنێین، چونکە جۆرێکی نوێی بونیاد نانی پەرستگەبوو. جگە لەوەی دیوارێکی بازنەیی هەبوو، بڵندیش بوو و بەش و پێکهاتەی ناوەوەی پێشکەوتوو بوو.



**شێوەی (77) تۆلۆسی حەلەفی**





شێوەی (78) پەرستگەی
دیوار هێلکەیی- لە خەفاجە
بۆ خواوەندی مانگ



شێوەی (79) پەیکەرەکانی چاو

**3–پەرستگەکانی ئۆرۆک:** لە ئۆرۆکدا هەنگاوێکی جۆری لە بواری دروستکردی پەرستگەدا، بەدی دەکرێت، هەروەک لە پەرستگەی مێخواوەند (ئینانا)دا، بەر چاودەکەوێت، کە بەر هەیوانەکەی لە شێوەی خاچدایە، ڕەنگە ئەو شێوەیە پەیوەندییەکی نائاگایی دەربخات لە نێوان خاچ کە هێمای بەپیتییە لەگەڵ ئینانا‌ش کە مێخواوەندی بەپیتییە، هەروەها ڕەنگەش بەمەبەست و بە ئاگاداریەوە بوبێت، وەلێ ناتوانین ئەو شتە یەکلابکەینەوە.

هەروەها پەرستگەی (ئانۆ)ش، ئەم دوو پەرستگایە لە شوێنێکی بەرز بونیادنراون و بە سیرامیکی ڕەنگاوڕەنگ، کە لە قوڕی سوورەوەکراو پێکهاتووە، ڕازاندراونەتەوە.

پەرستگەی عەقیر(العقیر)یش، لە پێشەنگی پەرستگە بڵندە (زەکووڕە)کانە، باوەڕ وایە سەردەمی دروستکردنی ئەم پەرستگەیە هاو کاتە لەگەڵ چینی چوارەمی "ئۆرۆک"، ئەو ((پەرستگەیە لەسەر سەکۆیەک کە چوار مەتر بڵندە درووستکراوە، دیواری پەرستگەکە بڵندە و بە وێنەی ڕنگاو ڕەنگ ڕازاوەتەوە، کە بریتین لە چەند مرۆڤێک، کە وەک کاروان یا ڕێبوار بە ڕێگادا دەڕۆن، وەلێ وێنەکە شێوێنراوە، هەروەها وێنەی هەندێک ئاژەڵ لە نێوانیاندا دوو پڵینگ Leopard ، کە چۆکیان داداوە، بەدی دەکرێت، وا پێدەچێ دوو پڵنگەکە پاسەوانی عەڕشی خواوەند بن، ئەوە کۆنترین وێنەی سەر دیوارە، کە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە))(7).

وادیارە کەلتووری ئۆرۆک لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات ورۆژئاوادا، بڵاو ببۆوە. بە دیدی من ئەو پەرستگەیەی لە (گردی قالیچ ئاغا)یە، لە نزیک قەڵای هەولێر، نمایندەی کەلتووری ئۆرۆک دەکات.

**4–پەرستگەکانی جەمدەت نەسر:** لە دوا قۆناغی برۆتۆلتریتدا، دروستکردنی پەرستگە گەشەیکرد و ئەو خشتەی بە (ریمشین Riemhen)ناوبراوە، بەکارهێنانی باو بووە، کە بۆ یەکەم جار ئەو خشتە لە کەلتووری ئۆرۆکدا بەکارهاتووە، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین پەرستگەکانی جەمدەت نەسر دەکەین:

- پەرستگەی دیوار هێلکەیی لە خەفاجە، کە تایبەتە بە خواوەندی مانگ (شێوەی 78).

- پەرستگە بچووکەکەی عەقیر
- پەرستگەی (عەین) لە (تەل بەراک)، لە سەر زێی خابوور، بۆیە بەو ناوە ناونراوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر (هەزاران؟) پەیکەری لە بەرد داتاشراو، لەوێ دۆزرایەوە، کە پەیکەرەکان دوو چاوی زەق و زلیان هەیە، توێژەران بڕوایان وایە، ئەوانە پەیکەری خواوەندی (چاو)–ە، کە دژی حەسوودی و شەڕانگێزییە (شێوەی 79).

- **زەکووڕەی خواوەند (ئانۆ) لە ئۆرۆک.**
- **پەرستگەی سپی.**

ئەو پەرستگایانە بەڵگەن لە سەر فرەخواوەندی و بایەخدان بە شوێنی پەرستنیان، هەروەها بڵاوبوونەوەی باوەڕ و ئایینی سۆمەری و بابلییەکان لە دەرەوەی دۆڵی ڕافیدەین، وەک ئێران و ئەنادۆڵ و سوریا و دورگەی عەرەبی وتەنانەت گەیشتە ناوەراستی ئەوروپا. پێشتر بینیمان کە چۆن هەندێک توخمی شارستانی و ئاینی بڵاوبۆوە بە ئاڕاستەی (( فوراتی سەروو و خابوور، بوونی پەرستگە لە "تەل بەراک" و "جەهار بازار"دا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، هەروەها شوێنەواری جەمدەت نەسر لە "جەریدە" لە دەشتی ئەنتاکیەدا دۆزرایەوە، لە "دۆڵی نیل"یشدا، مۆری لوولەیی سەردەمێکی قۆناغی "نەقادەی دووەم"، دۆزرایەوە، لەو جۆرە مۆرانە بوون کە لە دۆڵی ڕافیدەیندا بەکار هاتووە، هەروەها هەر لە میسر هەندێک گۆڕ هەن، لە شێوەی سەکۆ درووستکراون و شوێنی چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوەی هەیە، نەخش لە سەر دیوارەکانی هەیە، شێوازی بونیادنانەکە، هەمان ئەو شێوازە دیار و تایبەتیەی پەرستگەکانی شارستانیەتی ڕافیدەینە))(8).

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەرستگە و پەیدابوونی خواوەندان و مۆری لوولەیدا، سیستەمێکی نوێی ئایینی بڵاوبۆوە و کایەی ئایین پێی نایە ناو قۆناغێکی تازە و جۆراوجۆر، وەلێ ڕەگی ئایینەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئایینەکانی پێش مێژوو و قۆناغەکانی دوای (کالکولیت و بروتۆلتریت)...ئەو سەردەم ئەو پەنجەرەیە بوو کە مرۆڤ تیایدا سەیری دیمەنەکانی مێژووی دەکرد، ئەو کاتە بوو کە باوەڕ و میتۆلۆژیا و دیینەکان، پێدەگەیین و چەکەرەیان دەکرد.

## 4-ئیسکاتۆلۆژیای کالکۆلیت

لەگەڵ پەرەسەندنی باوەڕی ئایندا، باوەڕی پەیوەست بە مردن پەرەیسەند و وردەکاریەکانی ئەو باوەڕە زیایکرد، ئەگەر لە کەلتووری حەلەفەوە دەستپێبکەین، ئەوا بیناکانی (تۆلۆس)، کە خڕ و بازنەیین و هاوشێوەی گۆڕەکانی (مسینا)ن، کە لە شێوەی شانەی هەنگ لە گڵ دروستکراوە و ژێرخانەکەی بەرد بوو، توێژەران بۆچوونیان وایە، کە بینایەی (مسینی)، بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکار هاتووە، نەک بۆ ناشتنی مردوو.
لە (ئەریدۆ)شدا، گۆڕستانەکە لە دەروەی شارەکە بە خشت درووست کراوبوو، لە کەلتووری (عوبید)دا، لە لادێی (تەپە گەورە)، گۆڕی ئاسایی دۆزرانەوە کە لە دەرەوەی پەرستگایەکە بوون، جەستەی مردوو بە چیچکان لە ناو گۆڕەکاندا دانرابوون، جەستەی منداڵە مردووەکانیش، لەناو گۆزەی گەورە دادەنران....ئەو گۆڕی مردووان کە لە ئەریدۆ دۆزرانەوە، پێداویستی خواردن و خواردنەوەی تیادابوو، ئەمەش باوەڕ بە بەردەوامی ژیان لە دوای مردن، دەردەخات.
سەبارەت بە باوەڕەکانی مردن، بە دیدی من بیرۆکەی نەمری و جاویدانی، تەنیا تایبەت بووە بە خواوەندان، مرۆڤەکان دەبی بمردن، لەو سەردەمدا پەیدابوو، ئەو باوەڕە بە ڕوونی

لە ڕافیدەیندا دەرکەوتووە، هۆکاری ئەو بیرۆکە و بۆچوونە، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی لافاو و کارەساتە سروشتیەکان، کە ڕوودەدەن و ژیانی مرۆڤەکان دەگۆڕن و تێکدەدەن، کەچی لە دۆڵی نیلدا، باوەڕبوون بە نەمری و نەمری مرۆڤ وەک خواوەند، باو بوو و لە برەودابوو. بەم جۆرە دوو باوەڕی ئیسکاتۆلۆژی پێچەوانەی یەک، یەکێکیان لە ڕافیدەین، باوەڕی بە مردنی مرۆڤ و نەمری خواوەندان هەبوو، دووەمیان هی میسریەکان، کە باوەڕیان بە نەمری مرۆڤ و خواوەندان هەبوو. ئەو دوو باوەڕو کاریگەری گەورەی لە سەر هزری ئاینی دانیشتوانی ڕافیدەین و میسریەکاندا لە چاخە مێژوویەکاندا هەبووە.
هەر ئەو بابەتە وای لە عێراقیە کۆنەکان کرد بایەخێکی زۆر بە گۆڕ و پەرستگاکان بدەن، هەروەها ئەوە ڕێگر نەبوو لە دەرکەوتنی سرووتی پێش مردن، لە ((گۆڕستانێکی تایبەت بە چەند بەشێکی جەستەی مردوو، دۆزرایەوە، کە هی شارستانیەتی عوبێدی باکوور بووە، هەروەها دیاردەی سووتاندنی مردوو و دانانی خۆڵەمێشەکەی لە ناو دەفرێکدا، هەبووە لەو شارستانیەدا، ئەوە جگە لە زۆری گۆڕی منداڵان لە پەرستگەکاندا، کە ئەوە دیاردەی پێشکەشکردنی منداڵان وەک قوربانی، بۆ نزیکبوونەوە لە خودا دەسەلمێنێ))(9).
لە میسردا، لە کەلتووری جەرزی"الجرزیە"دا، ئاراستەی ڕووی مردوو لە کاتی ناشتنیدا، گۆڕانکاری بەسەردا هات و ڕوویان لە خۆرهەڵات کرد، ئەوە هۆکارێک بوو بۆ پەیدابوونی خۆرپەرستی، کە دیاردە و نیشانەکانی لە شاری "ئاون"ی مەملەکەتی سەروودا، بەدەردەکەوێت، دواتر ئەو شارە بووە شاری خواوەندی خۆر (راع). لە کەلتووری یەکەمی نەقادەدا، دیاردەی نەبوونی ئێسکبەند و تەواوی جەستەی مرۆڤ لە ناو گۆڕدا، بەڵکو تەنیا چەند بەشێکی جەستەی مردوو، دیدێک هەیە دەڵێ، بەشێکی جەستەی مردووان بە مەبەستی تەبەڕووک، خوراوە. وەلێ لە کەلتووری "بیبلۆس"دا، مردوویان لە ناو گۆزەی گەورەی گڵیندا ناشتووە. هەروەها لە کەلتووری بیبلوس تێبینی دەکرێت مردووەکان لە حاویەی گەورەدا نێژراوەن. لە ناوچەی "تەلیلات"ی غسولی ئوردن، گۆڕی بە کۆمەڵ(نزیکەی 300 گۆڕ) دۆزراوەتەوە، گۆڕەکان لە ناوچەیەکی بەردیین و لە ناو ئەشکەوتەکاندا هەڵکەندراون. لە

ڕوانگەی توێژەراندا، سەری مردوو لە جەستەی جیادەکرایەوە، ئینجا جەستەی مردووانیان دەسووتاند و تەنیا سەری مردووەکەیان دەناشت.

## 5-باوەڕ و سرووت و میتۆلۆژیای کاکۆلیت

**خواوەندان: لە سروشتەوە بۆ سەروی سروشت (لە فیزیکەوە بۆ میتافیزیک)**

بەرجەستەبوونی خواوەندان لە چاخی نیولیتدا، بریتی بووە لە پرۆسەی چوونە ناو باوەشی سروشت و لاساییکردنەوە و تەبابوون و گونجان بووە لەگەڵ پێکهاتەکانی، وەلێ لە چاخی کەلکولیتدا، ئەو پرۆسەیە پەرەسەندنێکی تازە و جۆری بە خۆوە بینی، ئەو تێکەڵاوی و ئاوێزانبوونەی لەگەڵ سروشتدا، درزی تێکەوت و لێکجیابوونەوە دەستیپێکرد، ڕەنگە یەکەمین دیاردەی ئەو لێکجیابوونەوەش بریتی بێت لە سەرهەڵدانی هێمای خواوەندان لە کەلتووری سامەڕا.

لە سەرەتادا (پیرۆز) وا دەردەکەوێت، کە ئاوێتەی پێکهاتەکانی سروشت بووە و کاتێک مێخواوەندی دایک بە کۆتەڵی قوڕین وگڵینە و قوڕی سوورکراوە و بەرد، نمایندە دەکرا، ئینجا ئەو کۆتەڵە ڕۆحی گڵ و شێوە و ناڕێک و هیۆل(مادەی یەکەم)ی گڵی تیادابوو، ئەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە بوو بۆ ئەوەی، کە (پیرۆز)، لە باوەشی یا منداڵدانی سروشتدا دەرچووە یا هێزێکە لە وزە و هێزی سروشت پێکهاتووە.

ڕەنگە مەیل و ئارەزووی داماڵینی خواوەندی باوک لە خەسڵەتی سروشتی، کاریگەری گەورەی هەبوو بێت لە جیاکردنەوە لە نێوان (پیرۆز) و(سروشت)دا.

دەرکەوتن و شێوەی پەرستگە لە "ئەریدۆ"دا، وا دێتە پێش چاو، کە بۆ مەبەستی کۆبونەوەی پەرستن بووە، وەک دیارە لە ئامانجی حەرەم و شوێنی نوێژ و مەقام لە کەلتووری باکوردا،

بەڵکو بە ڕوونی دەلالەت لە جێگەی خواوەند دەکات. بڕوامان وایە دانانی شوێنی چەق و دیاریکراو بۆ خواوەند لە سەر زەوی، یەکەم پرۆسەی جیابوونەوەی بوو لە سروشت.
دوای هەڵوەشاندنەوە و کەوتنی کەلتوری عوبێد، ژمارەی خواوەندان زیادی کرد و فرەیی و تایبەتمەندی هاتە گۆڕێ. لەگەڵ ئەو هەنگاوەشدا، پەیوەندیان لەگەڵ سروشت پچڕا و پەیوەندیەکی تازەیان لەگەڵ سروشتدا، دانا یا داڕشت. خواوەند بووە (هێزێک کە لە سەرەوە دەژی)، لەوێوە ئەو هێزە رەوتی سروشت و توخمەکانی کۆنترۆڵ دەکرد و دەیجولاند...کەچی پێشتر خواوەند تێکەڵ و یەکگرتوو بوو لەگەڵ سروشتدا و بەوەوە لکێنرابوو، ئەو کاتەی کە بەپیتی خەسڵەتێک بوو لە خەسڵەتەکانی سروشت، بەمجۆرە خواوەندان دوورکەوتنەوە...پەیکەرەکانیش شێوەیەکی جیاواز بوون لە وێناندنی خواوەند، هەروەها پەرستگە شوێنێک بوو بۆ حەسانەوەی خواوەندە باڵا و دوورەکە، لە سەر زەوی، واتە پەرستگە ماڵی خواوەندە، نەک ماڵی خواپەرست و  زێوان(کاهین)-ە کانیش، خزمەتکاری ماڵی خودان، ئەگەرچی خواوەند نابینن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە فرمانەکانی ئەو بۆ خەڵک بگوازنەوە و داوا لە خەڵک بکەن سرووت بۆ خواوەندان ئەنجام بدەن، هەروەها بایەخ بە پەیکەر و پێویستیەکانی خواوەند بدەن!!
لەگەڵ کۆتایهاتنی شارستانیەتی (عوبید)دا، شێوازە کۆنەکانی ئاینیش کۆتایی هات و لەگەڵ هاتنی سۆمەرییەکان (کە دوای عوبێدییەکان پەیدابوون)، کە ئەوانە داهێنەری شارستانیەتی (ئۆرۆک)ن، تێگەیشتنێکی تازە لە بارەی ئایین و خواوەندان و پەرستگە، هاتەکایەوە. لەبەر ئەوەی ئایین بریتیە لە پەیوەندی مرۆڤ بە خواوەندەوە....واتە تەنیا سرووتێک نییە، واتە ئایین باوەڕە و خواوەندیش، هێزێکی سەربەخۆ یە لە سروشت، وەلێ زاڵە بە سەر سروشتدا...لە سەرەوە سروشت بەڕێوە دەبات، ڕووداو چیرۆک و پاڵەوانیەتی و پەرجوو لە بارەی خواوەندانەوە هەیە و لە قاڵبی ئەفسانەدا داڕێژراون، پەرستگەش جێگەی خواوەندە لە سەر زەوی، واتە ماڵی خواوەندە نەک ماڵی مرۆڤەکان.

له کەلتووری (ئۆرۆک)دا، بینای پەرستگەکان لە شێوەی زەکوورە دروستکران، کە پەرستگەیەکی پەیژەدارە و لە سێ چین پێکهاتووە، واتە پەیژەیەک چینەکان پێکەوە دەبەستێتەوە تاکو دەگاتە سەرەوەی چینەکان، کە پەرستگەیەکی بچووک لەوێیە و بریتیە لە بەردێکی لاکێشەیی، لەگەڵ چەند ژوورێکی لاوەکی.

شوێنەوارناسان رای جیاوازیان هەیە لە بارەی بڵندی و پەیژەکانی زەکوورە، ڕای باو ئەوەیە، کە دەڵێ ئەو جۆرە پەرستگەیە لە بنچینەدا بۆ خواوەند(ئانۆ) خواوەندی ئاسمان دروستکراوە، لەبەر ئەوەی دەبوایە ماڵی خواوەند زۆر بڵنتر بوایە لە ئاست رووی زەویدا بۆ ئەوەی ئەو خواوەندە ئاسمانیە شایەنی پەرستن بێت، واتە دەبوایە پەرستگە (ماڵ)-ەکە، لە خواوەند نزیک بوایە.

پێشتر خواوەند یا پیرۆز، هێزێک بوو لە دیاردە و توخمەکانی سروشت، وەک، ئاگر، ئاژەڵ، مێینە، هەوا و ئاو، بەڵام بە جیابوونەوەی لە دیاردەکانی سروشت، بوو بە گەوهەرێکی باڵا، بژاردەکراو و پاککرایەوە لە لایەنی مادی، هەنگاوی نا بەرەو ئایدیالیەت، ئەو هەنگاوە پێویست بوو لە پێناو هێنانەدی تێگەیشتنێکی تازە بۆ تەواوی ئایین.

## لە سێیینە خودایی بۆ فرە خودایی

پەیدابوونی چەند سێیینەیەک، فرە خواوەندی (Polythcsim) لێکەوتەوە، ڕەنگە دەرکەوتنی سێیینەکان لە سەرەتادا، نارێک بوبێت و بە گوێرەی پێویست نەبوبێت، وەلێ پێمان وایە، یەکتاپەرستی کۆنەکەی مێینە، ئەرک و ئامانجە دیینیەکەی کۆتایی پێهات و شێوازێک بوو ساز و گونجاو نەبوو لەگەڵ پەرەسەندنە ڕوحیەکەی مرۆڤ، بۆیە دەبوایە یەکەم خواوەندی دوانە (Dithesim)، بێتە کایەوە کە لە نێر و مێ پێکهاتووە، ئینجا سێیینە (دایک و باوک و کوڕ)، واتە سێیینەی بۆتە (اقنوم=Tritheim)، کە ئەوە بە شێوەیەکی ڕوون ڕەنگدانەوەی

پەیدابوونی خێزان بوو، پاشان فرە خودایی سەریهەڵدا، کە ئەوەیان ڕەنگدانەوەی پەیدابوونی کۆمەڵگەی شار بوو، چونکە شار فرە ڕێباز و ئارەزوو وفرە چین و توێژە.
یەکتاپەرستی کۆنەکەی مێینە (Monotheism)، لە سەرەتادا شۆڕشێکی ڕۆحی بوو بەرامبەر بە باوەڕ و ئایینەکانی پالیۆلیت و میزۆلیت، هەروەها دووانەی مێینە و نێرینەش، شۆڕشێک بوو دژی یەکتاییە سادە و بەراییەکە، لەلایەن خۆیەوە، سێیینەش شۆڕشێکی دیکە بوو، چونکە ڕوانین ڕۆحی فراوانتر کرد، هەرچی فرەخوداییە، ئەوا من بە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی ئایینی دادەنێم لەو کاتەدا، لەبەرئەوەی فرەیی لە پێش هەموو شتێک هۆکار و ڕێخۆشکەر بوو بۆ گۆڕین و بەرزکردنەوەی بیرۆکەی خواوەند بەرەو میتافیزیک، ئینجا هەر لە ڕێگەی فرە خواوەندی، پەرستن و ئایینەکە دەوڵەمەند بوو، کە هەر خواوەندێک خاوەندی نەریت و باوەڕ و سرووت و میتۆلۆژیای تایبەت بە خۆی بوو، نەریت و کەلەپووری هەموو خواوەندەکان لە بۆتەیەکدا ئاوێتەی یەکتر بوون، کە دواتر گشت کەلەپووری تواندەوە و گۆڕی بۆ بیرۆکەی خواوەندی تاک و تەنیا (یەکتایی=یەکتاپەرستی)، دەبێ ئەوە لە بیرنەکەین، ئەو بیرۆکەیە بە هۆی ئەو کەلەپوور و سەرچاوانە سیخناخ و دەوڵەمەند بوو.
دیارە هیچ گومانێکی تێدا نییە، کە یەکەمین خواوەندی نێر لە باشووری عێراقدا، خواوەندی ئاو یا ئاسمان بێت، چونکە توخمەکانی ئاو و هەوا و ئاسمان پێگەیشتبوون و بە خواوەندی نێر گوزارشتیان لێدەکرا، بەرامبەر بە مێخواوەندێکی خامۆش، کە نمایندەی زەوی دەکرد.
بڕوام وایە خواوەندی هەوا یەکەم جار لە نیولیتی باکووری پەیدابووە، خواوەندی ئاویش لە کەلتووری (ئەریدۆ و عوبێد)پەیدابووە، ئینجا خواوەندی ئاسمان لە ئۆرۆک سەریهەڵدا و هاتەکایەوە، بەم جۆرە سێیینەی کۆن (دایک و باوک و کوڕ)، ڕووخا و سێیینەی نێر جێگەی گرتەوە، کە ئاسۆی والاکرد بە ڕووی فرەییدا، دوای ئەو زۆری نەخایاند سێیینەیەکی دیکە هاتە کایەوە، کە پێکهاتبوو لە خواوەندی مانگ(نانا) و خواوەندی خۆر (ئۆتۆ)، خواوەند زەهرە (ئینانا)، ئەو سێیینە هەسارەییە، کاریگەری هەبوو لە سەر دانانی بناغەی بیرۆکەی جیابوونەوە و گۆڕینی خواوەند بەرەو میتافیزیک.

ئەگەر سروشت، سەرچاوە و دایەنی یەکەمی خواوەندان بێت، ئەوا جیابوونەوەی خواوەندان لە سروشتەوە، ڕێخۆشکەربوو بۆ پەیدابوونی خواوەندێک کە هیچ پەیوەندی بە سروشتەوە نەبێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هزر و پێویستییە نوێیەکانی مرۆڤ بوون، وەک خواوەندی نووسین، خواوەندی نەخۆشی، خواوەندی پزیشکی... ڕەوتی عەقڵ و ئەندێشەی مرۆیی تەنیا بەرەو یەک ئاراستە گوزەرناکات، بەڵکو ڕێگا و ئاراستەیەکە دووبارەیی و هاوتایی و چوونەیەکی تیادا بەدی دەکرێت، لە میانیدا هزری کۆن و نوێ بە ڕێگەی جیاجیا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر بوون، بەڵام باوەڕ و هزرە نوێیەکە بە تەواوی هزرە کۆنەکان لانابات یا ڕەشیناکاتەوە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا دەیهێڵێتەوە، واتە باوەڕ و هزرە کۆن و تازەکە پێکەوە بە شێوەیەکی دیکە دەردەکەون.

بەڵگەی ئێمە سەبارەت ئەوەی، سێیینە قۆناغێکە پێش فرە خودایی بووە، ئەوەیە کە سیستەمی خواوەندی سۆمەری و دواتر بابلی، چەندان سێیینەیان هەبووە، لە ناو یەک کۆمەڵگەدا.

هەندێک بیرمەند ئاماژەیان بە یەکتایی کۆن کردووە، لەوانە "شمیدت"، کە پێیوایە (( لە کۆمەڵگەی مرۆییدا، قۆناغی ئاینی پێش قۆناغی سیحری دەکەوێت، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی پشت بە توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەبەستێت، ئەو باوەڕی وایە لە کۆمەڵگەی بەرایی مرۆڤایەتیدا، ئایینی یەکتایی بەرایی و خواوەندی باڵا باو بووە، وەلێ سرووتە سیحرییەکان پەیدابوو، ئەو ئایینە خۆڕسکەی کە لەلای کورتە باڵاکانی ناوەڕاستی ئەفریقیا و فیجییەکان و خێڵەکانی ئەندمانیزی باشوری ئاسادا، باو بوو، شێواند و گۆڕانی بەسەردا هێنا))(10).

ڕەنگە "شمیدت"، هەرگیز مەبەستی یەکتایی نیۆلیتی مێینە نەبێت، بەڵکو مەبەستی یەکتایی هاوچاخ بێت. دەکرێ ئێمە گریمانە و بۆچوونەکەی "شمیدت" بگۆڕین و بڵێین، ئەو یەکتاییەی

ئەو باسی دەکات، مەبەستی پەرستنی مێخواوەند دایکە گەورەیە، بەم جۆرە گریمانەکە پەسەند دەکەین.
سەبارەت بە فرە خوداییش، ئێمە هەرگیز گومانمان لەوە نییە، کە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتی و ژیانی سیاسی لە باشووری ڕافیدەین، کاریگەری دیار و گەورەی هەبووە لە سەر فرەخودایی، هەروەها ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئەرک و کار و تایبەتمەندیەوە، ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر ئەنجوومەنی خواوەندان، ئەگەرچی مرۆڤی ڕافیدەین، ئاسمانی بە جێگەی هەمیشەیی و زەوی(پەرستگە)ی بە شوێنی کاتی خواوەندان داناوە، وەلێ لە ڕوانگەی ئەواندا، ژیانی خواوەندان زۆر جیاواز نییە لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان، تەنیا لە یەک خاڵدا نەبێ، کە بریتیە لە قودسیەت و نەمری خواوەندان، وەک دیارە خواوەندان لە چاخی نیولیت و کالکولیتدا شێوەی مرۆییان هەبووە، ئینجا دوای کودەتای نێرینە و دواتر کودەتای بۆتە(ئەقنوم)ی سێیینە پاشانیش کودەتای فرەخودایی، کە ئەوانە کودەتای خێرا بوون، شێوەی خواوەندان لە وێنە و پەیکەرەکاندا، لە شێوەی نیمچە مرۆیی کە هەندێک زێدەڕۆیی لە چەند ئەندامێکی وەک چاو و گوێ دا کرابوو.
لە دیدی ئەو سەردەم خواوەندان هاوسەرگیری دەکەن و وچە دەنێنەوە و زاوزێ دەکەن و هەستی ئەویندارى و رق و کینەیان هەیە و دەخۆن و دەخۆنەوە شەڕ دەکەن، بۆیە بنەمای لە مرۆڤ چوو (Anthropomorphism)، لە ئایینەکاندا هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا خواوەندان هەندێک تایبەتمەندیان هەبووە.
دەوڵەت یا شاری گەردوونی بەشێک لە توخم و پێکهاتەی خواوەندانی تیادایە، شوێنەوار ناس "جاکوپسن"، بڕوای وایە، ئەو هۆکارانەی وای لە دانیشتوانی ڕافیدەین کرد، پێیانوابێت دەوڵەت وەک گەردوونە، لە ڕوانگەی ئەودا گەردوون بەتاڵ و چۆل و بێگیان نییە، بەڵکو بە هۆی بوونی خواوەندان لە هەموو بەشەکانی گەردووندا و بەڕێوەبردنی، وا دەکات گەردوون بارگاوی بێت بە ژیان و کاتێک ڕوو بە ڕووی دیاردەیەک لە دیاردەکانی سروشت دەبیەوە، وەک کەس بەرامبەر کەسێکی دیکە (مرۆڤ بەرامبەر خودا)، واتە دیاردە سروشتیەکان وەک

دیاردەی کۆمەڵایەتین، سیستەمێکی دیاریکراو بەڕێوەی دەبات، بۆیە گەردوون وەک دەوڵەت وایە(11).

## خۆرپەرستی

ئایینی نیولیتیمان بە ئایینی مانگ(مێینە)ناوبرد و دەکرێ ئایینی کالکولیت بە ئایینی خۆرپەرستی ناو ببەین، خۆر هاوتای نێرە، لەبەر ئەوەی چەندان خەسڵەتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەک: کار و هێز وزە و جێگیری و ڕووناکی، پێشتر مێخواوەندی دایک لە مەیدان بوو و هێزی سەرەکی بوو، خواوەندی نێر لاوەکی بوو، دایک بە مرۆڤ و گەردوونەوە پەیوەست بوو، وەلێ دوای کودەتای نێرینە و پەیڕەوکردنی خۆرپەرستی(ئایینی خۆری)، هێماکانی نێرایەتی، پەرستنی دایکە گەورە، وەک سەردەمی پێشوو نەمایەوە، بووە پەرستنێکی نهێنی، وێنە و هێماکانی دایکە گەورە تێکدران و لەناوبران و خۆرپەرستی بونیادی خۆی لەسەر پاشماوەی مانگ پەرستی دامەزراند و خواوەندانی خۆر پێگە و خەسڵەتەکانی مانگیان بۆ خۆیان برد.

مێخواوەندی دایکی سۆمەری (نەمۆ) و بابلی (تیامەت)، فەرامۆش کران، مێخواوەند تیامەت لە ئەفسانەی بابلیدا لەلایەن خواوەندی خۆر (مەردۆخ)، زۆر بە دڕندەیی دەکوژرێ و جەستەکەی دەشێوێندرێ و گشت شەڕانگێزی و کردەوەی ئەهریمەنی و خراپی درایە پاڵ تیامەت....و لە خوێنی لایەنگر و سەرکردەیەکی تیامەت، مرۆڤی خزمەتکار و بەندەی بەدخواز ئەفریدە کرا.

ئێمە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلیدا، دەرک بەوە دەکەین کە میتۆدی پاکتاوکردن و تێکەڵکردن هێماکانی هەردوو مانگ و پەرستی و خۆرپەرستی پەیڕەوکراوە، جا کە بەدواداچوون بۆ پرۆسەی لەناوبردن و پاکتاوکردنی دایکە گەورەی پێش مێژوو بکەین، دەبینین دایکە گەورە لە یەکێک لە نمایندە و وێنەکانیدا، کە وێنەی (ئینانا)ی داوێن

پیس و فێڵبازە، بە کارایی مایەوە و هەسارەی زوهرە نمایندەی ئەم مێخواوەندە دەکات، تەنانەت بووە بەشێک لە سێیینەی خۆری (خۆر، مانگ، زوهرە)، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەفسانەی دابەزینی ئینانا بۆ جیهانی ژێرەوە، دەرک بە ئامادەگی خەسڵەتەکانی مانگ پەرستی و خۆرپەرستی دەکەین پێکەوە، واتە گیانی مێینەی مانگ هێشتا ئامادەیە بۆ رووبەڕوبونەوەی جیهانی ژێرەوە و زیندووکردنەوەی مردوان، کەچی هێزی خۆر پەرستی، لەویش کار دەکات بۆ بەند کردن و لەناوبردنی ئینانا.

داستانی گلگامش، ئەو پێکدادانەی نێوان هەر دوو بنەماو باوەڕدا، دەشارێتەوە و ئاماژەی پێناکات، هەروەها ئەفسانەکانی تۆفان و یاساکان و ئەو ئەفسانانەی ڕەگیان دەگەڕێتەوە بۆ کالکولیتی باشوور، ئاماژەی پێ ناکەن. لە ئەفسانەی عیبریدا سەبارەت بە ئادەم و حەوا، کودەتای خۆر(نێرینە)، دەگاتە ترۆپک، ئەویش کاتێک حەوا بچووک دەکرێتەوە و دەبێتە پەراسوویەک لە جەستەی ئادەم.

لە ڕوانگەی ئێمەوە سرووتە نهێنی و ئاینە نهێنیەکان، لەگەڵ کودەتای خۆرپەرستی لەسەر باوەڕی باودا، دەستیپێکرد، هەروەها  بە هۆی ئەو هێز و گوڕە بەتینەی خۆرپەرستیدا، مانگ پەرستی کەنارگیرکرا و کاریگەریەکەی کەمکرایەوە و بە نهێنی پەیڕەو دەکرا، ئینجا تاریکی بووە هاوتای مانگ پەرستی، کە ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ گۆشەگیرکردنی ئەو ئایین و پەرستنە.

ئەو باوەڕ و تێگەیشتنە نوێیە لەگەڵ سەردەمی کانزادا ساز و گونجاو بوو، ئەوە بوو مرۆڤ ناخی زەوی کەشفکرد و زەویش کانەکانی خۆی بۆ مرۆڤ کردەوە، ئەوە شتێکی نوێ بوو مرۆڤ لە ژێر زەویشدا ئەشکەوتی بینی، کە پێشتر تەنیا لە چیایەکاندا ئەشکەوتی بینی بوو، کانەکانی زەوی پڕ بوون لەو کانزایانەی لە بەر تیشکی خۆردا دەدرەوشانەوە، ئەو دەسکەوتە نوێیە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پەیدابوونی باوەڕی نهێنی و شاراوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی مرۆڤ دوور لە فشار و چاودێری خۆر پەرستان، مەست و سەرگەرمی ناخی خۆی و سۆزە دەروونیەکان بوو، واتە پرۆسەی بەکارهێنان و گونجاندنی

کانزا، ئاکامێکی ئایینی گرنگی هەبوو، هەروەک شارەزای بواری ئایینەکان "میرسیا ئەلیاد"، دەڵێ(( لە تەک قەداسەتی ئاسماندا کە لە کلکدارەکانەوە دەردەپەڕێت، ئێستە ئێمە لە حزوری پیرۆزی زەویداین، کە لە کانەکاندا کانزا لە ناو زەویدا دەردەهێنرێت، ئەشکەوت و کانەکان، ومنداڵدانی دایکە زەوین، بۆیە ئەو کانزایەی لە ناخی زەویدا دەردەهێنرێت، جۆرێکە لە پز(کۆرپەلە)، کانزاکە بە هێواشی گەشەدەکات وەک ئەوەی لە ژێر کاریگەری ڕیتمی زەمەنێکی دیکەدا بێت و گەشەبکات، جیاواز لە ڕیتم و ڕەوتی ژیانی رووەک و ئاژەڵ. ئەو لە تاریکستانی زەویدا پێدەگات، دەرهێنانی لە ناخی زەوی دایکدا، بریتیە لە پرۆسەیەکی پێش وەختە، ئەگەر کات بۆ کانزاکە برەخسابایە بۆ گەشەکردن(بە گوێرەی ڕیتمی جیولۆجی زەمەن)، ئەوا بە تەواوی پێدەگەیشت. کرێکارانی بواری کانزا یا کانزاسازان، لە هەر شوێنێکی دونیادا بن سرووتیان داهێناوە، سەبارەت بە دۆخی پاکژی: بە ڕۆژوبوون، ڕامان، نزا، سرووت))(12).

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەی ئاسن، لە زمانی سۆمەریدا، دەبینین لە یەکگرتنی هەردوو توخمی ئاگر و ئاسمان(خۆر و ئاسمان) پێکهاتووە، وشەکە لە زمانی سۆمەریدا بریتیە لە ئان بار (An-Bar)، ئان واتە ئاسمان، بار واتە ئاگر، هەروەها وشەی ببار واتە خۆر، ئەگەر بایەخی ئاسمان لە ئاینی کالکولیتیدا دەرکەوتبێت، ئەوا ئاگر کە بە خۆر پەیوەستە، گوزارشتی لە پێکهاتەی وشەی ئاسن کردووە.

ئەگەر لە چاخەکانی پێشتر بڕوانین، دەبینین کە خاچی چەماوە (سواستیکا)، گوزارشت لە مێخواوەندی مێینە دەکات، بەڵام سواستیکا لە کەلتووری کالکولیتی باشووری عێراقدا ون بوو، لە شوێنی ئەودا، خاچ بە هەموو شێوەکانیەوە کە ئەو جارەیان گوزارشتی لە خواوەندی نێر کرد، نەک مێخواوەندی مێینە. چەندی لە دۆزینەوەی هێماکانی نووسین نزیکبینەوە، هێماکان زیاتر دەردەکەون، بۆ نووسینی ناوی خۆر، هێمای بزماری بار(Bar)ی بەکارهێنراوە، کە هێمایەکە لە خاچ دەچێت، ئەو هێمایە لەسەر تابلۆیەکی چینی چوارەم(P)ی

پاشماوەی (ئۆرۆک)دا، هەبووە، دواتر ئەو هێمایە لە سەردەمی (جەمدەت نەسر)دا، کاتێک خۆرپەرستی جێگیر و بەهێزبوو، قودسیەتێکی تایبەتی پێدرا.
لە ئەنجامی کودەتای خۆرپەرستیدا، لە درامای بە پیتی و ڕێورەسمە سرووتیەکاندا، خواوەندی خۆر شوێنی مێخواوەندی گرتەوە و لە میانی سرووتەکاندا، مێخواوەند یا خواوەند کرایە قوربانی لە پێناو بەردەوامبوونی وەرزەکانی بە پیتی، کەچی لە مانگ پەرستیدا، خواوەند دەکرایە قوربانی، ئاینی مەسیحی باشترین نموونەیە، بۆ ئەو جۆرە قوربانیدانە، کە یەسوع خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو ڕزگاربوون (کە ئەوە جێگرەوەیەکی ڕەمزییە بۆ بە پیتی).
توێژینەوە لە بارەی ململانێی نێوان توخمەکانی مانگ پەرستی و خۆرپەرستیدا، لە باوەڕ و ئایینەکاندا، زۆر گرنگە لەبەرئەوەی لە میانی توێژینەوەکەدا هەندێک ڕاستی نادیار و شاراوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

## میتۆلۆژیا و هێماکانی کالکولیت

لە کالکولیتدا کودەتا و وەچەرخانێکی گرنگ لە میتۆلۆژیای نیولیتدا، کە مێخواوەندی دایک و بە پیتی چەق و ناوەندی میتۆلۆژیایەکە بوو، ڕوویدا، هەموو تەرز و شێوەکانی مێخواوەندی دایک تێکدرا و پەراوێزخرا و ڕۆلێکی لاوەکی پێدرا، بە بەراورد بە خواوەندی نێر، بڕوام وایە گشت ئەفسانە سۆمەری و بابلی و کەنعانی و میسرییەکان، دوو چینیان هەیە: یەکەم چینی کالکولیتیە کە پاڵەوانەکانی لە ڕەگەزی نێرە، دووەم چینی نیولیتیە، کە شاراوەیە و لە میانی شوێنەوار و پاشماوەکانیدا، لایەنی ڕاستەقینەی ئەفسانەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە و دەرکی پێدەکەین. دەکرێ بڵێین، میتۆلۆژیای نیولیتی مانگ پەرستی مێینە بووە، لە کالکۆلیتیدا گۆڕا بووە خۆرپەرستی(نێر)، دواتریش  گۆڕا بۆ سیستەمێکی ئەفسانەیی، کە سەرەتا بە زمانی سۆمەری نووسرا.

هەروەها بینیمان، کە هێماکانیش خەسڵەتی نێریان پێدرا، وەک خۆر و هەسارەکان و هێمای سواستیکای مێینە پاشەکشەی کرد و هێمای خاچی خۆرپەرستی هاتە پێشەوە و دەستپێکرد، لەگەڵ پەیدابوونی سۆمەرییەکان لە ئۆرۆک و جەمدەت نەسردا، قۆناغێکی نوێی هێماکان دەستپێکرد و هاتەکایەوە، کە گوزارشتیان لە خواوەند دەکرد (ئەوانە وێنەی خواوەندان نەبوون، بەڵکو هێمای ئەوان بوون)، ئینجا هەر ئاژەڵێک بووە هێمای خواوەندێک و گوزارشتی لەو دەکرد، ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر شێوازی هێماکاندا هات، گۆڕانێکی بنەڕەتی و گەورە بوو کە لە گەڵیدا ئەفسانەکان بۆ ئاستێکی جیاواز و تازە و پێشکەوتوو گوازرانەوە.

## سرووت و جەژنە ئاینییەکانی شار

ناتوانین کات و زەمەنی سەرهەڵدانی سرووتەکان دیار بکەین، کە مرۆڤەکان بۆ یەکەم جار لە پالیۆلیتدا ئەنجامیان داوە، وەلێ دەتوانین ئاماژە بە هەندێک سرووتی نوێی ئاینی بکەین، کە لە نیولیتدا پەیدابوون، کە بریتین لە (سرووتی پەرستنی خواوەندی دایک، سرووتی زۆرانبازی ئاینی، سرووتی هاوسەرگیری پیرۆز، سرووتی باران باراندن)، ناوەڕۆکی ئەو سرووتانە پەیوەستن بە ڕابوون و باڵادەستی مێخواوەندی دایک، لە میانی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی سرووتی ئایینی بۆ زۆرانبازی، ئەویش بە هەڵبژاردنی هاوسەر یا هاوڕێیەک، بۆ ئەوەی سرووتی هاوسەرگیری پیرۆزی لەگەڵدا بکات، سرووتی باران باراندنیش، لەو شوێنانە ئەنجامدەدرا، کە بارانی کەم لێ دەباری، بۆ نموونە سامەڕا.

لەگەڵ هاتنی چاخی کالکوایتدا، ئەرکە سەرەکیەکانی ئەو سرووت و مێخواوەندی دایک، گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە بوو خواوەندی نێر تیایدا بەشدار بوو، تەنانەت بووە سێنتەری پەرستن و سرووتەکە ئینجا سرووتی زۆرانبازی لە سرووتێکی ئاینیەوە گۆڕا بۆ وەرزشێکی ئاسایی، والێهات کە پیاو /زێوان/ مەلیک، ئافرەتێکی لە چینی ژنە زێوانە مەزنەکان

دیاریدەکرد، بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و ئاهەنگی پیرۆز ئەنجامدەدرا و ساڵانە ئەو سرووتە، لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا ئەنجامدەدرا، تیایدا ئافرەت چەق بووە و پیاوەکان دەگۆڕان، هەرچی سرووتی باران باراندنە، پەرش و بڵاوبوو و بووە چەند سەمایەکی لادێیی و دنیایی، کە تاکو ئێستا جووڵەی سرووتەکان وەک خۆی ماوەتەوە، لە سەمای قەرەج و بەدەوی (دەوارنشینەکان)دا، بەدی دەکرێت، لە ڕابردوودا سەمایەکان لە سەر دەفر و سیرامیک نەخش دەکران، کە ئەوە بەڵگەن لە سەر بوونی ئەو سەمایانە.

ئامادەگیە دیار و کاریگەرەکەی خواوەندی نێر(زێوان= مەلیک)، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی دەرکەوتنی پیاوی کانزاساز لە کالکۆلیتدا ((کانزاساز، وەک ئاسنگەر، گۆزەگەر، بوونە سەروەری ئاگر، ئەو بەهۆی بەکارهێنانی ئاگرەوە، مادەیەک دەگۆڕێت بۆ مادەیەکی دیکە و پوختە و ئامادەی دەکات....بۆیە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، داڕێژەر و ئاسنگەرەکان بەوە ناسرابوون کە ئەوان مامۆستای ئاگر(Lesmaitres De Fier)ن، ئەوان لە تەک شاماندا پزیشک و سیحربازی کۆمەڵگە بوون، وەلێ دەبێ تێبینی ئەوە بکەین، کە کانزا هێز و خەسڵەتێکی دوو لایەنەی هەیە، ئەو لە یەک کاتدا پیرۆز و ئەهریمەنییە، ئەو دوو هێزە دراوەتە پاڵ کانزاساز و ئاسنگەرانیش: بۆیە ئەوانە بەهاو ڕێزێکی تایبەتیان هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا جێگەی ترسیش بوون، مایەی خۆ لێدوورخستنەوە یا رق بوون)) (14).

جەژنی شارەکان جیاواز بوو لەگەڵ جەژنی گوندەکان، لە ڕووی پێکهاتەکەی و تەرخانکردنی بۆ خواوەند و میری شارەکە. ئاهەنگ و چەژنی شارەکان زیاتر لە ڕۆژێکی دەخایاند، ژمارەی بەشداربووان لە جەژنەکانی لادێیەکاندا کەم بوو، وەلێ لە جەژنە ئاینیەکانی شارەکاندا هەموو دانیشتوانی شارەکە ئامادە دەبوون، بەڵام ئەوانەی لە ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەدا بەشداردەبوون ((تەنیا زێوانەکان بوون و لە حاڵەتە گرنگ و پێویستەکاندا میری شارەکە بەشدار دەبوو، بە دەگمەن کەسانی دیکە جگە لە زێوان و میری شارەکە، تیایدا بەشداردەبوون. گشت خەڵکەکە بینەر و ئامادەی ئاهەنگەکە دەبوون، تەنانەت خەڵکی دەوروبەری شارەکەش، ئامادەی ئاهەنگەکە دەبوون، بەشداربوونی خەڵکێکی زۆر لە جەژن

و ئاهەنگەکاندا، بەڵگەی ئەوەیە کە ئاهەنگەکە بایەخدار و سەرنج راکێش بووە، بۆیە خەڵکەکە ئامادە دەبوون))(14).

لە چاخی کالکولیتیشدا، لە شارەکاندا چەند جۆرە جەژنێک ئەنجامدەدرا، هەموویان ئایینی نەبوون، بۆ نموونە بۆنەی دروستکردنی کۆشکێک یا سەرکەوتن لە شەڕدا، ئاهەنگی دونیایی بوون، بەڵام درووستکردنی پەرستگە بۆنەیەکی ئایینی بوو، جەژنەکان وەرزی نەبوون، بەڵکو تایبەت بوون بە بۆنەیەکی دیاریکراو، کەچی وەرزیش هەبوون، وەک جەژنی سەری ساڵ، کە بە سۆمەری بە زاموا(Zamua) یا (زاگمۆک) ناودەبرا، جەژنێکی ئاینی بوو، هەروەها جەژنی (ئەکیتۆ)ش، و جەژنی گەورە ئیزنماخ (Ezenamah)یش،(15). زۆربەی جەژنە وەرزیەکان، جەژنی سرووتی و ئایینی و هەمەکی بوون، بەڵام لە وردەکارییەکانیدا زۆربەی سرووتی ئایینی و کۆمەڵایەتی تیادابوو.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، جەژن ئەو منداڵدانەیە کە گشت ئاهەنگە درامیەکانی جیهانی کۆنی لێ پەیدابووە...لە هەمان کاتدا منداڵدانی سرووتە ئاینیە کۆمەڵایەتیەکانە، ئەمە جگە لەوەی جەژنەکان ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە لە بونیاد و داڕشتنی ئەفسانەکان و باوەڕی کۆنی ئایینی.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1-رایلی، کافین:الغرب و العالم، عالم المعرفة (90)، ص ص 61-62.
2-الدباغ، د.تقی والجادر،د. ولید: عصور ماقبل التاریخ، مطبعة جامعة بغداد، بغداد-1983، ص159.
3-Besserat، Denis schmandi: An Archoac recoding sysem and the origin of weiting، syro mesopotsmian studies(monographic jornals the near East)vol.julay،1977.
4-اسماعیل، بهیجة خلیل: الکتابة-فصل السابع من کتاب حضاره العراق ج1، بغداد 1985، ص223.
5-عکاشة،د. ثروت: الفن العراقی(سومر و بابل و اشور)، مؤسسة العربیة للنشر، ص147، پەرستگەکانی ئەریدۆ زۆر گرنگ بووە، چونکە پەیوەستە بە پەیدابوونی یەکەمین پەرستگە لە سەر زەوی،کە ژمارەیان حەوت پەرستگە بووە هی چاخی پێش مێژوو بوون، سەبارەت بەو پەرستگەیانە بروانە کتێبی ئەریدۆ کە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە.
6-بارو، اندری: سومر فنونها و حضارتها، ترجمه، عیسی سلیمان و سلیم طه التکریتی، بغداد، 1977، 102.
7-باقر، طه: مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة ج1، دار البیان بغداد، 1973، ص237.
8-المرجع السابق، ص246.
9-الناضوری، د. رشید: المدخل فی التطور التاریخی للفکر الدینی، دار النهضة العربیة للطباعة و النشر، بیروت 1976، ص 48.
10-الخشاب، احمد: علم الاجتماع الدینی، مکتبة القاهرة الحدیثة، قاهرة، ص16.
11-الطعان، عبدالرضا، الفکر السیاسی فی العراق القدیم، دار الرشید للنشر، بغداد، 1981، ص365.

12-الياد، مرسيا: تاريخ المعتقدات و الافكار الدينيهج1، ترجمة عبدالهادى عباس، دار دمشق للطباعة و النشر، دمشق 1986، ص 72.
13- المرجع السابق ص73.
14-النعيمى، راجحة خضر عباس: الاعياد فى حضاره بلاد وادى الرافيدين، رسالة ماجستير، كليه الاداب قسم الاثار، 1976، ص29
15-المرجع السابق ص43.

پێرست

سەرەتا

دەرووی یەکەم

(پێشەکیەکی مێژوویی)

زەمەن و چاخە جیۆلۆجی و بایۆلۆجی و بەستەڵەک و بەردینەکان

بەشی یەکەم

زەمەنی جیۆلۆجی و زەمەنی بایۆلۆجی

بەشی دووەم

چاخەکانی بەستەڵەک و چاخەکانی بەردین

دەرووی دووەم

ئایینی پالیۆلیتي (ئایینی ڕاوشکاران)

1-ئایۆلیت: گزنگی بەرد....گزنگی هۆشیاری

2-باوەڕی پالیۆلیتی نزم: ئاینی مرۆڤی بالاڕێک (ئاگر: دەرکەوتنی پیرۆز)

3-باوەڕی پالیۆلیتی ناوەڕاست: ئاینی نیاندەرتالەکان(ئاژەڵ:ڕاوکردنی پیرۆز)

4-باوەڕی پالیۆلیتی بەرز: ئاینی مرۆڤی ژیر(تابلۆ و بوکەڵە: پێکهێنانی پیرۆز)

دیاردەکانی ئایینی پالیۆلیتی و شیکردنەوەیان

دەرووی سێیەم

ئایینی میزۆلیتي(ئایینی شوانەکان)

1-کەلتووری میزۆلیتی ڕۆژئاوایی

2-کەلتووری میزۆلیتی ڕۆژهەڵاتی

دیاردەکانی ئایینی میزۆليتي

دەرووی چوارەم

ئایینی نیۆلیت(ئایینی جوتیاران)

کەلتوورەکانی نیولیت: پێگە و بەشەکانی

دیاردەکانی ئایینی نیۆلیت

1-دیاردەی کۆن/نوێ

2-کۆتەڵ و شێوەی خواوەندان

أ-مێخواوەندی دایک و گەشەسەندنی

ب-خواوەندی باوک(نێر)

ج-خواوەندی نێرەمووک

د- خواوەندی سێیینە

3-هێمای ئایینی

4-شوێنەکانی پەرستن

5-ئەسکاتۆلۆجیای نیۆلیت

6-باوەڕ و سرووت و میتۆلۆژیای نیۆلیتی

ئایینی بە پیتی: لە زەوییەوە بۆ باران و بۆ ئاو

خوداوەندی: لە دایکە گەورە بۆ نێرەمووک بۆ نێر

مانگ پەرستی

میتۆلۆژیا و هێماکانی نیۆلیتی

سیحری کشتوکاڵی

دەرووی پێنجەم

ئایینی کالکولیت (ئاینی شار)

کەلتورەکانی کەلکولیت: شوێن و بەشەکانی

دیاردەکانی ئایینی کەلکولیتی

1-گۆڕانی خواوەندان

أ-مێخواوەندی دایک، ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پەرستنیدا هاتووە

ب-خواوەندی باوەک و خواوەندی کوڕ و سێیینە

ج-خواوەندی نێرەمووک

2-هێماکانی ئایینی

أ- هێماکانی ڕافیدەین

ب- هێماکانی نیولیتی میسری

ج- هێماکانی پرۆتۆلیت

3-شوێنەکانی پەرستن

4-ئەسکاتۆلۆجیای کالکۆلیت

5-باوەڕ و سرووت و میتۆلۆژیای کالکولیتی

خواوەندان : لە سروشتەوە بۆ سەرووی سروشت

لە سێیینەکردنەوە بۆ فرەیی

خۆرپەرستی

میتۆلۆژیا و هێماکانی کالکولیتی

سرووت و جەژنە ئاینیەکانی شار

# اديان و معتقدات ماقبل التاريخ

خزعل الماجدى

دار الشروق- عمان- الأردن- 1997